٤ قۆناغە مەترسیدارەکە ئێستا دەستپێدەکات

٢ کێشە دەکەوێتە نێوان سەندیکای کیمیاگەرانو کۆمەڵەی کیمیاییو فیزیاییەوە



# رۆژنامە

www.rozhnama.com

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 542 پێنجشەممە 27 /8 /2009 — نرخ 500 دینار — No.542 Thu 27/ 8/ 2009


# سەرۆکی هەرێم بەڵێنیدا: بڕیاری نانبڕین لەسەر بیروڕای جیاواز هەڵبوەشێنێتەوە

**بەرهەم خالید**

سەرۆکی هەرێمی کوردستان ناڕازیبوونی خۆی سەبارەت نانبڕینی خەڵک لەسەر بیروڕای جیاواز دەربڕیو بەڵێنیدا کە «بەزووترین کات لە دۆسییەکانیان بکۆڵێتەوەو فەرمانێک دەربکات بە هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو بڕیارە زارەکیو ڕەسمییانەی کە لەو بارەیەوە دراون». ئەم بەڵێنەی سەرۆکی هەرێم لەمیانی کۆبوونەوەی لەگەڵ فراکسیۆنی گۆڕان بوو کە دوێنێ ئەنجامدرا.

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ فراکسیۆنی گۆڕان کوبووەوە بۆ وەرگرتنی بیروڕای ئەو لیستە لەسەر حکومەتی داهاتووی هەرێمو بەپێی وتەی کوێستان محەمەد، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لەپەرلەمانی کوردستان، بارزانی پێیراگەیاندوون: «حکومەتی داهاتوو هی من نییەو من بێ لایەن دەبم لەنێوان حکومەت و ئۆپۆزسیۆندا».

سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان بە رۆژنامەی وت: «فراکسیۆنی گۆڕان بڕیاریداوە کە ئۆپۆزسیۆن بێت لەناو پەرلەمانداو بەشداریی لەحکومەتدا ناکات، بەڵام پێیوایە دەبێت حکومەتی داهاتوو، حکومەتێک بێت لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون مامەڵە لەگەڵ هاوڵاتییانی کوردستان بکات و بەیەک پێوەر حوکم بکات».

کوێستان، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە سەرۆکایەتی فراکسیۆنی گۆڕان یاداشتێکی نووسراو و زارەکیان گەیاندووەتە سەرۆکی هەرێم سەبارەت بەمەترسی پرسی نانبڕاوەکان لەسەر ئەوەی دەنگیان بە لیستی کوردستانی نەداوەو ئاشکراشیکرد، کە «سەرۆکی هەرێم ناڕازیبوونی خۆی سەبارەت بەو ئیجرائاتانە دەربڕیوەو بەڵێنیدا کە بەزووترین کات لەدۆسیەکانیان بکۆڵێتەوەو فەرمانێک دەربکات بەهەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو بڕیارە زارەکییو ڕەسمییانەی کە لەو بارەیەوە دراون»، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان هەروەها وتیشی: لە «یاداشتەکەماندا بۆ سەرۆکی هەرێم، داوامانکردووە بە فەرمانێکی سەرۆکایەتی هەموو سزایەکی ئیداریی نابڕینو دەرکردنو دوورخستنەوەو پلە دابەزاندن بەهۆی گومانی دەنگ نەدان بە لسیتی کوردستانی، هەڵوەشێنێتەوەو پێمانوتووە کە چاوەڕێی هەڵوێستی سەرۆکین».

## مەڵبەندی یەکێتی، فۆڕمی ڕێکخستن بە فەرمانبەرانی حکومیی پڕدەکاتەوە

**فاخیر تەلانی**

مەڵبەندی (٢٧)ی یەکێتی لە دوکان، بە پێچەوانەی یاساوە فۆڕمی ڕێکخستن لەناو فەرمانگە حکومییەکانی ئەو شارەدا دابەشدەکەن، بەمەبەستی پڕکردنەوەی لەلایەن فەرمانبەرانەوە، ئەوەش پاش ئەوەدێت کە ئەو حیزبە لە هەڵبژاردنەکانی مانگی رابردوودا ژمارەیەکی زۆر لە دەنگەکانی خۆی لەو ناوچەیە لە دەستدا.

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە، مەڵبەندی ڕێکخستنی (٢٧)ی دوکانو کۆمیتەکانیان هەستاون بە پڕکردنەوەی فۆڕم لەسەرجەم فەرمانگەکانی حکومەتو دامودەزگاکانی پۆلیسو ئاسایش لە قەزای دوکان، بۆ ئەو مەبەستەش دوێنێ ئاگاداری سەرجەم فەرمانگەکانی حکومەتیان کردووە، کە ئەو فۆڕمە پڕبکەنەوەو فەرمانبەرانیش ئەو هەنگاوە بە «کارێکی نایاسایی» دەزانن، چونکە بەشێکی زۆریان پەیوەندییان بە یەکێتییەوە نییە، بەڵام «لە ترسی نانبڕین ناچارن ئەو فۆڕمە پڕبکەنەوە».

هەر دوێنێنێش لە شارۆچکەی پیرەمەگرون لە بنکەی پۆلیسی ئەو شارۆچکەیەو هۆبەی کشتوکاڵو فەرمانگەی کارەبا هەمان فۆڕم پڕکراوەتەوە.

## لەماوەی هەڵبژاردندا (١٨) پێشێلکاریی بەرامبەر رۆژنامەنووسان ئەنجامدراون

**رۆژنامە**

ئینستیتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ لە راپۆرتێکدا سەبارەت بەو پێشێلکارییانەی کە لەماوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێم بەرامبەر رۆژنامەنووسان کراون، ئاشکرایکرد، کە (١٨) پێشێلکاریی تۆمارکراون لەماوەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیو پەرلەمانی هەرێمی کوردستانداو بەپێی راپۆرتەکەش راگەیاندن ڕۆڵو پێگەیەکی «بێوێنەو یەکلاییکەرەوەی» بینیوە، بەشێوەیەک «بۆ یەکەمجارە میدیا لە کوردستاندا بەوشێوەو ناوەرۆکو تەکنیکە تازەیە بچێتە هەڵبژاردنەوە».

**وردەکاریی لە ل٢دایە**

## دەرکەوتنی ریفۆرم لە کوردستان، درزی بۆ پاوانخوازیی دەسەڵاتی دوولایەنە دروستکرد

**شاڵاو فەتاح**

رۆژنامەی فایناشیاڵ تایمز لە راپۆرتێکدا بەناونیشانی «موفاجەئەی کوردی» باس لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان دەکاتو تیایدا دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن بە دیاردەیەکی ئیجابیی بۆ هەرێمی کوردستان لە قەڵەمدەدات.

فایناشیاڵ تایمز دەنووسێت: هەڵبژاردن لە جیهانی عەرەبدا بۆ ئەوەیە کە دەسەڵاتی سەرکردەو رای گشتیی لەسەر حوکمی ئەو دووپات بکاتەوە، لەبەرئەوە «دەرکەوتنی ریفۆرمیستەکان لە کوردستان درزێکە ئەگەر شکانیش نەبێت بۆ پاوانخوازیی دەسەڵاتی دوولایەنە کە لەلایەن خێڵەکییە نوێیەکانەوە بەڕێوەدەبرێت».

هەروەها نووسیویەتی: گۆڕان کە لەلایەن چەند کوردێکی بێزارەوە دروستبووە، زەبرێکی یەکلاییکەرەوە بوو بۆ سیاسەتی ناوخۆییو تەنانەت هەرێمیش، «هەرچەندە گۆڕان کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە بۆ دەرەوەی هەرێم، بەڵام دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن لە ئێرانو لوبنانو دواتریش لە کوردستان نموونەیەکی دیکەیە بۆ ئۆپۆزسیۆن دژی هەرێمێکی ستەمدیدە».

رۆژنامەکە دەنووسێت: گۆڕان پێدەچێت بومەلەرزەیەک بێت بۆ یەکێتیی عێراق، ئەو یەکێتییەی لە پارچەکانی پاشماوەی شەڕو دیکتاتۆرییەتو داگیرکاریی دروستکراوە، مالیکی پێشتر لەگەڵ یەک هاوپەیمانی کوردی مامەڵەی دەکرد، ئێستا ئەرکەکە بۆ ئەو ئاسانتر دەبێت.

## هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم لەبیردەکرێت

**ستارە عارف**

ئەگەرچی بڕیاربوو لە مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵدا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبچێت، بەڵام تائێستا وادەی هەڵبژاردنەکە دیارینەکراوەو وتەبێژی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیش دیارینەکردنی وادەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بۆ بڕوانەبوونی دەسەڵاتی کوردی بە ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتو دیموکراسی لە هەرێمدا، دەگەڕێنێتەوە.

کاوە عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لەوبارەیەوە بە رۆژنامەی ڕاگەیاند: تائێستا وادەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان دیارینەکراوە، چەندینجاریش داوایان لەلایەنی بەرپرس کردووە وادەیەکیان بۆ دیارییبکەنو چەندینجار بەدوای ئەو مەسەلەیەدا چوون، بەڵام تائێستا نە سەرۆکی هەرێمو نە سەرۆکی حکومەتو پەرلەمانیش وەڵامیان نەداونەتەوە، هەربۆیە بە نیازن لە ڕێگەی نامەیەکەوە پەرلەمانی نوێ ئاگاداربکەنەوە، وتیشی: «دەسەڵاتی کوردی بڕوای بە ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتو دیموکراسی لەم هەرێمەدا نییە، لەکاتێکدا بەپێی دەستووری عێراقیی کە دەنگمان پێداوە، دەبێت چوارساڵ جارێک هەڵبژاردن بکرێت، بەڵام بەداخەوە لەکاتی خۆیدا نەکراوە».

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی رۆژی (٢٠٠٩/٨/١٨) لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا داوای لە سەرۆکی هەرێمی کوردستانو پەرلەمانی تازە هەڵبژێردراوی کوردستان کرد، وادەیەک بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم دیاری بکات، لەکاتێکدا وادەی درێژکراوە بۆ کاری ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ئێستادا کە لەلایەن پەرلەمانی پێشووەوە دیاریکراوە، بەرەو کۆتایی دەڕوات، کە رۆژی (٢٠٠٩/١٢/٣١)یە، جارێکی دیکە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی داوادەکات وادەی هەڵبژاردنەکانی پارێزگا دیارییبکرێت.



## لە چاوەڕوانیی کابینەی نوێدا

«ئیدارە کە وابەستەی حیزبە کاریگەریی خراپی لەسەر سیاسەت دەبێت، چونکە تووشی گەندەڵیو لاوازیی دەکات، لەبری ئەوەی حیزبەکان ململانێ بکەن لەسەر پێشکەوتنو داهێنان، کێبڕکێ دەکەن لەسەرئەوەی زۆرترین خەڵک بەحەقو ناحەق ڕاکێشن بۆ لای خۆیانو ئیمتیازاتو دەستکەوتیان بدەنێ، ئەم حاڵەتەش ئیدارە دووچاری سستیو لاوازیو کەمتوانایی دەکات»

«عەقڵییەتی ئەو دوو حیزبە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی وەکو دامودەزگایەکی گشتگیری وڵات مامەڵە لەگەڵ حکومەتدا بکەن، عەقڵییەتی حیزب ئەوەیە چۆن بتوانێت زۆرترین جومگەکانی ناو حکومەت بەدەستبهێنێتو کۆنترۆڵی بکات»

«گرنگ ئەوەیە ئەم دوو دەسەڵاتە سروشتی کارکردنی خۆیان بزانن و هەریەکەیان لە چوارچێوەی یاساو لە ماڵی خۆی خەریکی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بێت، بەشێوەیەکی دیکە یاسا جێبەجێبکرێتو بەرژەوەندیی حیزب کاریگەریی نەبێت لەسەر بڕیارەکانی حکومەت»

«پێویستە لە حکومەتی داهاتوودا بەرپرسیارێتی بدرێتە دەست خەڵکانی پسپۆڕو شارەزا، واتە ئەو خەڵکانە دابنرێن کە ئیداریی و پیشەیینو وەفایان بۆ پیشەکەیان هەیە نەک حیزبەکانیان»

# پەیوەندیی ئیدارەو سیاسەت


دلێر عەبدولخالق
پشتیوان سەعدوڵڵا


ئەزموونی حوکمڕانی ئیداریی لە کوردستاندا دەریخستووە، بەهۆی باڵادەستی بڕیارەکانی حیزب بەسەر بەرنامەکانی حکومەتدا، ئامانجەکانی دەسەڵاتی سیاسییو ئیداریی تەواو پێچەوانەبوونەتەوە، بەشێوەک نەک دەزگاکانی بەڕێوەبردن نەیانتوانیوە ئامانجە گشتییەکانی دەسەڵات بێننەدی، بەڵکو ڕاستەوخۆ دووچاری شکستیشیان کردوون.

سروشتی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستانیشدا، وەک کۆی ئەو وڵاتانەی لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەردابوونو دوای ئازادکردنو کاتێک سەربەخۆی خۆیان لەو ناوچانە ڕادەگەیەنن بۆشایی ئیداریی دروستدەبێت، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەش حیزبە شۆڕشگێڕەکان بە «شەرعیەتی شۆڕشگێڕی» بەمافی خۆیاندەزانن کۆنترۆڵی سەرجەم داموو دەزگاکانی ئیداریی بکەنو تەنانەت بەرپرسو کارمەندەکانیش لەسەر هاوسۆزیان بۆ ئەو حیزبانە دادەمەزرێن، بە بڕوای بەرپرسانی بەڕێوەبردنیش ئەزموونی لەم شێوەی حوکمڕانیەش لە دنیادا دەریخستووە هەم سیاسەتو حیزبە سیاسییەکان تووشی لاوازیو گەندەڵی دەکات، هەمیش ئیدارە تووشی سستو لاوازیو کەمتوانایی دەبێت کە کۆی حاڵەتەکە بەخراپی لەسەر پێشکەوتنەکانی ئەو وڵاتو هەرێمە دەشکێتەوە.

## ئیدارە، موڵکی خەڵک

ڕەفیق ساڵح، شارەزا لە بواری ئیدارەو بەڕێوەبردن، سروشتی ژیانی ئیدارییو سیاسی وڵاتە پێشکەتووەکان ڕووندەکاتەوەو ئاماژە بۆ ئەوەدەکات ئەو دەسەڵاتە سیاسییانەی لەو وڵاتانە هەن، بەو پێیەی سێ دەسەڵاتەکە سەربەخۆو جیاکراونەتەوە پێیاندەوترێت (دەسەڵاتی سیاسیی یاسایی)، واتە شەرعیەتی خۆی لە دەستوورەوە وەرگرتووە کە بەپێی ڕاپرسیی گەل هەڵبژێردراوە، دەزگاکانی بەڕێوەبردنیش سەربەخۆ کاردەکەنو دەسەڵاتی سیاسیش بەهیچ شێوەیەک دەست ناخاتە ناو کاروباری ئیدارییەوە، ئەو دەزگایانەش بەشێوەیەکی گشتیی خزمەت بە هەموو هاوڵاتییان دەکەن بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ جیاوازییەک، هەر لەبەرئەوە خەڵک لەو وڵاتانە ئیدارە بەموڵکی خۆی دەزانێت، لەئەنجامیشدا دەبێتە باشترین ئامرازیش بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەو نەخشەو سیاسەتەکانی دەسەڵاتی سیاسی حاکم.

ئەو پسپۆڕەی ئیدارەو بەڕێوەبردن ئەزموونی ئیداریی هەرێمی کوردستان بە شکستخواردوو وەسفدەکاتو دەڵێت: «لە هەرێمی کوردستانو وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا، ئیدارە نەیتوانیوە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێبکاتو تووشی شکستبووە، چونکە ئەو بەرنامەیەی دەسەڵاتی سیاسیی هەیبووە، ئامرازی جێبەجێکردنەکەی کە ئیدارەیە لاواز بووەو ئەم لاوازبوونەش لە ئەنجامدا جگە لە دەزگاکانی ئیداریی، دەسەڵاتی سیاسیشی تووشی شکستکردووە».

## حیزبو حکومەت تێکئاڵاون

لەم چەند ساڵانەی دواییدا یەکێک لەو ڕەخنە جدییانەی کە ئاراستەی کۆی هەیکەلی سیاسیو ئیداریی هەرێم کراوە، تێکەڵی دەسەڵاتەکان بەشێوەیەکی گشتییو دەسەڵاتی حیزبو حکومەت بەشێوەیەکی تایبەتتربووە، بەرپرسانی باڵای حیزبی دەسەڵاتداریش بەتایبەت هی (یەکێتی نیشمانیی) چەندین پڕۆژەیان بۆ جیاکردنەوەی ئەو دوو دەسەڵاتە خستووەتەڕوو، لە سەرو هەمووشیانەوە پڕۆژەکەی جەلال تاڵەبانی، سکرتێری یەکێتی بوو، کە لە کۆتایی ساڵی ڕابردوودا خرایەڕوو، بەڵام ئەنجامی کۆی ئەو پڕۆژانە بێئەنجام مانەوە، هاوکاتیش لە کارنامەی لیستی گۆڕاندا کە لە هەڵبژاردنەکاندا بووە دووەم لیستی براوەو وەک ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا دەمێننەوە، مەودایەکی فراوانیان بە جیاکردنەوەی حیزبو حکومەتداوە، هەروەک ئاگایانی کایەی سیاسییو ئیداریی هەرێمیش ئەو تێکەڵاویی دەسەڵاتانە بە گرفتێکی گەورەی بەردەم بەرەوپێشچوونی بوارە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان دەزانن.

د.شوان محەمەد، وەزیری مافی مرۆڤ، تێکەڵاویی دەسەڵاتەکانی گەڕاندەوە بۆئەو هەلومەرجەی کوردستان پێدا تێپەڕیوە ئاماژە بەوە دەکات، قۆناغی دیموکراسیی بە سروشتی خۆی نەگەیشتووە، بەڵکو لە دۆخێکی دیکتاتۆرییەوە پەڕیوەتەوە بۆ ئەو «دیموکراسییەتەی» ئێستا هەیە، لەوەها هەلومەرجێکیشدا ناتوانرێت بە ئاسانیی هەموو بوارەکان بکەونە سەر ڕێڕەوی ئاسایی خۆیو دەسەڵاتەکان جیابکرێنەوە».

وتیشی: «لە بنەڕەتدا باسکردن لە جیاکردنەوەی حیزبو حکومەت هەڵەیە، چونکە ئەوە حیزبە دوای سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکاندا حکومەتو وەزارەتەکان پێکدەهێنێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم دوو دەسەڵاتە سروشتی کارکردنی خۆیان بزانن و هەریەکەیان لە چوارچێوەی یاساو لە ماڵی خۆی خەریکی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بێت، بەشێوەیەکی دیکە یاسا جێبەجێبکرێتو بەرژەوەندیی حیزب کاریگەریی نەبێت لەسەر بڕیارەکانی حکومەت».

## بێئومێدیی لە جیاکردنەوەی حیزبو حکومەت

لە چاوەڕوانیی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە بڕیارە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژدا، لەلایەن لیستی کوردستانی براوەی هەڵبژاردنەکانی (٢٥)ی تەمموز، بە سەرۆکایەتی (بەرهەم ئەحمەد ساڵح) پێکبهێنرێت، لە ئێستاوە بووەتە جێی مشتومڕی چاودێران بەوەی ئایا ئەو کابینەیە هەمان ئەزموونی کابینەکانی پێشووی لە نزیکیی دەسەڵاتی حیزبو حکومەت پەیڕەودەکات، یان دوای ئەو هەموو ڕەخنەیە بڕیاریانداوە پەیوەندیی ئیدارەو سیاسەت ڕێکبخەنەوەو ئیدارە وەک دەسەڵاتێکی سەربەخۆ سەیردەکەن، بۆ ئەمەش بەشێک لە چاودێران نائومێدن لەوەی حکومەتەکەی بەرهەم ئەحمەد ساڵحیش بتوانێت وەک ئیدارەیەکی سەربەخۆ دوور لە بڕیارەکانی حیزب ئەرکەکانی ڕابپەڕێنێت.

ئاسۆس هەردی، نووسەرو ڕۆژنامەنووس پێیوایە، «حکومەتی نوێ لە توانایدا نییە وەکو حکومەت ڕەفتاربکاتو ڕێگەبگرێت لە تەداخولاتی حیزب لە کاروبارەکانیدا»، چونکە وەک خۆی وتی: «ئەوەی تائێستا لە وڵاتی ئێمەدا باڵادەستە حیزبە، حیزب حکومەت تەعین دەکات، ڕۆژانە دەستدەخاتە کاروبارەکانیەوە، ئەو دوو حیزبە گەورە لە کوردستاندا هەن، هەریەکەو هەوڵدەدات لەناو حکومەتدا زۆرترین پشکی بەربکەوێت»، ئاسۆس هەردی زەحمەتبوونی چارەسەرکردنی تێکەڵاویی حکومەتو حیزب لەوەدا دەستنیشان دەکات کە «عەقڵییەتی ئەو دوو حیزبە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی وەکو دامودەزگایەکی گشتگیری وڵات مامەڵە لەگەڵ حکومەتدا بکەن»، بەو پێیەی وەک ئەو وتی: «عەقڵییەتی حیزب ئەوەیە چۆن بتوانێت زۆرترین جومگەکانی ناو حکومەت بەدەستبهێنێتو کۆنترۆڵی بکات، لەبەرئەوە زەحمەتە لەم کابینەیەشدا سیاسەتێکی دروستی بەڕێوەبردن بێتەکایەوە».

بە بڕوای ڕەفیق ساڵح ئەزموونی حیزبیی لە کوردستاندا «ئیدارەی لاواز بەرهەمدێنێت»و دەڵێت: ئیدارە کە وابەستەی حیزبە، کاریگەریی خراپی لەسەر سیاسەت دەبێت، چونکە تووشی گەندەڵیو لاوازیی دەکات، لەبری ئەوەی حیزبەکان ململانێ بکەن لەسەر پێشکەوتنو داهێنان، کێبڕکێ دەکەن لەسەرئەوەی چۆن زۆرترین خەڵک بەحەقو ناحەق ڕاکێشن بۆ لای خۆیانو ئیمتیازاتو دەستکەوتیان بدەنێ، ئەم حاڵەتەش کە دۆزینەوەی پۆستە بۆ مەبەستی سیاسیی، ئیدارەیش دووچاری سستیو لاوازییو کەمتوانایی دەکات، بەوهۆیەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئیدارە پیشەیەو ئەو کەسانەی پۆستی ئیداریی وەردەگرن دەبێت شارەزای پڕۆسەی بەڕێوەبردن بن.

## حیزبو حکومەت جیادەکرێنەوە!

بە بۆچوونی د.نوری عوسمان، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمدا «هەنگاوی زۆر» نراوە بۆ باشترکردنی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی حکومەتو جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت «پێشموایە لەم کابینەیەشدا هەنگاوی زیاتر بۆ ئەو مەبەستە دەنرێت»، ئەم لێدوانەی ئەو بەرپرسە ئیدارییەی هەرێمی کوردستان لەکاتێکدایە کە پەرلەمانتارانی لیستی کوردستانیش جەخت لەسەر هەمان حاڵەت دەکەنەوە، بەڵام ئاسۆس هەردی نووسەرو ڕۆژنامەنووس دەڵێت: هەرچەند بەرپرسانی ئەو دوو حیزبە باسی ئەوەدەکەن کە هەنگاویاننـاوە بۆ جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت، بەڵام «ئەوەی لە ساڵانی ڕابردوودا بینیومانە، تەنیا قسەبووەو لەو هەنگاوەیاندا شکستیانهێناوەو لەم کابینەیەشدا شکستدەهێنن، چونکە ئەو سیستەمەی لەم هەرێمەدا هەیە، حیزب تێیدا هەموو شتێکە».

## حکومەتی نوێ، دەبێت چی بکات؟

پسپۆڕانی ئیدارەو بەڕێوەبردن پێیانوایە، ئیدارەی سەربەخۆو کارا دەتوانێت ببێتە باشترین ئامراز بۆ یەکپارچەیی وڵاتو هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی هاوڵاتییانو پەیوەستبوون بە چەسپاوییە نیشتمانیو نەتەوەییەکان، پێچەوانەکەشی کاردانەوەیەکی خراپی خەڵکە بەرامبەر دەسەڵاتو کۆی شتەکانی دیکەی وڵاتو هەرێم، بۆیە ئاماژە بەوەدەدەن ئیدارەی داهاتووی هەرێم ئەرکی گەورەی لەسەر شانەو پێویستە چاکسازیی گرنگ لە ڕووی ئیدارەو بەڕێوەبردن بکاتو کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دابنرێت، نەک پێوەری پۆستەکان کەسە نزیکەکانی حیزب بێت.

کازم ئاواری، پسپۆڕ لە کارگێڕییو بەڕێوەبردن لە زانکۆی سلێمانی دەڵێت: جیاکردنەوەی ئیدارەو حیزب ئەرکی لە پێشینەی حکومەتی داهاتووەو «پێویستە لە حکومەتی داهاتوودا بەرپرسیارێتیی بدرێتە دەست خەڵکانی پسپۆڕو شارەزا، واتە ئەو خەڵکانە دابنرێن کە ئیداریی و پیشەیینو وەفایان بۆ پیشەکەیان هەیە نەک حیزبەکانیان».

ڕەفیق ساڵح، پسپۆڕی کارگێڕییو بەڕێوەبردن، لەبارەی کابینەی ئایندەی هەرێمەوە دەڵێت: «لە ئەرکە گرنگەکانی حکومەتی نوێ ڕێکخستنەوەی پەیوەندیی ئیدارەو سیاسەت، دەرهێنانی دەستی حیزبە لە جومگە سەرەکییەکانی ئیدارەو چالاککردنو سەربەخۆکردنی هەرسێ دەسەڵاتە گرنگەکەی هەرێمە، بەردەوامبوون لەسەر شێوەی ئیشکردنی ئیدارەکانی پێشوو ئەو قەیرانەی ئێستا هەیە قووڵتردەکاتەوەو جگە لەوەی خەڵک هەست بە نامۆبوون دەکات بەرامبەر دەسەڵاتەکەی، دەسەڵاتیش جەماوەریبوونی خۆی بەرەو کەمبوونەوە دەچێت».

بە بڕوای ئاسۆس هەردی، هەموو حیزبێک کە هەڵبژاردن دەباتەوە مافی خۆیەتی کە کۆمەڵێک پۆستی گرنگی حکومیی بگرێتەدەست، بەو ئامانجەی ئەو پڕۆژانەی هەیەتی بۆ بەڕێوەبردنی وڵات جێبەجێیانبکات، بەڵام گرنگ پێوەری بەڕێوەبردنەو دەبێت ئەوانەی کە لێپرسراوێتییان دەدرێتە دەست، خەڵکانی تەکنۆکراتو پسپۆڕو شارەزابن، بۆئەوەی بەرنامەکە جێبەجێبکەن، بەڵام وەک ئەو وتی: «تائێستا لە کوردستاندا لە بەرزترین پۆستی حکومییەوە تا بچووکترین پۆست بەو کەسانە پڕدەکرێنەوە، کە وەلائیان بۆ حیزب هەبێت، نەک بۆ پیشەکەیان».

## ئەگەر تا (٩/٢٠) یەکنەگرنەوە، نەقیبو ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا دەست لەکاردەکێشنەوە

# کێشە دەکەوێتە نێوان سەندیکای کیمیاگەرانو کۆمەڵەی کیمیاییو فیزیاییەوە

شارا عەبدولڕەحمان

سەندیکای کیمیاگەرانی هەولێر، کۆمەڵەی کیمیاییو فیزیایی سلێمانی بەوە تۆمەتباردەکات کە «بەهۆی میزاجو بەرژەوەندیی شەخسییەوە ئامادەیی پیشان نادات بۆ یەکگرتنەوەیان» ماوەی مانگێکیش دەدەنە ئەو کۆمەڵەیەو وەزارەتی ناوخۆ بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە رێی لە یەکگرتنەوەیان گرتووە، ئەگەرنا نەقیبو ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکاکە دەست لەکاردەکێشنەوە، سەرۆکی کۆمەڵەی کیمیاگەرانیش دەڵێت: «کەیفی خۆیانە با دەست لەکاربکێشنەوە».

بەپێی نووسراوی ژمارە (٢/٢٣)ی سەندیکای کیمیاگەرانی کوردستان/ لقی هەولێر کە لە (٨/٢٠)دا بڵاوکراوەتەوە، نەقیبو سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکاکە نیگەرانیی خۆیان لە بەدەنگەوەنەهاتنی کۆمەڵەی کیمیاییو فیزیایی سلێمانی دەردەبڕن بەرامبەر بە هەوڵەکانی ئەوان بۆ یەکگرتنەوەی (سەندیکاو کۆمەڵەکە)، هەر لە نووسراوەکەشیاندا هاتووە، کە تا بەرواری (٩/٢٠) دەدەنە کۆمەڵەی کیمیاییو فیزیایی سلێمانیو وەزارەتی ناوخۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان کە رێی لە یەکگرتنەوەکەیان گرتووە، ئەگەرنا دەست لەکاردەکێشنەوە.

د.هۆشیار عەلی، نەقیبی سەندیکای کیمیاگەرانی هەولێر، بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە ساڵی (٢٠٠٤)ەوە لە هەوڵی ئەوەداین لەگەڵ کۆمەڵەی کیمیاییو فیزیاییەکانی سلێمانی یەکبگرینەوە، کە لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەدا ئێمە یەکێکبووین لەو سەندیکایانەی کە «زۆر بە پەرۆشەوە» دەمانەویست یەکبگرینەوە، چونکە «پێمانوابوو ئەگەر کیمیاگەران لە سەرتاسەری کوردستاندا خاوەنی یەک رێکخراوی پیشەیی سەربەخۆبن، دەتوانن زیاتر دەستکەوتیان هەبێتو مافەکانیان پارێزراوبێت، بەڵام بەداخەوە کۆمەڵەی کیمیاییو فیزیایی پێنج ساڵە ئێمە دەهێنن و دەبەنو جدیی نین لە مەسەلەی یەکگرتنەوەدا».

دوایەمین کۆبوونەوەی ئەو سەندیکاو کۆمەڵەیە لە (٢٠٠٩/٣/٥)دا بووەو تێیدا رێکەوتنێکیان تێداکردووە بۆئەوەی کە لە (٨/٥)ی ئەمساڵدا کۆنگرەی یەکگرتنەوە ببەستنو پەیڕەو پرۆگرامی سەندیکا یان کۆمەڵە نوێیەکە لەلایەن سەرجەم ئەندامانەوە دابڕێژرێت، بەڵام بە وتەی د.هۆشیار «کۆمەڵەی کیمیاییو فیزیایی سلێمانی پەشیمان بوونەتەوەو ئامادەنەبوون کۆنگرەکە ئەنجامبدەن»، وتیشی: هەر بە مەبەستی تاووتوێکردنی یەکگرتنەوەکەمان لە چەند رۆژی رابردوودا ویستمان سەردانی سلێمانی بکەین، بەڵام «کۆمەڵە بە بیانووی ئەوەی ژمارەیەک لە ئەندامەکانیان لە دەرەوەی وڵاتن، ئامادەنەبوون دانیشتنمان لەگەڵ بکەن».

لە مانگی تەممووزی ئەمساڵدا سەندیکای کیمیاگەرانی هەولێر نووسراویان ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ کردووە، بەو مەبەستەی ئەو وەزارەتە خۆی سەرپەرشتی یەکگرتنەوەی سەرجەم ئەو رێکخراوانە بکات، کە تائێستا یەکیاننەگرتووەتەوە، بە سەندیکاکەی ئەوانیشەوە، بۆ ئەو مەبەستەش پێشنیازیان کردووە کە «لیژنەیەکی بێلایەن» بۆ ئەو مەبەستە پێکبهێننو کاتو شوێن دیاریبکەنو لەکاتی یەکگنەگرتنەوەشدا بەدیل پێشکەشبکەن، ئەو لایەنەش کە مەبەستی یەکگرتنەوە نییە، ئەوا لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت، ئەگەر پێویستیشی کرد مۆڵەتی لێبسەندرێتەوە، بەڵام هەرچەندە ئەنجومەنی وەزیرانیش رەزامەندیی لەسەر پێشنیازەکەی سەندیکای کیمیاگەران دەربڕیوە، تائێستا وەزارەتی ناوخۆ بەو کارە هەڵنەستاوە.

> «پێویستە رێکخراوەکان پیشەیی بنو بیر لە بەرژەوەندیی ئەندامەکانیان بکەنەوەو دووربن لە کاری حیزبی»

بەوهۆیەشەوە بە وتەی نەقیبی سەندیکای کیمیاگەران، ماوەی مانگێکیان داوەتە کۆمەڵەی کیمیاییو فیزیاییو وەزارەتی ناوخۆ تا بەکاری یەکگرتنەوەکە هەستێت، ئەگەرنا نەقیبو سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا دەست لەکاردەکێشنەوە.

بە مەبەستی یەکخستنەوەیان، سەندیکای کیمیاگەران نووسراوی ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانو وەزارەتی ناوخۆو مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتیو سەرجەم ئەو حیزبانەی کە ئەندامیان لە کۆمەڵەی کیمیاییو فیزیاییدا هەیە، کردووەو بۆ ئەو مەبەستە کۆبووەنەوەیان ئەنجامداوە.

د.هۆشیار عەلی بەپێویستی دەزانێت پێویستە رێکخراوەکان پیشەیی بنو بیر لە بەرژەوەندیی ئەندامەکانیان بکەنەوەو دووربن لە کاری حیزبی، دەڵێت: «هۆکاری ئامادەنەبوونی کۆمەڵەی کیمیاییو فیزیایی سلێمانی بۆ یەکنەگرتنەوە لەگەڵماندا، دەگەڕێنمەوە بۆ بەرژەوەندییو میزاجی شەخسیی کە پێش مەسائیلە پیشەییەکانیان خستووە».

لەبەرامبەردا ئومێد ئیسماعیل حەیدەر، سەرۆکی کۆمەڵەی کیمیاییو فیزیایی کوردستان/ سلێمانی، ئەوەی رەتکردەوە کە یەکگرتنەوەیان لەلایەن ئەوانەوە دواخرابێت وتی: «بەهۆی ئەو جیاوازییە زۆرەی کە لەنێوانماندایە، تائێستا نەمانتوانیوە یەکبگرینەوە، جیاوازییەکانیش لەوەوە دەستپێدەکات، کە ئێمە کۆمەڵەینو ئەوان سەندیکان، ئەمە جگە لەوەی بەرنامەو پێکهاتەو بوون بە ئەندامان جیاوازیی هەیە».

ئەوەشی رەتکردەوە، کە نووسراوی سەندیکای کیمیاگەرانیان بەدەست گەیشتبێت سەبارەت بە پێدانی مانگێک بە کۆمەڵەکەیان، ئەگەرنا دەست لەکاردەکێشنەوە، وتیشی: «کەیفی خۆیانە با دەست لەکاربکێشنەوە ئەوە کێشەی ئێمە نییەو سیاسەتی خۆیانە، با ئەو خاڵانەی کە هەمانە جێبەجێیبکەن، ئامادەین یەکبگرینەوە».

سەبارەت بە ئامادەنەبوونیان بۆ ئەنجامدانی کۆنگرە، ئومێد ئیسماعیل وتی: «کۆنگرە هەروا ئاسان نییە، دەبێت بەرنامەی بۆ دابنرێتو ئامادەکاریی بۆ بکرێت، ئەو کاتەی بڕیاری کۆنگرەی تێدادرا لەگەڵ کاتی کۆنگرەکە وادەیەکی کەمیان لەنێواندابوو نەدەکرا ئامادەکاریی بۆ بکرایە».

## ئینستیتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ:

# لەماوەی هەڵبژاردندا (١٨) پێشێلکاریی بەرامبەر رۆژنامەنووسان ئەنجامدراون

سامان بەشارەتی
ئاوارە حەمید

ئینستیتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ لە راپۆرتێکدا سەبارەت بەو پێشێلکارییانەی کە لە ماوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێم بەرامبەر رۆژنامەنووسان ئەنجامدراوە ئاشکرایکرد، کە لەماوەی هەڵبژاردندا (١٨) پێشێلکاریی بەرامبەر رۆژنامەنووسان ئەنجامدراوەو بەپێی راپۆرتەکەش راگەیاندن رۆڵو پێگەیەکی بێوێنەو یەکلاییکەرەوەی بینیوە، بەشێوەیەک بۆ یەکەمجارە میدیا لە کوردستاندا بەو شێوەو ناوەرۆکو تەکنیکە تازەیە بچێتە هەڵبژاردنەوە.

لە راپۆرتەکەی ئەو ئینستیتیوتەدا کە وێنەیەکی دەست رۆژنامە کەوتووە، هاتووە: «پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیو پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، لە (٢٠٠٩/٧/٢٥) ئەگەر لەڕووی سیاسییەوە خاڵێکی وەرچەرخان بێت بۆ دروستبوونی دەسەڵاتێکی دیموکراسیو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی، ئەوا ئەو پرۆسەیە بۆ رۆژنامەنووسان پرۆسەیەکی پڕ لە ماندووبوونو لەهەمانکاتدا پڕ تەنگو چەڵەمەبوو، بەجۆرێک تەنیا لە ماوەی یەک مانگدا (١٨) پێشێلکاریی جیاجیا لە هەرسێ پارێزگاکەی (سلێمانی، هەولێر، دهۆک) بەرامبەر رۆژنامەنووسان ئەنجامدراون، لە هەرسێ قۆناغی بەر لە دەنگدانو رۆژی دەنگدانو قۆناغی دوای دەنگدان، واتە یەکلاییکردنەوەی دەرئەنجامەکان».

راپۆرتەکەی گەیشتووەتە ئەو دەرئەنجامەی: «یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن، نەپاراستنی مافەکانی رۆژنامەنووسانە لە هەندێک شوێنو کاتی جیاجیادا».

ئینستیتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ، داواشدەکەن کە دەسەڵاتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا زانیارییو پێشێلکارییەکانی ناو ئەم راپۆرتە بەهەند وەربگرێتو بە پێویستیشی دەزانن کە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانو سەرۆکایەتی پەرلەمانو سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەدواداچوون بۆ ئەم پێشێلکارییانە بکەن، چونکە پاراستنی مافو ئازادیی رۆژنامەنووسان لە ئەستۆی ئەواندایە.

راپۆرتەکەی ئینستیتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ ئەوەش ئاشکرادەکات، لە ماوەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستاندا، راگەیاندن رۆڵو پێگەیەکی بێوێنەو یەکلاییکەرەوەی بینی، بەشێوەیەک بۆ یەکەمجارە میدیا لە کوردستاندا بەو شێوەو ناوەرۆکو تەکنیکە تازەیە بچێتە هەڵبژاردنەوە لە کوردستاندا، ناکرێت ئەوەش لەیادبکرێت زۆرینەی هەرەزۆری راگەیاندنەکان لایەنگیربوون بۆ یەکێک لە کاندیدەکانی سەرۆکایەتی یان لیستێک لە لیستە رکابەرەکان بۆ پەرلەمانو نەیانتوانی بێلایەنیی پیشەیی خۆیان بپارێزن، زۆرینەی دەزگاکان پێشێلکارییان لە بنەما پیشەییەکانی رۆژنامەنووسی کردووە لە ماوەی هەڵبژاردندا».

راپۆرتەکە چەند تێبینییەکی باسکردووە، کە لە هەڵبژاردنەکانی رابردوودا بەدینەکراون، وەک ئەوەی زیاتر لە (١٥٠) کەناڵی راگەیاندن لە کوردستاندا کاریان لەسەر هەڵبژاردن کردووەو بەهەرچوار جۆری (بینراو، بیستراو، نووسراوو ئەلیکترۆنی)ەوەو لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا ژمارەیەکی بەرفراوان رۆژنامەنووسی بیانی بۆ چاودێریکردنو رووماڵکردنی پرۆسەکە هاتبوونە کوردستان».

بەپێی راپۆرتەکە، ئەوەش نەبووەتە رێگر لەپێشێلکاریی، بەڵکو لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیو پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا، لە شوێنە جیاجیاکانی هەرێم چەندەها پێشێلکاریی دژ بە رۆژنامەنووسان ئەنجامدراون هەر لە سووتاندنی بڵاوکراوەو گرتنو لێسەندنو ئیهانەکردنو هەڵکوتانەسەرو بێبەشکردن لە زانیارییو تادەگاتە هەڕەشەکردنو داخستن کە خۆی لە (١٨) حاڵەتدا دەبینێتەوە.

لە کۆتایی راپۆرتەکەدا هاتووە: «ئێمە وەک (پرۆگرامی میدیای ئازاد) سەر بە (ئینستیتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ)، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە پێشێلکارییانە، ئیدانەی ئەنجامدەرانو ئەو کەسو لایەنانە دەکەین کە پێشێلکارییان بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان کردووە، هەروەها رێگربوون لەبەردەم پراکتیزەکردنی مافەکانی رۆژنامەنووسانی کوردستان.

# کردنەوەی گەلەرییەک لە هەڵەبجە، ساڵێک دوادەکەوێت

ئارام نەجیم

بڕیاربوو لە مانگی ئابی ٢٠٠٨دا بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیریی هەڵەبجە گەلەرییەک لە شاری هەڵەبجە بکاتەوە، بەڵام بەهۆی بەکرێنەگرتنی ئەو خانووەی بۆی دیاریکراوە ماوەی یەک ساڵە کردنەوەی گەلەرییەکە دواکەوتووە.

سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیریی هەڵەبجە بە رۆژنامەی راگەیاند: «بڕیاربوو لە مانگی ئابی ساڵی (٢٠٠٨)دا گەلەرییەک لە شاری هەڵەبجە بکرێتەوە، بەڵام ئەو خانووەی کە بەنیازبوون بیگرن، چۆڵنەبوو، بەوهۆیەشەوە گەلەرییەکە نەکراوەتەوەو ئێستا خانووەکە چۆڵبووەو کردنەوەی گەلەرییەکە دەستی پێ کردووەتەوە».

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە بڕیاربووە خانووەکە بە کرێی مانگانەی (٥٠٠) هەزار دینار بگیرێت، بەڵام بەپێی نوسراوی ژمارە (٥٦٧) لە (٢٠٠٩/٨/١٠) کە گەڕێندراوەتەوە بۆ بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیریی نرخی خانووەکە بۆ (٦١٨) هەزار دینار بەرزکراوەتەوە.

سەرچاوەکە وتی: «دەپرسم بۆچی ساڵێک ئەو گەلەرییە دواکەوت، بۆ بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیریی هەڵەبجە (٣) بینای گرتووە تائێستا، نرخەکەی دابەزێنراوە، بەڵام ئەم بینایە نرخەکەی بەرزکراوەتەوەو یەک ساڵ چاوەڕوانی بینایەک دەکرێت، لەکاتێکدا کە بە دەیان بینای چۆڵ لە شارەکەدا هەیە».

سەبارەت بە دواکەوتنی گەلەرییەکە، ئیبراهیم هەورامانی، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیریی هەڵەبجە بە رۆژنامەی وت: «ماوەی ساڵێک نابێت کەمترە لە ساڵێک، کە بڕیار لەسەر کردنەوەی گەلەرییەکە دراوە، بڕیارەکە لە کۆتایی مانگەکانی ساڵی (٢٠٠٨) بووە».

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیریی هەڵەبجە ئاماژەی بەوەدا، کە لە سەرەتاوە بەنیازی ئەو بینایە نەبوون تا دوای بخەن، هۆی دواکەوتنیشی گەڕاندەوە بۆ چاوەڕێکردنی تەسدیقی بودجەکەیان، وتیشی: «گەڕاین بەدوای بینایەکدا کە بیکەین بە گەلەریی، کە دەبوو نزیک بێت لیژنەی باجی خانووبەرە بە (٦١٨) هەزار دینار ئەم بینایەی خەمڵاندووە، بەڵام ئێمە لەگەڵ خاوەن خانووەکە بڕیارمانداوە هەر (٥٠٠) هەزار دینارەکەی بدەینێ، ئێستاش بەڕێوەبەرێتی گشتیی، بەشی یاسای خەریکی تەواوکردنی گرێبەستەکەیە لەگەڵ خاوەن خانووەکەدا».

## بڕیاردەری لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی:

# کورد پێویستی بە یەک لیستیی هەیە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق



بەهادین یوسف

سیروان زەهاوی، بڕیاردەری لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێیوایە،لەبەرئەوەی هەموو هێزە کوردستانییەکان بە ئۆپۆزسیۆن‌و دەســـەڵات‌و عەلمانی‌و ئیسلامییەوە شۆڕشگێڕن‌و خەباتیانکردووە، ئەگەری لێکنزیکبوونەوەیان زۆرە تا بە یەک لیستی‌و یەکڕەنگی بەشداریی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بکەن، ئاماژە بەوەش دەکـــات، دۆخـــی کوردستان جیاوازە لە بەشەکانی دیکەی عێراق‌و بوونی ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵات لە کوردستاندا کاریگەریی دەبێت بۆ بەرەوپێشبردنی دۆخی خزمەتگوزاریی، بەڵام بە گرنگی دەزانێت بۆ کێبڕکێی هەڵبژاردنی عێراق بە یەکگرتوویی‌و یەک لیستی بەشداریی بکەن.

سیروان زەهاوی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامەو سەبارەت بە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق رایگەیاند: ئێستا دەبینین چ پێکهاتەی شیعی‌و چ سوننی جموجوڵێک دەکەن بۆ ئەوەی هەریەکە لەوانە،ماڵی شیعی‌و ماڵی سوننی کۆبکەنەوە، سەرەڕای ئەوە شیعەکان هەوڵی زۆریاندا کۆبوونەوەی شەوورۆژیان دەکرد بۆئەوەی بتوانن ماڵی خۆیان یەکبخەن، بـەڵام دواجـار نزیکەی (١٣) قەوارە ئیئتیلافێکیان پێکهێنا، بەڵام حیزبەکە نوری مالیکی تێدا نییە کە ئەویش یەکێکە لە هێزە بەهێزەکانی ناو ئیئتیلاف، پێش ئەوەی کوتلەکە دروست ببێت (٢٥٪)ی ئەو رێژەیەی کە ئیئتیلاف بەدەستی دەهێنا دەدا بە حیزبەکەی مالیکی، ئینجا سەری نەگرت، ئەوەی ئێستا بەناوی ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراقییەوە دروستبووە لە شیعەکان بەو حیسابەی خۆیان دەیانکرد (٢٥٪)ی پێکهاتەکەی تێدانییە، چونکە خۆیان ئەو قورساییەیان بە حیزبەکەی مالیکی دابوو.

سەبارەت بە سوننەکانیش وتی: «ئێستا سوننەکانیش هەوڵدەدەن یەکبگرن، بەڵام بەبۆچوونی من، ئەوە کارێکی ئاسان نییەو پێدەچێت گران بێت»، ئاماژەی بەوەشکرد، «ئەو پێکهاتەیەی لە شیعەکان دروستبووە بەبێ حیزبەکەی مالیکی، یاخود بەبێ ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا درووست بووە کە ئەویش حەوت قەوارەیە، ئەوەش خۆی لەخۆیدا مەترسییەکە، مەترسییەکەش ئـەوەیـە، بـۆ ئــەوان لـە دەسـتـووری عێراقدا هاتووە ئەو کوتلە سیاسییەی زۆرینەی دەنگەکان بەدەستدەهێنێت‌و لە هەموو کوتلەکان زیاتر دەهێنێت، مافی دروستکردنی حکومەتی تازەو وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیرانی هەیە».

بەوتەی زەهـاوی: «پێشتر دەزانـرا کێ زۆرینە دەهێنێت‌و سەرۆک وەزیران بەدەستدەهێنێت، دیـاربـوو، ئیئتیلاف بـوو، چونکە ئەو کاتە یەکیانگرتبوو، هیچ کێشەیەک نـەبـوو، بـەڵام ئێستا دیارنییە، بەتایبەت (کوردستان)، تائێستا پێکهاتەکەی یەکلایینەکراوەتەوە، لێرە ئەگەر زۆر دەهێنێتە کایەوە چ بۆخۆمان‌و چ بۆ بەرامبەرەکانمان، بە بۆچوونی من، ئێستا هیوا زۆرترە بەرامبەر ئێمەو ئەگەری ئومێد زیاترە نەک لەبەرئەوەی دۆستان‌و هاوپەیمانانی ئێمە پەرتەوازە بـوون، ئێمە دوعـای پـەرتـەوازەبـوون بۆ کـەس ناکەین، بـەڵام ئـەوە گەمەی سیاسییە، لەو بارودۆخەی ئێستا زیاتر مۆرکی شیعەو سوننەو کـورد وەک هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٥-٢٠٠٦) نییە، بۆیە نابێت بەوەی بخوێننەوە، مادام ئیئتیلاف حیزبەکەی مالیکی تێدا نییە مانای ئەوەیە شیعەکان دابەشبوون، بەڵێ ئەمە مانایەکی هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی ئێستا بەرەو هاوکێشەی سیاسی دەڕوات نەک تایفی‌و پێکهاتەیی، دەکرێت بڵێین ئەمانە گەمەی سیاسیین، هەق وایـە کـوردو میللەتی کوردو پێکهاتەکانی ناو کوردستان سوود وەرگرن لەم گەمە سیاسییە».

دەربارەی ئەوەی چۆن کورد سوود لەو دەرفەتانە وەرگرێت، بڕیاردەری لیستی هاوپەیمانی وتی: «وەکو پێکهاتەی کوردستانیان دواخستنی راگەیاندنی هاوپەیمانێتیمان چەند سوودێکی تێدایە، راستە ئـەوە ئارەزوومەندانە نەبووە هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی هەبوو، پەرلەمان دامــەزراوەو هێشتا حکومەت پێک نەهاتووە، ئەمە کاتی لە حیزب‌و کوتلە سیاسییەکان گرتووە، بەڵام لەهەمانکاتدا کارە ستراتیژییەکە هەڵبژاردنەکەی عێراقە، دەتوانم بڵێم بەلای ئێمەوە گرنگترە، چونکە خەتی یەکەمی شەڕی دەستوورو یاسایە، لەبەرئەوە شەڕی قانون‌و دەستوورە بۆ داوارەواکانی ئـەم هەرێمە، لـێـرەدا من دواکەوتنی راگەیاندنی هەڵوێستی کوردستانیان بە خراپ نازانم، رەنگە دواخستنەکە سوودی زۆری هەبێت بۆ ئـەوەی ماڵی کوردی یەکبخرێت‌و بەیەکدەنگی‌و یەکڕەنگی دابەزێتە پەرلەمانی عێراق».

لـە هەڵبژاردنەکانی پێشووتری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی بە حیزبە کوردییەکان‌و هاوپەیمانێتیی مەسیحی‌و تـورکـمـان (٢٠٪)ی کورسییەکانی ئەنجومەنی نـوێـنـەرانـی عێراقیان بەدەستهێنا، بە بۆچوونی سیروان زەهاوی نابێت لە ئێستادا بیر لە پەرتەوازەبوون‌و دابـەشـبـوون بکـەیـنـەوەو ئـامـاژەی بەوەشکرد: «دواخستنی راگەیاندنەکە زیاتر بەرەو ئەو ئاقارە دەمانبات کە بەیەک لیست دابەزین، ویستی هەموو لایەک بۆ ئەوەیە، ئەم دواخستنەش پانتایی زیاتر دەکاتەوە بۆ لێکنزیکبوونەوەو بۆ ئەوەی بە یەک لیست دابەزین، گرنگ نییە درەنگ ئیعلانی خۆمان بکەین، گرنگ ئەوەیە ئەگەر درەنگیش ئیعلانی خۆمانمان کرد، بەهێزبین، چونکە هێز لەیەکپارچەیی‌و یەکدەنگی‌و یەکڕیزیمانە، بۆیە دواکەوتنەکە خێری تێدایەو پانتایی زیاتر بۆ گفتوگۆ دەکاتەوە».

**«گرنگ نییە درەنگ ئیعلانی خۆمان بکەین، گرنگ ئەوەیە ئەگەر درەنگیش ئیعلانی خۆمانمان کرد، بەهێزبین، چونکە هێز لەیەکپارچەیی‌و یەکدەنگی‌و یەکڕیزیمانە، بۆیە دواکەوتنەکە خێری تێدایەو پانتایی زیاتر بۆ گفتوگۆ دەکاتەوە»**

سەبارەت بە هەڵوێستی لایەنەکانی دیکە دەربـارەی جۆری هاوپەیمانێتیی کورد، زەهـاوی رایگەیاند «سوننەو شیعەش بەحەزەرەوە سەیری دۆخی کوردستان دەکەن، پرسیارێکی گرنگە کە لەم دۆخە سیاسییەی ئێستادا کوردستانیان دەکرێت بە یەک لیست دابەزن، بەڵام بۆچی ئێستا گرنگترە؟»، هەر لە وەڵامی پرسیارەکەی خۆیدا وتی: «لەبەرئەوەی لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٥-٢٠٠٦) شیعەو سوننەش بە یەک لیست دابەزین، بۆیە پێویستییەکی حەتمی بوو، شیعە زیاتر لە (٥٠٪)ی هێنا بەیەک لیست دابەزی، بەڵام کورد (٢٠٪)ی هێنا بۆچی ئێستا بەیەک لیست دانەبەزێت، لەکاتێکدا دۆزی نیشتمانیمان هەیە، کێشەی مادەی(١٤٠)و ناوچە دابڕاوەکان‌و پێشمەرگەو دەسەڵاتی هەرێم‌و فیدراڵییەت هەیە، ئەوان ئەو کێشانەشیان نییە، بۆئەم قۆناغەش ئەگەر خەڵکی دیکە بە یەک لیست دانەبەزیوە، بەڵام بۆ کورد گرنگترە بەیەک لیست دابەزێت».

ئاماژەی بەوەشکرد «ساڵی (٢٠٠٥-٢٠٠٦) کە پەرلەمان‌و حکومەت پێکهێنرا مەترسیی لەسەر مادەی (١٤٠) نەبوو، نە کـەس هەبوو بڵێت مـادەی (١٤٠) بەسەرچووە، نە کەسیش هەبوو بڵێت مادەی (١٤٠) جێبەجێ ناکەم، حکومەتی مالیکی بەپێی بڕگەی (٢٢) پابەندکرابوو تاکۆتایی (٢٠٠٧) جێبەجێبکرایە، کە ئەوکاتە مەترسی ئەوەش نەبوو بەهەموو ئومێدێک مـادەی(١٤٠) دەستووری بوو دەبـوو جێبەجێبکرایە، ئێستا هەندێک دەڵێن بەسەرچووە، راستە ئەو قسەیە دەسـتـووری نییە، بـەڵام خۆ ئەو کاتە کەس وای نەدەوت، ئێستا زەرورترە بە یەکدەنگی‌و یەکڕیزی دابەزین».

بـڕیـاردەری لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی وتیشی: «ئێمە سـوودی زۆرمـان لەو یەکدەنگی‌و یەک لیستییە وەرگـرت‌و خەڵک لە پەرتەوازەیی زۆر زیانی کرد، هەرچەندە (٢٠٪)مان هێنا، لە ئەنجامدا یەک یاسا، یەک بڕیار لەپەرلەمان دژی ویست‌و ئارەزوو بەرژەوەندییەکانی کورد دەرنەچوو، تەنیا ئەوەی (٧/٢٢) نەبێت، ئەویش بەڤیتۆی سەرۆکایەتیی کۆمار رەتکرایەوە، سـەرەڕای ئەوەی شیعەکان (٥٠٪) زیاتری پەرلەمانی عێراقی بوون، بەڵام بەهۆی دەرچوونی چەند لایەنێک‌و یەک نەگرتوویان چەندین یاسا دەرچووە دژی ئەوان بووە، بەشێکی یاساکان دژی ویستەکانیان بـووە، سوننەکان لەبەر پەرتەوازەییان ئێستاش باجی ئـەوە دەدەن، کە لە حکومەت کشانەوە، ئەگەر هەموویان کۆبکەیتەوە لەوانەیە کورسییەکانیان لە کورسیی کورد زیاتر بێت، ئەو یەکدەنگییەی ئێمە وایکرد ئێمە لیستی دووەم بین، پۆستێکی سیادی گەورە وەرگرین کە سەرۆکایەتیی کۆمارەو دەتوانێت یاسا رەتبکاتەوە، ئەوەش گرنگە، کەواتە یەکدەنگی‌و یەک لیستی ئەنجامی هەبووە».

سـەبـارەت بە بـارودۆخـی ناوخۆی هەرێمی کـوردسـتـان‌و ئەنجامەکانی هـەڵـبـژاردن‌و کاریگەرییان لەسەر هاوپەیمانێتیی کورد لەبەغدا زەهاوی وتی: «سەرجەم حیزبەکانی دەسەڵات‌و ئۆپۆزسیۆن‌و عەلمانی‌و ئیسلامییەکان هـەمـوویـان لەیەکتر نزیکبوونەوە، هەموو هێزە نیشتمانییەکانی کوردستان نیشتمانپەروەرن، شۆڕشگێڕو تێکۆشەرن لەسەر ئەم خاکە ماندووبوون‌و کەسیان لە بەرەی دژ نین، واتە ئەگەر ئۆپۆزسیۆن هەبێت رایەکی بەرامبەری هەبێت، لەناو پەرلەمانی کوردستاندا ئـەوە شتێکی ئیجابییە، بۆ ئـەوەی حکومەت زیاتر خزمەتگوزاری بکات، لەبەرئەوەی هەموو تێکۆشەرن، زۆر ئاسانە لێکنزیکببنەوە، ئەوەیان بەلاوە گرنگ نییە کورسییەکیان کەمتر یان زیاتر بێت، پارتی یان یەکێتی یان گـۆڕان، ئیسلامییەکان کورسییەک کەمتر یان زیاتر بهێنن، ئەمە گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە لەبەغدا هەمووی دەکاتە کـورد، لەبەرئەوەی هەموو هێزەکانی کوردستان تێکۆشەرن لەبەر ئەوە لێکتێگەیشتن دەبێت، ئومێدەوارم‌و دڵنیام لە نیشتمانپەروەری هەموولایەک، کە بەرژەوەندییە باڵاکانی میللەتی کورد بخەنە پێش بـەرژەوەنـدیـی قـەوارەو حیزبە سیاسییەکانیانەوە، دەکرێت ئەو ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵاتەی لە کوردستان هەیە گەشە بەبواری خزمەتگوزاریی‌و چاکسازیی بـدات، بـەڵام لەسەنگەری بەغدا یەکسەنگەرو یەکدەست‌و یەکڕەنگ بین، هەستیش دەکەم هەموو لیستەکان ئارەزووی ئەوەیان هەیە بە یەک لیست بـەشـداریـی هـەڵـبـژاردنـی داهـاتـووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بکەن».



# قۆناغە مەترسیدارەکە ئێستا دەستپێدەکات

**هێمن لهۆنی**



تەقینەوەکانی چوارشەممەی رابردووتری عێراقو سەرهەڵدانی هاوکێشە سیاسییە نوێکان، ئاماژەن بە دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێی ئاڵۆز، دوای ئەو سەقامگیرییە رێژەییە ئەمنییو سیاسییەی بەغدا. مەترسی ئەم قۆناغە لە قۆناغەکانی دیکەی دوای ٢٠٠٣ ئەوەیە کە لەپاڵ ئەم کێشانە هێزەکانی ئەمریکا خۆیان بۆ کشانەوەی ئامادەدەکەنو داهاتووی عێراق دەدەنە هێزێکی ئەمنیی کە ناتوانێت وەزارەتەکانی حکومەتی بەغدا بپارێزێت، جا چ جای خەڵکی مەدەنی، داهاتوویەک کە هێشتا سیاسییەکان یەکتری قبووڵناکەنو کێشەی بەغداو هەولێریش هەروەکخۆی ماوە. ئەم قۆناغەی پێش هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق، داهاتووی سیاسییو ئەمنیی عێراق بۆ یەکەمین جار لەلایەن عێراقییەکانەوە دیاریدەکرێت. لەکاتێکدا پێشتر بەهۆی بوونی گوشاری ئەمریکاوە لایەنەکان بۆماوەیەکی دیاریکراویش بوایە سازشیان پێدەکرا.

ئەوەی بینیمانو دەیبینین هەر لە تەقینەوە خوێناوییەکانی بەغداو بابلو هاوپەیمانییە نوێکانی وەک ئیئتیلافی شیعەی بێ مالیکیو ئەگەری یەکگرتنی مالیکیو سەحوەو مردنی عەبدولعەزیز حەکیمی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیو جیابوونەوەی تاریق هاشمی لە حیزبی ئیسلامیو سەرهەڵدانی دەنگی جیاوازو پەرتبوونی زیاتری سوننەو دەرکەوتنی دەنگی جیاوازو ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستانو لاوازبوونی کاریگەری سیاسییو سەربازیی ئەمریکا، هەموو ئاماژەن بە تێپەڕینی عێراق بەنێو قۆناغێکی سیاسییو ئەمنیی نوێدا کە تا رادەیەکی زۆر قۆناغەکە ئاڵۆزو نادیارە. هەمووڵا بە نەتەوەیەکگرتووەکانو ئەمریکاوە گەیشتوونەتە ئەو قۆناغەی کە کێشە سیاسییەکانی ئێستای عێراق تەنها لەرێی سازشکردنەوە چارەسەردەکرێت، بەڵام ئەوەی ئێستا دەگوزەرێتو نەخشەی داهاتووی سیاسیی عێراق دیاریدەکات، بریتییە لە لاوازبوونی ئەگەری سازشکردن لەلایەن پێکهاتە جیاوازەکانی ناو عێراقەوە، قۆناغەکە ئاڵۆزە، چونکە ئەمجارە لەنەخشەی داهاتووی سیاسیی عێراقدا کەس یەکدەنگ نییە دەنگی شیعەو کوردو سوننە جیاواز دەبێت، کاتێکیش یەکدەنگی نەبوو ئەوا هەرلایەک دەیەوێت لەسەر حیسابی ئەویدی خۆی لای جەماوەرەکەی شیرینبکاتو ئامادە نییە سازشبکات.

بۆیە قۆناغی داهاتوو بە هەموو پێوەرەکان لە بەغدا قووڵکردنەوەی کێشەکانەو ئەو مەسەلانەشی کە تروسکەی چارەسەرکردنی هەبوو نامێنێت. بەمانایەکی دیکە گەڕانەوەی بۆ فولکەی یەکەم. بۆ نموونە لەسەر مەسەلەی کەرکوک دەبێت کام لایەنی کورد نوێنەرایەتی ئەم کێشەیە بکات؟ ئەی دەبێت لەگەڵ کام لایەنی سوننە یان شیعە قسەبکرێت؟ لەبەرئەوە ئەو هەلە زێڕینانە لەدەستچوو کە گشت پێکهاتەکان بەتایبەتی کورد دەیتوانی بیقۆزێتەوەو چارەسەری کێشەکانی پێبکات. دەستووریش کە خەوی کوردەو تائێستا جێبەجێنەکرابێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە لەداهاتووشدا بەئاسانی هەمواردەکرێت. بیریشمان نەچێت، ئامادەنەبوونی دەستکەوتی سیاسیی رۆحی سازشنەکردنیش، هەمیشە عێراق بەنائارامیو خوێناویی دەهێڵێتەوە.

# هەموارکردنی دەستووری عێراقیی لەم خولەدا بۆ کورد زیانبەخشە

**ستارە عارف**

لیژنەی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراقی راپۆرتێک لەبارەی پێشنیازەکانیان بۆ هەمواركردنی ژمارەیەک لە بڕگەو مادەکانی دەستوور پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمانو قەوارە سیاسییەکان دەکەنو بەهۆی ناکۆکی بۆچوونی سیاسیی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر بڕگە بنچینەییەکانی سیستمی فیدراڵیو دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان ناوەندو پارێزگاو هەرێمەکانداو مادەی (١٤٠)و مادەی (٤١)ی تایبەت بە باری شارستانیو دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمارو یاسای نەوتو غاز کێشەیان لەسەرە، بۆیە پێدەچێت هەموارکردنی دەستوور بۆ خولی داهاتووی پەرلەمان دوابخرێت.

## کاریگەریی دواخستنی هەموارکردنی دەستوور لەسەر مادەی (١٤٠)

لە مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراقیدا هاتووە: کە دەبێت دەسەڵاتی راپەڕاندن هەنگاوی پێویست بنێت بۆ تەواوکردنی جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی مادەی (٥٨) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە بە هەموو بڕگەکانییەوەو ئەو بەرپرسیاریەتییەی لەسەر شانی دەسەڵاتی راپەڕاندنە لە حکومەتی ئینتیقالیدا کە لە مادەی (٥٨) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوەدا ئاماژەی پێکراوە، بەردەوام دەبێتو دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی راپەڕاندنی هەڵبژێردراو بە گوێرەی ئەم دەستوورە بۆ ئەوەی بە تەواوی قۆناغەکانی ئەو مادەیە جێبەجێبکرێت کە بریتین لە «ئاساییکردنەوە، سەرژمێری، لە کۆتاییشدا ئەنجامدانی راپرسی لە کەرکوکو ناوچەکانی دیکە کە ناکۆکیان لەسەرە بۆ دیاریکردنی ویستی هاوڵاتییان لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە لە مانگی (٢٠٠٧/١٢) تێپەڕنەکات.

سامی ئەتروشی، ئەندامی لیژنەی هەمواركردنەوەی دەستوور لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دەڵێت: ئەوان ناتوانن فشار دروستبکەن، چونکە دروستکردنی فشار بۆ هەموارکردنی دەستوور لەم خولەدا زیانی کوردی تێدایەو وتیشی: «زۆر لایەن دەیانەوێت ئەو دەسەڵاتانەی بۆ هەرێم لە دەستووردا دانراون کەمبکرێنەوەو هەموارکردنی دەستووریش بۆ کورد زۆر پێویست نییە، لەکاتێکدا ناکۆکیەکی زۆر هەیەو لایەنە سیاسییەکانی عێراقیش دەیانەوێت لەبەرخاتری جەماوەرەکەیان بۆ هەڵبژاردن خۆیان بە نیشتمانی پیشانبدەنو ئەو ئەرکە نیشتمانییە جێبەجێبکەن، کە دەرفەت نەدانە بە هەرێمو کورد دەسەڵاتیان هەبێت».

ئەتروشی پێیوایە، ئەو راپۆرتەی وەک لیژنەی هەموارکردن پێشکەشیان کردووە سەرناگرێت، چونکە لیژنەکە نوێنەری هەموو قەوارە سیاسییەکانی تێدایە، بەشدارییان لە داڕشتنەوەی راپۆرتەکەدا نەکردووە، کە پەیوەستە بە هەرێمی کوردستانەوەو ناکۆکییان لەسەرە لەوانە مادەی (١٤٠) کە چۆن بمێنێتەوە یان دابڕێژرێتەوە.

## داهاتەکانی هەرێم بچنەوە ناوەند

بڕگەکانی گرێدراو بە بابەتی نەوتو غازو دەسەڵاتەکانی ناوەند، کە لە مادەی (١١٠)و (١١١)و (١١٢)دا، باسی چۆنیەتی ئیدارەکردنی نەوتو غاز دەکات، کە یەکێکن لەو مادانەی ناکۆکییان لەسەرەو هەوڵی هەموراکردنی دەدرێت.

مادەی (١١٠) تایبەتە بە دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵییەوە، لەوانە رەنگڕێژکردنی سیاسەتی دەرەوەو نوێنەرایەتیی دیبلۆماسیو ئەنجامدانی دانوستان لەسەر پەیماننامەو رێکەوتنە نێودەوڵەتییەکانو سیاسەتی قەرزکردنو ئیمزاکردن لە سەریانو یەکلاییکردنەوەو رەنگڕێژکردنی سیاسەتە ئابووریو بازرگانییە دەرەکییەکانو دانانو جێبەجێکردنی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانیی، لەوانە پێکهێنانو بەڕێوەبردنی هێزێکی چەکدار بە مەبەستی دڵنیابوون لە پاراستنو مسۆگەرکردنی ئاسایشی سنوورەکانی عێراقو بەرگریکردن لێیانو رەنگڕێژکردنی سیاسەتی داراییو گومرگو دەرکردنی دراوو رێکخستنی سیاسەتی بازرگانی لەسەر سنووری هەرێمو پارێزگاکانی عێراقو دانانی بودجەی گشتیی دەوڵەتو رەنگڕێژکردنی سیاسەتی دراوو دامەزراندنو بەڕێوەبردنی بانکێکی ناوەندیو رێکخستنی کاروباری پێوەرو پێوانو کێشانو رەگەزنامەو بە هاوڵاتیبوونو نیشتەجێبوونو مافی پەنابەرێتیی سیاسییو هتد...).

لە مادەی (١١١)دا هاتووە، کە نەوتو غاز موڵکی سەرجەم خەڵکی عێراقن لە هەموو هەرێمو پارێزگاکاندا. مادەی (١١٢) ئاماژە بەوەدەدات، کە حکومەتی فیدراڵیی لەگەڵ هەرێمو پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان، نەوتو غازی بەرهەمهێنراوی کێڵگەکانی ئێستا بەڕێوەدەبات بە مەرجێک داهاتەکانیان بەشێوەیەکی دادپەروەرییو بەگوێرەی دابەشبوونی دانیشتووان لە سەرجەم پارێزگاکانی وڵاتدا دابەشبکرێت، لەگەڵ دیاریکردنی پشک بۆ هەرێمە زیانلێکەوتووەکانی دەستی رژێمی پێشوو، کە بێبەشی کردبوونو حکومەتی فیدراڵیو حکومەتی هەرێمەکانو پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان بەیەکەوە هەڵدەستن بە رەنگڕێژکردنی سیاسەتی ستراتیژیی پێویست بۆ بەرەوپێشتربردنی سامانی نەوتو غاز، بەجۆرێک کە ببێتە مایەی دەستخستنی زۆرترین سوودو کەڵک بۆ گەلی عێراق ئەویش بەپشتبەستن بە نوێترین تەکنیکی بنەماکانی بازاڕو هاندانی وەبەرهێنان.

## یاساکانی هەرێم بەسەر ناوەندەوە سەروەر نەبن

لە مادەی (١١٥)دا هاتووە: هەر شتێک لە سنووری دەسەڵاتە تایبەتەکانی حکومەتی فیدراڵیدا ئاماژەی پێنەکرابێت، ئەوە دەبێتە دەسەڵاتی هەرێمەکانو ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە، ئەگەر ناکۆکیی دروستبوو لەسەر دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵییو حکومەتی هەرێمەکان، ئەوا ئەولەویەت بۆ یاسای هەرێمەکانە.

سامی ئەتروشی پێیوایە؛ بەپێی مادەی (١١٥) ئەگەر ئەو یاسایانەی لە ناوەند دەردەچن ناکۆک بن لەگەڵ ئەو یاسایانەی کە لە هەرێم دەردەچن، لەوکاتەدا ئەولەویەت بۆ یاساکانی هەرێمە، بۆیە کەسانێک لە پەرلەمان هەن کە دەیانەوێت ئەو بڕگەیە بگۆڕن، چونکە ئەوان پەسەندیان نییە یاساکانی هەرێم لە یاسایەکی ناوەند سەروەرتر بێتو ئێمەش بەهیچ شێوەیەک پەسەندمان نییە بگۆڕێتو بڕیارماندواە هیچ دەستکارییەک لە دەسەڵاتو دەستکەوتەکانی هەرێم پەسەند نەکەین، چونکە بەپێی مادەکە ئەگەر ناوەند یاسایەک دەربکات هەرێم پێی باش نەبێت، هەرێم دەتوانێت یاسایەکی دیکە بۆ خۆی دەربکات.

## ناکۆکی لەسەر پابەندبوون بە باری شارستانییەوە

مادەی (٤١)ی دەستووری عێراقی دەڵێت: عێراقییەکان ئازادن لە پابەندبوون بە باری کەسێتییان بەپێی ئایینو ئاینزاو بیروباوەڕو هەڵبژاردنی خۆیان، ئەمەش بە یاسا رێکدەخرێت.

سامی ئەتروشی دەڵێت: شیعەکان بەتایبەتی لەسەر مادەی (٤١)یش تێبینییان هەیەو دەیانەوێت ئەم مادەیەش بگۆڕێتو حسابی مەزهەب دەخەنە پێشەوە.

## پێکهێنانی ئەنجومەنی فیدراڵیی بۆ کوردستان زیانی زیاترە

لە دەستووری عێراقیدا ئەنجومەنی فیدراڵیی یان ئیتیحادیی دانراوە، ئەو ئەنجومەنە لە چەند ئەندامێک پێکدێت، کە بە هەڵبژاردن دەستنیشاندەکرێنو لە هەر پارێزگایەکدا دوو ئەندامی دەبێت.

ئەتروشی وتیشی: «بڕگەیەکی دیکە کە زۆر گرنگە پێکهێنانی، ئەنجومەنی فیدراڵییە لە عێراقدا، لە سیستمی فیدراڵیدا پەرلەمان بەتایبەتی لەو وڵاتانەی لەچەند ناوچەو هەرێمێک پێکهاتوون پەرلەمان دوو شێوەی هەیە، ئەنجومەنی فیدراڵییو ئەنجومەنی نوێنەران، کە لە وڵاتانی دیکە ئەنجومەنی پیرانە یان وەک سیستمی بەریتانیایە، لە دەستووری عێراقیدا ئێمە ئەنجومەنی فیدراڵیی یان ئیتیحادیمان داناوە، ئەو ئەنجومەنە لەچەند ئەندامێک پێکدێت، کە بە هەڵبژاردن دەستنیشاندەکرێنو لە هەر پارێزگایەکدا دوو ئەندامی دەبێت، جگە لە بەغدا کە چوار ئەندامی دەبێت، هەرێمی کوردستانیش کە جیانەکراوەتەوە وەک هەرێم بە پارێزگا ژمێردراوە (٦) ئەندامی دەبێت». لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا هاتووە: پەرلەمان یاسایەک بۆ دەرکردنی ئەنجومەنی فیدراڵیی دەردەکات، بە وتەی ئەتروشی «لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان یەک هەرێمەو شەش ئەندامی دەبێت لەو ئەنجومەنەداو نوێنەری پارێزگاکانی دیکە بەرگریی لە ناوەند دەکەن، چونکە گرێدراوی ئەوێن، بۆیە دروستکردنی ئەو ئەنجومەنە بۆ کورد زیانی هەیە، لەکاتێکدا زۆر پێویستە ئەو ئەنجومەنە پێکبێت، گەر چەند هەرێمێک لە عێراقدا هەبن.

## کاریگەریی دواخستنی دەستووری عێراقی لەسەر دەستووری هەرێم

بەپێی دەستووری عێراقیی نابێت هیچ یاسایەک لە هەرێمەکان دەربکرێت کە ناکۆک بێت لەگەڵ دەستووری ناوەند، بۆیە دواخستنی دەستووری عێراقیی کاریگەریی لەسەر دەستووری هەرێمیش دەبێت، بۆیە بە بڕوای سامی ئەتروشی، ئەگەر بۆ دەستووری هەرێم پشت بە دەستووری عێراقیی ببەستین، دەکرێت ئەو کاتە دەستووری عێراقی بە گشتیی بگۆڕدرێت، هەموارکردن لە دەستووری هەرێمیشدا بکرێت، بۆئەوەی ناکۆکی لەنێوان هەرێمو ناوەندا نەبێت، چونکە دادگای فیدراڵیی ناکۆکی نێوانیان پەسەند ناکات، وتیشی: «پێویست ناکات دەستووری هەرێم لە چاوەڕوانی گۆڕانکاریی دەستووری عێراقدا دابنرێت».

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە، بڕیارەلە دانیشتنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا گفتوگۆ لەسەر هەموارکردنی دەستووری عێراق بکرێتەوە، سەرۆکی لیژنەی هەموارکردنی دەستووریش لەگەڵ ئەوەدایە، کە ئەو خاڵانەی ناکۆکیی لەسەر نییە پەسەندبکرێتو خاڵە ناکۆکی لەسەرەکانیش دوابخرێت بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتوو، بەڵام هەموو لایەنەکان بەم پێشنیازە رازیی نین، ئەمە جگە لەوەی کە چەند بۆچوونێکی دیکەش لەسەر هەموارکردنی دەستوور هەیە، یەکێکیان ئەوەیە، کە هەموارکردنی مادە ناکۆکەکانی دەستوور بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتوو دوابخرێتو پێشنیازێکیش ئەوەیە ئەو چەند مانگەی ماوە تا هەڵبژاردنی (٢٠١٠/١/١٦) دەستوور هەمواربکرێتەوە.



## ئایا ئەمریکا دەستی هەیە لە پلانەکەی ئەردۆغاندا؟

# باڵیۆزی ئەمریکا لە ئەنقەرە: پلانەکە پەیوەندیی بە ئەمریکاوە نییە

ئارام شێخ وەسانی

لەم ماوەیەدا پرسی کرانەوە بە ڕووی کورد یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی جیهانو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی وڵاتی تورکیا وەک وڵاتێکی گرنگ لە ئێستادا کەوتووەتە نــاو بابەتێک، کە نزیکەی سەدەیەکە نەیتوانیوە خۆی لێ ڕزگاربکات، کێشەی کورد لە تورکیا ڕەگێکی مێژوویی هەیە، بۆیە ئەگەر حکومەتەکەی ئەردۆغان هەڵسێت بە دۆزینەوەی چارەسەرێکی گـونـجـاو، چەندین گـومـانو پرسیار دروستدەبن، هەروەک ئەوەی ئێستا هەموو میدیاکانی تورکیای سەرقاڵکردووە، پاش ئەو دەستپێشخەرییە گەورەیەی پارتی دادو گەشەپێدان سەبارەت بە چارەسەری کێشەی کورد خستیانەڕوو، لە ئێستادا شتێک کە مابێتەوە بۆ بەرهەڵستکارانی پـــرۆژەی چـارەســـەری کێشەی کـــورد، بریتییە لە چەند ڕێگرییەک کە ئەگەر حکومەتەکەی ئەردۆغان بە وریاییەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدانەکات ئەوا تووشی شکستێکی جەماوەریی دەبێت، پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانو ســــەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیا لە تازەترین لێدوانو هەوڵیاندا ئەوەیان خستووەتە بەردەم ڕای گشتیی تورکیا کە ئەو هەوڵانەی ئەردۆغان بە پلانی ئەمریکا جێبەجێدەکرێت، ئەمەش ئەگەرچی لەلایەن ئەردۆغانەوە بە توندیی ڕەتکراوەتەوە، بەڵام ئەوان سوورن لەسەر دووبارەکردنەوەی بابەتەکە، ئەگەرچی دوای لێدوانەکەی دەوڵــەت باخچەلی، ئەردۆغان بە توندیی وەڵامی ئەو لێدوانەی سەرۆکی پارتی بەرهەڵستکاری دایەوەو ڕایگەیاند کە پێویستە قسەکانی بسەلمێنێت، بــەڵام دوا بــەدوای وتەکانی باخچەلی هەریەکە لە دەینزبایکاڵو ئیکەر باشبیۆغ بەهەمانشێوە ئەردۆغانیان تۆمەتبارکردووە بە جێبەجێکاری پلانی ئەمریکا، بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنــامــەی میللەتی تورکی ئیکەر باشبیوغ ڕایگەیاندووە، کە هێزە چەکدارەکانی تورکیا ڕێزیان بۆ هەموو کلتوورەکان داناوە، بەڵام نابێت کلتووره جیاوازەکان بۆ سیاسەت بەکاربهێنرێن، هەروەها ئەو هەوڵانەی ئەردۆغان دژی دەستووری تورکیایەو هێزەکانی سوپای تورکیا بەشداریی لە هیچ چالاکیەک ناکەن کە ببێتە هۆی پەیوەندیی لەگەڵ گروپە تیرۆریستییەکان».

لە بەرامبەردا جاریکی دیکە وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لێدوانەکانی بایکاڵی ڕەتکردەوە، لە بەیاننامەکەی وەزارەتــی دەرەوەدا هاتووە «سیاسەتی کرانەوەی حکومەت لەپێناو چارەسەری کێشەی کورد، گوایە لە ئەمریکا پلانی بۆدارێژرابێت، ئەمە دوورو نزیک پەیوەندیی بە ڕاستییەوە نییە، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ناکەوێتە ژێر کاریگەریی سیاسیی هیچ لایەنێکی دەرەکییەوە».

لەهەمانکاتدا باڵیۆزی ئەمریکا لە تورکیا جیمس جیفری لە بەیاننامەیەکیدا هەموو ئەو قسانەی ڕەتکردەوە کە پلانی چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا پرۆژەی ئەمریکا بێت، لە بەیاننامەکەی باڵیۆزی ئەمریکادا هاتووە «پلانی چارەسەری کێشەی کورد هیچ پەیوەندییەکی بە حکومەتی ئەمریکاوە نییە، پلانەکە لە بنەڕەتدا هی حکومەتی تورکیایە، پارتی دادو گەشەپێدان ڕابەرایەتی جێبەجێکردنی ئەو پلانە دەکات، ئەگەرچی حکومەتی ئەمریکا پشتگیریی کرانەوەی دیموکراتیانەی زیاتری حکومەتی تورکیا دەکات».

ئـــەم لـــێدوانــە دژانــــــەی پـارتــە بەرهەڵستکارەکانو ســــەرۆک ئەرکانی سوپا لەکاتێکدایە کە پشتگیریی جەماوەریی سەبارەت بە پرۆژەی کرانەوە بە ڕووی کورددا ڕۆژ بەڕۆژ لایەنگری زیاتر دەبێت، لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی میللەتدا هاتووە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو لایەنە سیاسییە میانڕەوەکانو کەسایەتیە سیاسیو ناوخۆییەکان پشتگیرییەکی گەورەی پلانەکەی ئەردۆغان دەکەن، بەڵام لێرەدا تاکە مەترسیی هەرەسی پرۆژەکەی ئەرۆدغان لەوەدایە کە بەرهەڵستکارانی پرۆژەکە شەقامی تورکیا بجوڵێنن بەوەی کە ئەرۆدغان بە پلانی ئەمریکا پرۆژەی چارەسەری کێشەی کورد جێبەجێدەکات، پلانەکەش بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردییەو بۆ دابەشکردنی خاکی تورکیا لەم ڕوانگەیەوە بەرهەڵستکارانی ئەردۆغان مەترسیی بۆ سەر پرۆژەکەی ئەرۆدغان دروستدەکەن، بەڵام پێدەچێت ئەردۆغان وەڵامێکی بەهێزتری هەبێت بۆ ئەو بابەتە ئەوەش ئەوەیە کە بە پێدانی مافو چارەسەری کێشەی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیا، ئەوا وەرگرتنی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا زۆر نزیکدەبێتەوەو ئەمەش هەنگاوێکی زۆر گەورەیە کە هەموو خەڵکو ناحەزانی ئەرۆدغان بێدەنگ دەکات.

# ژاپۆن، ئەو وڵاتەی هەموو شتێک دەگۆڕێت

شاڵاو فەتاح




### سیستمی ژاپۆن

ڕۆژی (٣٠) ئەم مانگە ژاپۆنییەکان پەرلەمانی وڵاتەکەیان هەڵدەبژێرن، پەرلەمان یان ئەنجومەنی نوێنەرانی ژاپۆن (شووجین) پێکدێت لە (٤٨٠)ئەندام، دەســەڵاتــی یاسایی زیـاتـری هەیە لە ئەنجومەنی ڕاوێــژکــاران (سانجین) کە لە (٢٤٢)ئــەنــدام پێکدێت، هــەردوو ئەنجومەنەکەش دەبێت بە ڕەشنووسی گشت یاسایەکدا بچنەوە پێش بوونی بە یاسای فەرمیی.

ئەو یاسایانەی کە لە ئەنجومەنی نوێنەران دەردەچـن، ئەگەر دوو لەسەر سێی دەنگەکانی ئەو ئەنجومەنەی لەسەر بێت، ئەوا ناتوانرێت لەلایەن ئەنجومەنی ڕاوێژکارانەوە ڕەتبکرێتەوە، ئەمە جگە لەوەی لە بڕیارە گرنگەکانی وەک بودجەو پەیمانبەستنو دیاریکردنی ســەرۆک وەزیـــران، دوابـڕیـــار بـۆ ئەنجومەنی نوێنەرانە. بەپێی سیستمێک کە لەساڵی (١٩٩٤) کرا بە یاساو لە ساڵی (١٩٩٦) کاری پێکرا، (٣٠٠) لەو ئەندامانە لەلایەن براوەی یەکەمەوە لە هەڵبژاردنەکانداو لە یەک ناوچەی هەڵبژاردن دەستنیشاندەکرێنو پێیاندەوترێت (کورسییە ناوخۆییەکان)، (١٨٠)ئــەنــدامــەکــەی دیکە بە سیستمی بەشکاریی دادەنــرێــنو پێیاندەوترێت (کورسیی بەشەکان).

لە هەڵبژاردنی پێشووداو لە ساڵی (٢٠٠٥) پارتی دیموکراتی لیبراڵ (٣٨,٢٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێناو (٢٩٦)کورسیی نوێنەرانی بەدەستهێنا، پارتی دیموکراتی ژاپۆن (٣١٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێنا کە دەکاتە (١١٣)کورسی. دوای ئەوانیش پارتی نیو کۆمیتۆ (١٣,٢٪)ی دەنگەکانو پارتی کۆمۆنیست (٧,٢٪)ی دەنگەکانیان بەدەستهێنا. پارتی دیموکراتی لیبراڵو پارتی کۆمیتۆی نوێ هاوپەیمانێتییان پێکهێناو (٦٨٪)ی کورسییەکانی پەرلەمانیان بۆ خۆیان بــردو بوونە زۆرینە.

### پارتە ڕکابەرەکان

لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی ژاپۆندا دوو پارتی سەرەکی ڕکابەریی یەکتر دەکەن، پارتی دیموکراتی لیبراڵ (LDP)و پارتی دیموکراتی ژاپۆن (DPJ)، پارتی دیموکراتی لیبراڵ حیزبێکی کۆنزەرڤاتیڤی ڕاستڕەوەو لە ساڵی (١٩٩٥)ەوە لەسەر کورسیی دەسەڵاتە، ئەم پارتە لەساڵی (١٩٩٥)داو بە یەکخستنی دیموکراتو لیبراڵەکان بــۆ ڕکابەرایەتیکردنی ئۆپۆزسیۆنی باڵی چەپ دروستکرا، ئەو ئۆپۆزسیۆنەی لە هەردوو پارتی (حیزبی سۆشیالیستی ژاپۆنو حیزبی کۆمۆنیستی ژاپــۆن) پێکهاتبوو. پارتی دیموکراتی لیبراڵ پێکهاتووە لە کۆمەڵێک کۆمپانیای بازرگانیی گەورەو بچووک، جووتیاران، پرۆفیشناڵە شارییەکانو لۆبیکاران، ئەم کۆبوونەوەیەش وای لەو حیزبە کردووە کە بە هێنانی کلتووری گەندەڵی بناسرێت. ئەم حیزبە هاوپەیمانێکی هەمیشەیی هەیە کە پارتی (نیو کۆمیتۆ)یە، ئەمە پارتێکی کۆنزەرڤاتیڤی سۆشیالیستەو لەژێر کاریگەریی دینی بودادان.

پارتی دیموکراتی ژاپــۆن لە ساڵی (١٩٩٨)و لەلایەن چەندین ئەنتی دیموکرات لیبراڵەکانەوە دامەزرێنراو دەستبەجێ شوێنی حیزبی سۆشیالیستی ئۆپۆزسیۆنی گرتەوە. لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە لاوازە تەنیا چەترێکی گەورەیە کە هەموو ئەوانە کۆدەکاتەوە کە دژایەتی پارتی دیموکراتی لیبراڵ دەکەن، ئەمەش مانای وایە کە پارتە ریفۆڕمیستە ڕاستەقینەکانی دژە گەندەڵی لەخۆدەگرێت، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەوانەش کە لە کەمپەینی پێشوودا دژ بە دیموکراتی لیبراڵ دۆڕاون.

حیزبی کۆمۆنیستی ژاپــۆن تاکە حیزبێکە کە پێش جەنگی جیهانیی دووەمو لە ساڵی (١٩٢٢)دامەزرابێتو ئەم پارتە دژی بوونی ئەمریکایە لە ژاپۆنو پێشتر دژایەتی حوکمی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی دەکرد. حیزبی سۆشیالیست دیموکرات حیزبی چەپەکانەو لــەلایــەن هەندێک کەسەوە بە چەپتر لە حیزبی کۆمۆنیست دادەنرێت، هەروەها چەند حیزبێکی دیکەش تـازە دەرکــەوتــوون، زۆربــەیـان پارتی ڕاستڕەونو لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەکانی پارتی دیموکراتی لیبراڵەوە دروستکراون، لە چەند پارتێکی وەک پارتی نوێی خەڵک کە (بەهێزترینیانە)، پارتی نیپۆنی نوێو پارتی دایچی پێکهاتوون.

### ئەو هەڵبژاردنەی هەموو شتێک دەگۆڕێت

لــە هــەڵــبــژاردنــی ئــەمـجــارەدا وا چاوەڕواندەکرێت ئۆپۆزسیۆنی ژاپۆن زەبرێکی یەکلاییکەرەوە بووەشێنێت، ئەنجامی چــەنــدیـن ڕاپــرســیــی ئــەوە دەردەخــەن کە پارتی دیموکراتی ژاپۆن دەتوانێت کۆتایی بە حوکمی لە مێژینەی پارتی دیموکراتی لیبراڵ بهێنێت، زۆرێک لــەو ڕاپرسییانە ئاماژە بــەوە دەکــەن کە پارتی دیموکراتی ژاپــۆن دەتوانێت (٢٩٧)کورسیی پەرلەمان بەدەستبهێنێت، ئەمەش دوای ئــەوەی ئەم پارتە لەگەڵ هــەردوو پارتی نوێی خەڵکو پارتی سۆشیالیست دیموکراتدا هاوپەیمانییان پێکهێناو کەمپەین بۆ ریفۆڕمی ئابووریی ژاپۆن دەکەن. دروشمکەی ئۆباما (گۆڕان) ژاپۆنیشی گرتووەتەوەو چاوەڕوانیی گــۆڕان لەم وڵاتــەدا لەهەر کات زیاتر دەکرێت، بەڵام نەک گۆڕانێکی ئاسایی سیاسیی، بەڵکو گۆڕان لە گشت شتێکدا. بەپێی ئەنجامی ئەو ڕاپرسییانەش پارتی دیموکراتی لیبراڵ (١٥٩)و پارتی نیو کۆمیتۆش تەنیا (١٥)کورسی کە نیوەی کورسییەکانی هەڵبژاردنی (٢٠٠٥)ی ئەم پارتە دەکات بەدەستدەهێنن.

یوکیۆ هاتۆیامای سەرۆکی پارتی دیموکراتی ژاپۆن باشترین چانسی هەیە بۆ بوون بە سەرۆک وەزیرانو دانیشتن لــەســەر کورسییەکەی تــارۆ ئاسۆی سەرۆک وەزیرانی ئێستا، کە سەر بە پارتی دیموکراتی لیبراڵە. ئەمەش بە سەرەتای چاخێکی نوێ دادەنرێت لە ژاپــۆن، بە سەرەتای دامەزراندنی حکومەتێک کە دەیەوێت گشت شتێک بگۆڕێت.

**زانیارییەکانی ئەم ڕاپۆرتە لە سایتەکانی (ئیلێکشن گاید، وۆڵد ئیلێکشنو نیویۆرک تایمز)وە وەرگیراون.**

# «پێویستە ئۆباما بەپلانی کشانەوەی هێزەکانیدا بچێتەوە»

**شالاو فەتاح**



مەراسیمی رادەستکردنەوەی کلیلی ئەمنیی بەغدا بە هێزە عێراقییەکان ٢٠٠٩/٦/٣٠

پێداچوونەوەی پلانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بووەتە مەسەلەیەکی جێی گرنگیپێدانی میدیای جیهانی بەتایبەت پاش ئەو نائارامییەی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سەنتەری چەند شارێکدا روویاندا.

میدیاکان لەبابەتە رۆژنامەوانییەکانیاندا پێشنیاز ئاراستەی باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا دەکەن، چاو بە پلانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراقدا بخشێنێتەوە، دیـاره ئـەم بیرۆکەیە تەنیا بەهۆی هەڵکشانی ئاستی توندوتیژیی لە بەغداو تەقینەوەکانی هەفتەی پێشوو نییە، هێندەی لەو توندوتیژییە چاوەڕوانکراوەدایە، کە لەنێوان بەغداو هەرێمدا ئەگەری روودانی هەیە. هێشتاش کێشەی ناوچە جێناکۆکان بـە «ئێجگار مەترسیدار» مەترسیی زیندووکردنەوەی دوژمنایەتی کۆنی نێوان عەرەب‌و کوردی لێدەکرێت.

### زووە بۆ گەڕانەوە

رۆژنامەی نیۆرک تایمزی ئەمریکی دەنووسێت: تەقینەوەکانی ئەم دواییە ئەوە دەسەلمێنێت، کە هێشتا ئەگەری ئەوە هەیە عێراق بگەڕێتەوە بۆ پاشاگەردانییەکی تـەواو، تەقینەوەکانی ئـەم دوایـیـەی بەغداو باکووری عێراق گومانی ئەوەمان لادروستدەکات، کە ئایا بەڕاستی پێویست دەکات بکشێینەوە لە عێراق؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ئەنتۆنی کۆردسمان لە سەنتەری ستراتیژیی‌و خوێندنە نێودەوڵەتییەکان دەڵێت: «ئۆباما وەک فەرمانداری سوپا شکستدەهێنێت‌و ئیدارەکەشی لەو رووەوە شکستدەهێنێت، ئەگەر هەوڵنەدەن یارمەتی عێراق بدەن تا جێگیری سیاسی‌و ئابووری‌و سەربازیی بەدەستدێنێت».

لێزلی گێلب گۆشەنووسی کاروباری دەرەکی نیۆرک تایمز دەڵێت: «پێویستە ئەولەویەت ببەخشینە جێگریی سیاسیی». ئەو لە چاوپێکەوتنێکدا کە لەم هەفتەیەدا ئەنجامیدا پێیوابوو، «درەنگ یان زوو دەبێت بکشێینەوە، تەنیا چانس بۆ روونەدانی پاشاگەردانیی جێگیریی سیاسییە».

### رەخنە لە مالیکی دەگیرێت

رۆژنامەی واشنتۆن پۆستی ئەمریکی لە راپۆرتێکدا باس لەو رەخنانە دەکات کە لە نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق دەگیرێت، مالیکی عێراقییەکانی لە سەرکەوتن بەسەر تیرۆریزمدا دڵنیاکردبوو. هۆشیار زێـبـاری، وەزیـری دەرەوەی عێراق، رەخنەی لە بڕیاری مالیکی گرت بە لابردنی بەربەستە کۆنکرێتییەکان لە بەغدا، ئەمەش بووەتە هۆی تەقینەوەکان، زێباری لە لێدوانێکیدا دەڵێت: «عێراقییەکان دڵنیادەکەمەوە کە هێشتا لە شەڕداین».

زێـبـاری هـێـزەکـانـی ئاسایشی تۆمەتبارکرد بـە بـەشـداریـکـردن لە تەقینەوەکانداو دەڵـێـت: «زانیاریمان هەیە، کە هێزەکانی ئاسایش هاوکاریی خۆتەقێنەرەوەکانیان کـردووە»، دواتر رەخنەی لە گەشبینی حکومەتی عێراقی لەبارەی ئاسایشەوە گرت‌و وتی: «پێویستە شتەکان چۆنن بەوشێوەیە باسبکرێن، ئـەو گەشبینییە هەڵەیە هیچ دادمـان نـادات». مالیکی لـەدوای تەقینەوەکانی چوارشەممەی هەفتەی پێشوو پەیمانی پاککردنەوەی هێزەکانی پۆلیس‌و ئاسایشی داو لایەنگرانی ئەلقاعیدەو بەعسی پێشووی تۆمەتبارکردو چەند وڵاتێکی دەرەکیشی بە دەستێوەردان تۆمەتبارکرد.

### ئەگەری شەڕی ناوخۆ هێشتا لە ئارادایە

رۆژنامەی سەندەی هێراڵد دەنووسێت: «لـە عـێـراقـدا هێشتا ئـەگـەری شـەڕی ناوخۆ لە ئـارادایـەو هەڵکشانی ئاستی کوژراوەکانی بەریتانیا لە ئەفغانستاندا وامان لێدەکات عێراق پشتگوێ بخەین»، بەڵام ئەم رووداوانەی ئەم دواییەو وێنەی قەسابخانەکەی بەغدا ئەوەمان پێدەڵێت، کە عێراق دووبارە پێیناوەتە سنووری شەڕو دابەشبوونی تایەفی.

دواتر رۆژنامەکە کێشەی کوردو بەغدا بە «ئێجگار مەترسیدار» لەقەڵەمدەدات‌و دەنووسێت: هەرچەندە تەقینەوەکان ترسی دابەشبوونی تایەفی لە دڵی عێراقییەکاندا بووژاندەوە، بەڵام لەڕاستیدا کێشەیەک هەیە کە زۆر مەترسیدارترە، ئەویش کێشەی نێوان بەغداو هەرێمە، هاوکات بە فراوانکردنی سنووری حوکمڕانییەکەی لە هەولێرەوە بۆ شاری دەوڵەمەند بە نەوت (کەرکوک)، حکومەتی بەغدا دەستەوستان نابێت‌و وەڵامی دەبێت دواتر رۆژنامەکە بـاس لـە سـایـکـۆلـۆژیـای کـوردەکـان دەکات دەربـارەی جەنگو دەڵێت: «هەر رووبـەڕووبـوونـەوەیـەک بەتوندیی هەستی ئەوانەی کە ئازاریان بەدەست سەدامەوە چێشتووە، دەجوڵێنێت‌و ئەو دژایەتییە کۆنەی نێوان عـەرەب‌و کورد زیـنـدوودەکـاتـەوە». دواتـر رۆژنامەکە دەنووسێت: لە ئێستادا هەر ئاشتییەک لەنێوان عـەرەب‌و کـورددا فەنتازیایەو دروستبوونی مەحاڵە.

### «پێویستە ئۆباما بەپلانی کشانەوەکەیدا بچێتەوە»

سایتی (بی.بی.سی) لە راپۆرتێکدا دەپرسێت؛ لەگەڵ هەڵکشانی ئاستی توندوتیژییدا، ئایا تاچەند واقیعییە بۆ باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا، کە پلانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا جێبەجێبکات؟ لە کۆتاییساڵی (٢٠١١)دا هێزەکانی ئەمریکا دەبێت بەتەواوی لە عێراق کشابنەوە، بەڵام ئایا عێراقییەکان ئامادەی بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان‌و پاراستنی ئاسایشن؟ ئەنەس تکریتی، کە عەرەبێکی سوننەیە دەڵێت: «عێراق دابەشبووەو لە نیوەی رێگەکەدایە، دەکرێت بەرەو تێکشکان بڕوات‌و دەشکرێت زیندووببێتەوە، سیاسییەکانی عێراق پێیانباشە ئەمریکا لە وڵاتەکەیان بڕوات، بەڵام هیچ دڵنیانین لەوەی چی روودەدات دوای ئـەوە». هێشتا جیاکاریی تایەفی‌و نەتەوەیی لەنێوان سوننەو شیعەو کوردو عەرەب بەردەوامەو بە نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانیش گروپە توندڕەوەکان سـوود لە تەقینەوەی ئـەم بـارودۆخـە وەردەگرن.

مەیسون دەملۆجی، پەرلەمانتارو هـەڵـسـوڕاوی بـواری مافەکانی ژنـان، لەبارەی بارودۆخی شاری موسڵەوە دەڵێت: «نەتەوە جیاوازەکانی موسڵ لە کوردو عەرەب‌و تورکمان‌و کریستیان‌و ئەوانی دیکەش دەمانتوانی پێکەوە بژین، بەڵام ئێستا خەڵک گەڕاوەتەوە بۆ جیاکاریی‌و دابەشبوونی تایەفی‌و نەتەوەیی».

د.مەحمود عوسمان، پەرلەمانتاری عێراق‌و سیاسەتمەداری کوردیش پێیوایە، هیچ چارەسەرێکی «ئاسان» بۆ کێشەی نێوان حکومەتی بەغداو هەرێم لەئارادا نییە، مەحمود عوسمان دەڵێت: «نەوەیەک پێگەیشتووە کە هیچ پەیوەندییەکی بە بەغداوە نییە (لە کوردستان)». مەیسون دەملۆجی پێیوایە، ئاشتبوونەوەی نیشتمانی کاتێک بەدەستدێت، کە تەواوی پێکهاتە عێراقییەکان لە پرۆسەی سیاسییدا بەشداربن‌و بێکاریش لەناو لاوەکانی عێراقدا نەهێڵرێت. مەحمود عوسمان پێیوایە، هێزەکانی ئەمریکا پێویستیان بە مانەوە لە عێراقدا هەیەو لەمبارەیەوە دەڵێت: «پێموایە دەبێت ئۆباما بە پلانی کشانەوەکەیدا بچێتەوە».

# روونکردنەوەی راگەیاندنی پارێزگای هەولێر

سڵاوو رێز

سەبارەت بەو بابەتانەی کە لەم چەند رۆژانـەی رابـردوودا رۆژنامەکەتان لە هەوڵی جێکردنەوەو هەناردنی مەسەج‌و زانیاری هەڵەو نادروست‌و ئاڵۆزکراودان کە بە داخەوە نازانین لەپای چییەو بۆ چ پێناوێکە، کە ئایا بۆ رێگری لە هەوڵەکانی ئـاوەدانـکـردنـەوەو جوانکارییەکانی هەولێری پایتەختە؟، یاخود هەوڵدانە بۆ گومان دروستکردن لەلای خەڵک‌و چەواشەکردنی خوێنەرانە؟، یان شتێکی دیکە کە پێویست دەکـات بە رەوانـی وەڵامیان بدەینەوەو هەقیقەتەکانیش بۆ خەڵکی کوردستان چەندین بارەو دووبارەبکەینەوە سەبارەت بە مەسەلەی نۆژەنکردنەوەی قەڵای دێرینی هەولێرو جوانکارییەکانی ناوشار.

١ ـ رۆژنـامـەی رۆژنـامـە رۆژی (٢٠٠٩/٨/١٦) بابەتێک بڵاودەکاتەوە، کە گوایە بەیاننامەیەکی کەمپەینێکە دژ بە تێکدانی شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستان (کە ئەسڵەن شوێنەوارێک تێکنەدراوە)، بەڵام دەستکاری دەکەن بۆ مەبەستی دیکە وای پیشاندەدەن کە بەیاننامەکە هی رێکخراوی یونسکۆی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە (وێنەی بابەتەکەشتان هاوپێچ بۆ رەوانە دەکەین)، پاشان لە کۆپلەیەکی دیکەشدا بە هەمان شێوە کەمپینەکە وا پیشان دەدەن کە لە کۆنفرانسێکی زانستی تایبەت بە قەلا دروسـت بووە کە پتر لە دووسەد کەسایەتی ئەکادیمی‌و پسپۆڕو شارەزاو شوێنەوارناسی تێدایە، کە هەموو ئەو زانیاریانە بنەمایان نەبووەو نە یونسکۆ ئەم بەیاننامەیەی دەرکـردووەو نە ئەم کەمپینەش پەیوەندییان بە کۆنفرانسی قـەڵاوە هەیە کە تۆمەتیان خستبێتە پاڵ سەرۆکی حکومەت‌و جێگرەکەی‌و پارێزگاری هەولێریش گوایە شوێنەوار تێک دەدەن.

٢ ـ پارێزگاری هەولێرو رێکخراوی یونسکۆ بـەم زانـیـاری‌و ئـەم بابەتە بڵاوکراوەی رۆژنامە کە دوورە لە پەیامی رۆژنامەوانی راستەقینەو گواستنەوەی رای جـیـای خـەڵـک بـە ئـەمـانـەتـەوە، نیگەران بوون‌و پرێس کۆنفرانسێکیان سازدا بۆ روونکردنەوەی راستییەکان‌و رەتکردنەوەی ئەو ناراستیەو ئاماژەشیان بەوەکرد کە پارێزگاو رێکخراوەکەش مافی خۆیانە کە داوای یاسایی لەسەر رۆژنامەکە تۆماربکەن‌و پرسەکە لە دادگا یەکلایی بکەنەوە.

٣ ـ قەڵای هەولێر دەستەیەکی تایبەتی خۆی هەیە بۆ نۆژەنکردنەوەو پەرەپێدان کە بە فەرمی یونسکۆ لەسەر رۆشنایی ئەو گرێبەستەی پارێزگاری هەولێرو یۆنسکۆ لە عەممان ئەوانیش ئەندامن‌و نوێنەری تایبەتی خۆیان لێرەن بۆ سەرپەرشتی‌و چاودێریی کارەکانی نۆژەنکردنەوە، هەروا بۆ گەڵاڵەکردنی هەوڵەکانی تۆمارکردنی قەلا لە شاکارەکانی مرۆڤایەتی‌و کارو بەرنامەکانیشیان بە ئاسایی بەڕێوە دەچێت‌و هیچ گرفتێک لە ئارادا نییە کە بوترێ رێگر بێت لە تۆمار نەکردنی قەڵا یاخود بوترێ کە رەت کرابێتەوە، پاشان لەسەر داوای ئێمەش لە کۆنفرانسی قەڵا کە لە مانگی شەشی ئەمساڵ لە هەولێر بەسترا، بڕیارە رێکخراوی یونسکۆ گرێبەستی تەواوکەری تازە مۆر بکەن بۆ هاوکاریکردنمان لەڕووی کلتووری‌و شـوێـنـەوارەوە بە دەستنیشانکردنی هێڵبەندو ئاراستەکانی رێکخەر بۆ دەستپێکردنی بەرنامەکانی جوانکاری‌و پەرەپێدانی گەڕەکەکانی دەوروبەری قەڵا کە لەبەر رۆشنایی ماستەرپلانی تازەی هەولێر کاریان لەسەر دەکرێت، ئەوەشیان داوای ئێمە بووە نەوەکو رێگری کردن بووبێت لەلایەن رێکخراوی یونسکۆ وەک ئەوەی کە کەمپین‌و رۆژنامەش ئێستا بەو نەزمە لە خەڵکی دەگەیەنن.

٤ ـ کەمپەین یا هەر ناوو گروپێکی دیکە لە پـاڵ هـەر مەبەستێکەوە بێت بـۆ خـۆیـان ئـازادن لـە بیرکردنەوەو رادەربرین‌و رەخنەگرتن‌و تێکەڵکردنیان لە هـەر بابەتێکەوە، بـەڵام حکومەت پابەند نییە بە بۆچوونی ئەوان چونکە سیقەتێکی رەسمی‌و مولزمیان نییە بۆ حکومەت‌و بەڵگەو رەهەندی زانستیانەو مێژوویی باوەڕپێکراویان نییە، ئەوەی بۆ ئێمە مولزیمە یاسایە بە گشتی‌و بڕیارو فەرمانەکانی حکومەت‌و ماستەرپلانەو رەچاوکردنی تـەواوی رای یونسکۆیە چونکە دەزگـایـەکـی بـاوەڕپـێـکـراوو تایبەتمەندی نێونەتەوەیی‌و شارەزایە لەو بوارەدا، ئەوانیش بە هەمان شێوە وێڕای خۆشحاڵبوونیان بە کـاری هاوبەش‌و هەماهەنگیان لەگەڵ حکومەتی هەرێم لە رێگەی خزمەتکردنیان بە قەڵای هەولێرو ناساندنی‌وەکو شارێکی جیهانی، نیگەران دەبن بـەوەی خەڵکێک لە جیاتی ئەوان قسە بکات‌و بڕیار بـدات‌و راستییەکان بشێوێنێت‌و گومان لەلای خەڵک دروست بکات.

ئـەوە رای ئێمەو وەڵامـی ئێمەیەو داواکارین‌وەکو خۆی بۆمانی بڵاوبکەنەوە بەبێ هیچ دەستکارییەک.

لەگەڵ رێزماندا.

**راگەیاندنی پارێزگای هەولێر**

***رۆژنامە ئەو بابەتەوەک بابەتێکی رۆژنامەوانی مامەڵەی لەگەڵدا کردووەو سەبارەت بە هەڵەیەکی چاپیش رۆژی دوای ئەوە روونکردنەوەی لەهەمان شوێندا نووسیوە.**

**رۆژنامە**

# ـــارەها دۆلارەکەی باشوور





لەلایەن خــواوه قبوولبکرێت، بەتایبەت ئەوانەی نەخۆشییان هەیە، یان کێشەیەکی گەورەیان هەیە، لە هەمانکاتدا دەکرێت ئەو دیاریو نەزرەی دەبەخشرێت مەعنەویی بنو پاش قبوولبوونی دوعاکانیان، رۆژو بگرنو نوێژی شوکرانە بۆ خوا بکەن.

ئـەو نــەزرو دیارییانەی پێشکەش بەو مەزارگانە دەکرێن، دەچنە لای ئەو لیژنانەی کە تایبەتن بەو مەزارگانەوە، بەڵام هیچ کام لەو لیژنانە ئامادە نین بڕی ئەو پارانە ئاشکرابکەن، کە مانگانە یان ساڵانە کۆیدەکەنەوە.

د.خالید حەیدەر، باسلەوەدەکات، کە هەرچەندە ئامارێکی راستو راگەیەنراو نییە سەبارەت بە داهاتی ئەو شوێنە ئایینییانە، بەڵام پێیوایە بڕی داهاتەکەی ئەوەندە زۆرە کە کاریگەریی هەبێت لەسەر بودجەی عێراق، لە کاتێکدا ئەگەر بخرێتە ناو بودجەوە.

بەپێی وتەی هەندێ کەسی ئاگادارو نزیک لەو مەزارگانە، گەورەترین دیاری لە مسوڵمانە شیعە مەزهەبەکانی ئێرانو وڵاتانی کەنداوەوە دێت، بە جۆرێک لە مانگی رابــردوودا، ژنێکی بەحرێنی (یەک کیلۆ) ئاڵتوونی بەخشی بە مەبەستی جوانکردنو رازاندنەوەی مەزارگەکان، ئەو کەسانە باس لەوە دەکەن، کە دیاری گرانبەهاتری وەک فەرشی ئێرانییو کەلوپەلی گرانبەهای دیکە دێتە ئەو مەزارگانەوە.

مانەوەی ئەو بڕە پارە زۆرەی دەچنە ناو مەزارگەکانو چۆنیەتی خەرجکردنیان بەشێوەیەکی نهێنیو نەزانراو، جاروبار دەبێتە جێی پرسیارو رەخنەگرتن.

بەر لە دوو ســاڵ، ئەحمەد حسێنی، ئەندامی ئەنجومەنی پێشووی پارێزگای کەربەلا، رەخنەی توندی لە شاردنەوەی ئەو داهاتانە گرتو تۆمەتی ئەوەی خستەپاڵ بەرپرسانی مەزارگەکانی نەجەفو کەربەلا، کە لەلایەن میلیشیاوە کۆنترۆڵکراونو بەو پارەیەی دێتە ناو مەزارگەکان، ئەو میلیشیایانە خۆیان پڕچەک دەکەن، بەڵام حسێنی هەرزوو لەو تۆمەتانەی پاشگەز بووەوە، ئەویش دوای ئەوەی نەیتوانی هیچ بەڵگەیەک لەو بارەیەوە ئاشکرا بکات.

ئەم هەوڵەی حسێنی تاکە هەوڵ نەبووە لەو بارەیەوەو تائێستاش بڕی ئەو پارانەو چۆنیەتی خەرجکردنی جێگەی پرسیارن.

ئەندامێکی لیژنەی گەشتوگوزارو ئایینیی لە پارێزگاکەدا، ماوەیەک لەمەوبەر راگەیاندبوو؛ کە ئەوان بە هیچ شێوەیەک ئاگاداری بڕی ئەو پارەیە نین، کە دێتە ناو مەزارگەکانو هیچ زانیارییەکیشیان لەبارەی چۆنیەتی خەرجکردنیانەوە نییە، بەڵکو بە تەنیا لەلایەن لیژنەی باڵای تایبەت بەو مەزارگانەوە بەڕێوە دەبرێن.

لە سەردەمی رژێمی پێشووی عێراقدا، مــەزارگــە پیرۆزەکانی شیعە لەلایەن وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئایینییەوە بەڕێوەدەبران، بەڵام پاش ساڵی (٢٠٠٣)، ئەو وەزارەتــە نەماو سێ دامــەزراوەی تایبەت بە سوننەو شیعەو مەسیحییەکان دامــەزراو مەزارگەکانیش راستەوخۆ بە دیوانی دامەزراوەی شیعیو مەرجەعی باڵا لە نەجەف گرێدران.

حەسەن رەشید، راوێژکاری دارایی مــەزارگــەی حسێنو ئەندامی لیژنەی مەزارگەکە، لە لێدوانێکدا بۆ سایتی نیقاش جەختی لەوە کردەوە، کە هیچ گەمەکردنو گەندەڵییەک بەو پارەیەوە ناکرێت، کە لەلایەن زیارەتکەرانەوە بۆیان دێت.


حەسەن رەشید، روونیشیکردەوە، کە لیژنەی تایبەت هەیە بۆ سەرپەرشتیکردنی ئەو دیاریو نەزرانەو «مانگانە تەنیا دوو جار دەرگــای قەفەسی دەوری قەبرەکان دەکرێنەوەو پارەکەی لێ دەردەهێنن»، ئەمە جگە لەوەی کە کاری ئەو لیژنەیە لە تۆمارگەی تایبەتدا تۆمار دەکرێتو لەلایەن لیژنەی ژمێریاریی تایبەتەوە سەرپەرشتیی پارەو دیارییەکان دەکرێت.

ئەوەشی ئاشکراکرد، کەسەرپەرشتیاری مەزارگەکان لەلایەن سیستانی، مەرجەعی باڵای شیعەکان لە نەجەف دەستنیشانکراون، بەڵام ئامادە نەبوو بڕی ئەو پارەیە ئاشکرا بکات، کە هەموو (١٥) رۆژ جارێک لەو مەزارگانە کۆدەکرێتەوە.

راوێژکاری دارایی مەزارگەی حسێن، ئاماژەی بەوەشدا، کە ئەو پارەیە بۆ دووبارە نۆژەنکردنەوەی مەزارگەکان بەکاردەهێننو بەشێکیشی دەخەنە کاری وەبەرهێنانەوە تاکو لەو رێگەیەوە بتوانین خزمەتگوزاریی زیاتر پێشکەش بە زیارەتکەران بکەن.

لێدوانەکانی ئەو بەرپرسە لە کاتێکدایە ئەو مەزارگانە، جگە لەو دیاریو نەزرانەی بۆیان دێـت، بودجەی تایبەتیان لەلایەن حکومەتەوە هەیە بە مەبەستی فراوانکردنو نـۆژەنـکـردنـەوەیـان. ئەمە جگە لـەوەی پارێزگاری کەربەلاش داوای دابینکردنی بودجەی دیکەی لە داهاتی نەوت کردووە، بـە مەبەستی بـووژانـدنـەوەی کەرتی گەشتوگوزاریی ئایینیو دروستکردنی فڕۆکەخانەیەکی مەدەنیی لە شارەکەدا.

# ـــازانێت



خـــولو وۆرکـشـۆپـانـە دەتوانێت ئەو لێکترازانەی لە کۆمەڵگەی کوردیدا دروستبووە جارێکی دیکە بهێنرێتەوە نێو کـۆمـەڵـگـەو بـرەوی پێبدرێت.

بــەرزان هــەورامــی، ئــەنــدامــی لــیــژنــەی پیشەسازییو وزەو کانزاکان لـــە (خولی پێشووی) پەرلەماندا ئاماژەی بەوەکرد، «یەکێک لەو پێشنیازانەی ماوەی دووساڵە لە کاتی پەسەندکردنی بودجەدا دەیکەین بۆ پەرلەمان، ئەوەیە کە بڕی (١٠٠)ملیۆن دۆلار بۆپڕۆژەی بچووکو مامناوەند تەرخانبکرێت، بەڵام بەداخەوە بەبیانووی ئەوەی کە بودجە کەمە هیچ ساڵێک ئەو پێشنیازەی لیژنەکەمان جێبەجێ نەکراوە».

هــەروەهــا وتیشی: «لــە پارێزگایەکی گەورەی وەک سلێمانیدا تەنیا دووهەزار کارگە تۆمارکراوە ئەوە لە کاتێکدایە رێژەکە زۆر لەوەزیاترە».

بوونی پڕۆژەی بچووکو مامناوەندکێشەی بێکاریی کەمدەکاتەوەو هەلێکی باش لەبەردەم هاوڵاتییاندا دەڕخسێنێت بۆ گرنگیدانو بـرەودان بە کەرتی تایبەتو کەمکردنەوەی ئەو فشارە زۆرەی بەهۆی مووچەخۆرییەوە لەسەر حکومەتەو رێگەش لە بەردەم چوونە دەرەوەی دراوی عێراقی دەگرێت، بە مەرجێک حکومەت هاوکارو پشتیوانی خاوەنپڕۆژە بچووکو مامناوەندەکان بێت.

بــەرزان هەورامی، بـــاس لـــەوەدەکـــات «هەرچەندە جێی دڵخۆشییە کە ئەمساڵ بڕێک پارە بۆ کەرتی کشتوکاڵ تەرخانکراوە، بەڵام ناکرێت گرنکی بە کەرتێک بدرێتو لایەنێکی دیکە فەرامۆشبکرێت، بەڵکو دەبێت هــەردوو کەرتەکە بە یەکەوەپشتگیریو پشتیوانی بکرێن، بـۆئـەوەی ژێرخانی ئابووریی هەرێم بەشێوەیەکی سیستماتیکو نەخشەبۆکێشراو بەرەوپێشەوە ببرێن».

دەربـــارەی هۆکاری تەرخان نەکردنی پارە بۆ کەرتی پیشەسازیی، ئەندامەکەی پەرلەمان روونیکردەوە «ئـــەوە ئەنجامی بێپلانیی حکومەتەو ئەوان زۆرجار باسیان لە بێپلانیی حکومەت کردووە لەکاتی دابەشکردنی بودجەدا، بــەوەی ئەو بودجەیەی کە هەیە بەشێوەیەک ئاڕاستە نەکراوە کە هەوڵبدرێت ژێرخانی ئابووریی هەرێمی پێ ببوژێنرێتەوەو پشت بە بەرهەمە ناوخۆییەکان ببەسترێت، هەر بۆیە دەبینرێت کەرتێکی گرنگی وەک کەرتی پیشەسازیی ساڵانە بودجەیەکی دیاریکراوی بۆ تەرخان ناکرێت».

بەهۆی پەراوێزخستنو گرنگی نەدان بە کەرتی پیشەسازییو هاوکارینەکردنی ئەو کەرتە لە رووی دابینکردنی کەرەستەو پــێــداویــســتــیو ســاغــکــردنــەوەی بەرهەمەکانیان، لە کۆی (٧٠)کارگەی بەردی مەرمەڕ لەشاری سلێمانیدا، تەنیا چەند کارگەیەکیان کاردەکەن.

ئەندامەکەی لیژنەی پیشەسازییو وزەو کانزاکان وتی، لە کاتێکدا ئێمە داوای ئەوەدەکەین کە دەبێت بودجەی (تشغیلی) بەکاربەر کەمبکرێتەوەو لەبەرامبەردا بودجەی (استثمار) وەبەرهێنان زیادبکرێت، ئەوا دەبێت بەپلانێکی زیرەکانە ئەو کارە بکرێت، یەکێک لەوانەش کەمکردنەوەی ئەو فشارە زۆرەیە کە بەهۆی بوونی رێژەی زۆری فەرمانبەرانەوە لەسەر حکومەتە، نەک دەرکردنو نانبڕینی خەڵک، بەڵکو دەبێت کارگەکانی هەرێم ببوژێنرێنەوەو هەلی کار بۆ خەڵک بڕەخسێنرێت.

بـەرزان هەورامی پێشیوابوو «بەپلەی یەک ئەرکی حکومەتی هەرێمە لە چوارچێوەی پلانێکی نەخشەبۆکێشراودا مەسەلەی هـاوکـاریـکـردنـی کـەرتـی پیشەسازییو فـەراهـەمـکـردنـی کـەرەســتــەی خـاوو پێداویستییەکانیان بۆ جێبەجێبکات»، وتیشی: «بەداخەوە لەماوەی ساڵانی قۆناغی دوای راپەڕیندا لەبەرئەوەی کەرتی پیشەسازیی داهاتێکی ئەوتۆی نەبوو زیاتر گرنکی بە کەرتی بازرگانی دراو تائێستاش ئەو رەوشە هەر بەردەوامە، بەڵام دەکرا لە چوارچێوەی ئەو بودجەیەدا پلان هەبێت بۆ بووژاندنەوەی کەرتەکانی کشتوکاڵو پیشەسازیی لەهەرێمدا، بەڵام تائێستا ئەوەنەکراوە».

# ژاپۆن لەبواری نەوتدا وەبەرهێنان لەعێراقدا دەکات

ئا: محەمەد ساڵح

کۆمپانیای جابیکسی ژاپۆنی لەگەڵ حکومەتی عێراق دەستی بە وتووێژکردووە بۆ ئەوەی مۆڵەتی دەرهێنانی نەوتی پێبدرێت لەکێڵگە نەوتییەکانی عێراقدا.

کۆمپانیای جابیکس، کـە لـەسـاڵـی (٢٠٠٥)ەوە ئیشی راهێنانی ئەندازیارانی بواری نەوتە لەعێراق لەبەیاننامەیەکیدا بڵاویکردووەتەوە ئاماژە بەوەدەکات، ئومێدەوارە بتوانێت لەوکێڵگە نەوتییەی کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی شاری بەغدا بتوانێت لەڕێگەی ئەزموونو تواناکانی خۆیەوە هاوکاریی عێراق بکات لەگەشەکردنو بەرەوپێشبردنی کێڵگە نەوتییەکاندا.

کۆمپانیاکە ئاماژەی بەوەشکردووە، «دەیەوێت ئەوکێڵگەیە بکاتە پرۆژەیەکی بازرگانیی ئەوەش بەزیادکردنی بەرهەمەکەی بۆ (٤٠٠) هەزاربەرمیل لەرۆژێکدا کە ١٠٪ی پێداویستی ناوخۆی وڵاتێکی وەک ژاپۆن پڕدەکاتەوە».

کۆمپانیای جابیکس، کە لەساڵی ١٩٥٥ ە وە دامــەزراوەو نووسینگەی لە دوبەیو تەرابلوس هەیە پێشنیازی ئەوەی کردووە ناوچەی مەکامن لەنزیک کێڵگە نەوتییەکەوە گەشە پێ بدات بۆ ئەو مەبەستەش ئێستا لەگەڵ حکومەتی عێراقدا لەگفتوگۆدایە دەربارەی بڕی تێچوونی پرۆژەکەو ئامانج لەبەرهەمهێنانی بەرهەمی کێڵگەکە.

لەلایەکی دیکەوە کۆمپانیا ژاپۆنییەکە لەگەڵ کۆمپانیای (جی. جی.سی) رێکەوتووەو پێشنیازی کردووە بۆئەوەی کێڵگەی نەوتی ناسریە لەباشووری عێراق گەشەپێبدات.

کۆمپانیای جابیکس، یەکێکە لەکۆمپانیا گەورەو بەتواناکانی ژاپۆن لەبواری دەرهێنانی نەوتو گـازداو چـاوەڕوان دەکرێت لەدوای گرێبەستەکانی ئەو کۆمپانیایە لەگەڵ عێراق، ژمارەیەک کۆمپانیای دیکەی ژاپۆنی ڕوو لەعێراق بکەن بۆ وەبەرهێنان لەبواری نەوتوگازدا.

# کـورد بێئاگـایە لە ملیـــ



محەمەد شێخ فاتح

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان ئاماژە بەو داهاتە زۆرە دەکـەن، کە دێتە مەزارگەو شوێنە ئایینییەکانی ناوچەکانی ناوەڕاستو باشووری عێراق، کە لەلایەن چەند کەسێکی تایبەتەوە دەستیان بەسەرداگیراوەو هەرێمی کوردستانیش تائێستا هیچ هەڵوێستێکی لەو بارەیەوە نەبووە.

ڕەشید تاهیر، بریکاری وەزارەتـی دارایی هەرێم، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: کە لە ئێستادا ٥٢ مادەی دەستووریی هەیە کە دەبێت یاسایان بۆ دەربچێتو لەناویشیاندا مەسەلەی ئیراداتو داهاتەکان هەیە.

ڕەشید تاهیر، ئاماژەی بەوەشدا، کە تا ئێستاش لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا لە گفتوگۆی ئـەوەدان کە ئەو داهاتانە چۆن دابەشبکرێن، بۆیە بریکاری وەزارەتی دارایی پێیوایە داهاتی ئەو مەزارگە ئایینیانەش بەشێکن لەو جۆرە داهاتانە.

مـــەزارگـــەو شوێنە ئایینییەکانی ناوچەکانی ناوەڕاستو باشووری عێراق، بە یەکێک لە سەرچاوەکانی دابینکردنی داهات دەژمێردرێن، بەڵام ئەو سەرچاوە گەورەیە بەجێهێڵراوە بۆ دیوانی وەقفی شیعیو ئەوانیش هەموو کەسو لایەنێکیان لە بڕی داهاتەکانی بێ ئاگا کردووە.

ئیسماعیل شکور، ئەندامی لیژنەی داراییو ئابووری لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو پارەیەی کە لە میوانەکان وەردەگیرێت لەلایەن کۆنسوڵخانەکانی عێراقەوە وەردەگیرێنو دواتر دەچێتە وەزارەتـی دەرەوەو پاشان لەگەڵ وەزارەتـــی دارایـــی ئەو حیساباتە دەکرێت.

ئیسماعیل شکور ئەوەشی باسکرد، کە بەپێی بڕی ئەو داهاتەی دێتە وەزارەتی دەرەوە لـە بـودجـەی ئـەو وەزارەتـــە دەبڕدرێت.

بەپێی هەندێک ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانیی، تەنیا بە داهاتی یەک ساڵی شوێنە ئایینییەکانی نەجەف دەتوانرێت پێنج ساڵ عێراقی لەسەر بژێنرێت، بەڵام د.خالید حەیدەر، مامۆستای زانکۆی سلێمانی، پێیوایە ئەگەر ئەو بڕە بەو جۆرەش نەبێت، ئەوا هێند زۆرە کە بەو ئاسانییە هەرێم دەستبەرداری نەبێت.

لێدوانەکانی ئەو چاودێرە ئابوورییە لەکاتێکدایە کە ئەندامەکەی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایوایە ئەو بڕە پارە زۆرەی لە ڕاگەیاندنەکانەوە ئاماژەی پێدەکرێت بەو جۆرە نییە کە باسی لێوە دەکرێت.

ساڵانە چەندین ملیۆن شیعە لە ناوخۆو وڵاتانی دەرەوەی وەک ئێرانو هندستانو پاکستانو لوبنانو بەحرەینو سوریاوە سەردانی مەزارە پیرۆزەکانی شیعەکان دەکەن لە شارەکانی نەجەفو کەربەلا.

سەردانکەرانی مـەزارەکـانـی ئیمام حوسێنی کچەزای پێغەمبەرو کوڕی ئیمام عەلیو مـەزاری ئیمام عەباسو مەزاری ئیمامی عەسکەریی لە سامەڕاو چەندان مەزاری دیکەیش، دیاریو پارەو کەلوپەلی بەنرخیان پێشکەش دەکەن، کە دەخرێتە ناو ئەو قەفەسەی کە قەبری ئەوانی تێدایە.

بەپێی ئامارە فەرمییەکان، تەنیا لە یەک بۆنەی ئایینیی ئەمساڵدا، کە چلەی ئیمام حوسێن بوو لە مانگی ئازاری ڕابردوودا، نزیکەی (٧٠) هـەزار سەردانکەر لە (٢٢ وڵاتی ئەفریقیو ئاسیاییو ئەوروپی)ەوە ڕوویانکردبووە شاری کەربەلاو بەشی زۆریان دیاریو پارەیان بۆ ئەو مەزارانە هێنابوو.

د. دلێر حەقی شاوەیس، سەرۆکی لیژنەی داراییو ئابووری لە خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ڕۆژنامەی ئاشکراکرد، کە ئاگاداری ئەو داهاتانە نییە، شاوەیس ئەوەشی خستەڕوو، کە بڕێک لەو داهاتانە بۆ کەرتی تایبەت دەچێتو بڕێکی تریشی وەک باج حکومەت مامەڵەی لەگەڵدا دەکات کە زۆر شایانی باس نییە.

د. دلێر هێمای بۆئەوەشکرد کە ئەو بڕە پارەیەی دەبرێتە ئەو مەزارگانەوە شێوازی مامەڵەکردنەکەی بەو جۆرەیە کە وەقفە، بەڵام دەکرێت بەدواداچوونی زیاتری بۆبکرێت.

زۆریـــی بـڕی داهـاتـی ئـەو شوێنە ئایینیانە لەکاتێکدایە، کە بەپێی هەندێک سەرچاوە، بـڕیـاردراوە داهاتەکانیان بۆ دیوانی وەقفی شیعیی بگەڕێنرێتەوەو ئەوان مافی مامەڵکردنیان هەبێت بە داهاتەکانەوە، مامۆستاکەی زانکۆی سلێمانیش باس لەوە دەکات، کە ئەگەر بەو جۆرەیە ئەوا هەرێمی کوردستانیش دەتوانێت داهاتی شوێنە گەشتیارییەکانو گومرگەکان نەگێڕێتەوە بۆ بەغدا.

سەردانکەران دیارییەکانیان دابەشدەکەن بەسەر ئەو مەزارانەی کە سەردانیان دەکەنو هەندێک لە پیاوە ئایینییەکانی ئەو شارانەش باسلەوەدەکەن؛ کە زیارەتکەران دیاری دەبەخشنە ئەو مەزارگانە تاکو دوعاکانیان

## دووساڵ لەسەریەک پێشنیازێکی لیژنەی پیشەسازیی پشتگوێخراوە

# کـوردستان، ئەو هەرێمەی بایەخی پیشەسازیی نـــ

محەمەد ساڵح حەمەلاو

حکومەتی هەرێم کەرتی پیشەسازیی فـەرامـۆش دەکـاتو ئەندامێکی لیژنەی پیشەسازیش لـە پـەرلـەمـانـی هـەرێـم ڕایدەگەیەنێت، مـاوەی دووسـاڵ لەسەر یەک پێشنیازیانکردووە (١٠٠)ملیۆن دۆلار بۆ بووژاندنەوەی کەرتی پیشەسازیی تەرخانبکرێت، بـەڵام بەپاساوی کەمیی بودجەوە پێشنیازەکەیان جێبەجێنەکراوە.

عوسمان محەمەد، کە دەرچـــووی کۆلێژی ئابوورییە ئاماژەی بەوەکرد، ڕاهێنانی گەنجانو خاوەن پیشە بچووکەکان کارێکی باشو جێی دڵخۆشییە، بەڵام تەنیا ڕاهێنان بەس نییە بۆئەوەی گرنگیی بە پڕۆژەی بچووک بدرێت، ئەوەی کە تێبینیش دەکـرێـت ئەوەیە کە تائێستا حکومەت هاوکاریی مادییو مەعنەویی ئەو کەسانەی نەکردووە کە خاوەن پـڕۆژەی بچووکن، یاخود دەیانەوێت پڕۆژەیەکی بچووک دابمەزرێنن.

وتیشی: «ڕەنگە ئێستا هەزاران کەس هەبن کە خاوەنی بیرۆکەی پڕۆژەی بچووک بن، بەڵام لەبەرئەوەی لایەنێک یاخود بانکێک نییە هاوکارییان بکات ناتوانن بیرۆکەکانیان بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە».

ئەو دەرچــووەی کۆلێژی ئابووری پێشیوابوو «ئەرکی سەندیکاو ڕێکخراوە پیشەییەکانە کە هەوڵبدەن وەک چۆن ئێستا لە وڵاتانی پێشکەوتوودا لە ڕێگەی بانکێکەوە قەرزی درێژخایەن یان کورتخایەن دەدرێت بە خاوەن پڕۆژە بچووکو مامناوەندەکان، لێرەش ئەو کارە بکرێت، یاخود حکومەت بانکێکی تایبەت بـەپـڕۆژەی بچووک دابمەزرێنێتو لە ڕێگەیەوە هاوکاریی خەڵکانی خاوەن پڕۆژەی بچووک بکات، بەڵام جێگەی داخە لەجیاتی ئەوە، ئێستا حکومەت زیاتر سەرپەرشتیو چاودێریی پڕۆژە بچووکەکان دەکات نەوەک لە ڕووی مادییەوە هاوکارییان بکات».

عوسمان، ئەوەشی بەنموونە هێنایەوە، کە خاوەن سەرتاشخانەیەک ساڵانە لە کاتی نوێکردنەوەی مۆڵەتەکەیدا بڕێک پارەی لێوەردەگیرێتو چەند شاگردیشی هەبێت ئەوەندە (١٥)هـەزاری دیناریی لێدەسەنن، بەڵام لەبەرامبەردا هیچ خزمەتگوزارییەکی بۆ جێبەجێ ناکەن.

ئاشکرایە کە ئێستا ژمارەیەک کۆمەڵەو سەندیکا نوێنەرایەتیی خاوەنکارو پیشە جیاجیاکان دەکـەن، بەڵام ژمارەیەک لە پیشەوەرانو خـاوەن پـڕۆژە بچووکو مامناوەندەکان پێیانوایە، ئەو کۆمەڵەو سەندیکایانە بەقەد ئەوەی کاریان وەرگرتنی باجو ڕسوماتە لە پیشەوەران، ئەوەندە هەوڵیان نەداوە خواستو داواکارییەکانیان بۆ جێبەجێبکەن، هەر بۆیە بە نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان نازانن‌و ئێستا لە هەوڵی ئەوەدان کۆمەڵە یان سەندیکایەک بۆ خاوەن پڕۆژە بچووکو مامناوەندەکانیش دابمەزرێنرێت.

ڕێـــزان عـەبـدولڕەحـمـان، خاوەنی ئارایشتگای ژنانە باسی لەوەکرد، پێویستە حکومەت هاوکاریی پڕۆژەی بچووک بکات، چونکە پڕۆژەی بچووک کاریگەریی بۆسەر بژێویو باری ئابووریی وڵات دەبێت.

ڕێـزان، وتیشی: «وەک چۆن هەموو بوارەکانی دیکەی کارکردن سەندیکاو کۆمەڵەی تایبەت بەخۆیان هەیە، ئاواش پێویستە سەندیکایەک هەبێت داکۆکی لەخواستو مافەکانی خەڵکانی خاوەن پـڕۆژەی بـچـووک بـکـات»، هـەروەهـا جەختیشی لەسەر ئەوەکردەوە «هەرچەندە خەڵکانی بە تواناو شارەزا زۆرن کە بتوانن لە بواری پڕۆژەی بچووکدا کاربکەن، بەڵام حکومەت هیچ بایەخێک بە پڕۆژەی بچووک نادات‌و پلانی بۆ ئەو بوارە نییە، وەک چۆن سەندیکاکانیش پلانێکیان بۆ ئەوبوارە نییە».

ئـەو خـاوەن ئارایشتگایە ئەوەشی نەشاردەوە، ئـەوان دەیـان کێشەی وەک نەبوونی ئـاوو کارەبا هەیە، بـەڵام هیچ کەسێک هەوڵی نـەداوە کێشەکانیان بۆ چارەسەربکات.

لەلایەکی دیکەوە مـەریـوان جەمال خاوەنی سەرتاشخانەیە، ئاماژەی بەوەکرد، ڕاهێنانی خەڵکانی خاوەن پیشەی بچووک کارێکی زۆر باشەو ئەگەر بکرێت ژمارەیەک لە خاوەن پڕۆژە بچووکەکان بنرێردرێنە دەرەوە بۆ ئـەوەی شـارەزای ئەزموونی وڵاتان ببن کارێکی باشە، بەڵام وەک خۆی وتی، ئێستا درەنگە بۆ هۆشیارکردنەوەو ڕاهێنانی خـاوەن پیشەکان دەربـارەی پڕۆژەی بچووک.

هاوکات محەمەد کەریم، سەرۆکی مونتەدای ئابووریی کوردستان، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد، ئەوان بە هەماهەنگی شەش ڕێکخراوی ناوخۆیی لەگەڵ (UNOPS) ڕێـکـەوتـوون بـۆ ئـەوەی بـزانـن چۆن هاوکاریی ژنانو گەنجانو کەسانی خاوەن پڕۆژە بچووکەکان بکەن لەدروستکردنو بـەڕێـوەبـردنـی پـــڕۆژەی بـچـووک لەکوردستانداو ئێستا سەرگەرمی ڕاهێنانی (٦٠٠)کـەسـن لە ناوچەکانی هەڵەبجەی شەهیدو هەڵەبجەی تازەو سەیدسادقو بەرزنجە، بۆئەوەی دەربـارەی پڕۆژەی بچووک ڕایانبهێننو توانای ئیدارەکردنو بـەڕێـوەبـردنـی پـــڕۆژەی بچووکیان هەبێتو کەم تازۆر کێشەی هەژاریی پێ چارەسەربکرێت.

محەمەد کەریم وتیشی: «دوای ئەوەی ئەو (٦٠٠)کەسە ڕادەهێنرێن (١٠٠)کەسیان لێ دەستنیشان دەکرێتو دواتریش ئەو (١٠٠)کەسە لەلایەن ڕێکخراوێکی دیکەوە (تقیم) هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێتو دەبنە ڕاهێنەر».

ئـەو کەسانەی دەربـــارەی پـڕۆژەی بچووک ڕاهێنراون لە ڕێگەی ژووری بـازرگـانـیو ئەنجومەنی پـارێـزگـاو بانکەکانەوە هەماهەنگییەک لەنێوانیاندا دروستدەکرێت، بۆئەوەی ئەگەر ویستیان مۆڵەتی کردنەوەی پڕۆژەیەک وەربگرن، یاخود زەوییەکیان بۆجێبەجێکردنی کارێک بۆ دیاریبکرێت یان پێویستیان بەپارە هەبێت لە ڕێگەی ئەو لایەنانەوە کارئاسانییان بۆ دەکرێت، بۆ ئەوەش بۆردێکی پێنج کەسی لە خۆیان دەستنیشاندەکەنو سەرپەرشتی ئیشوکارەکانی خۆیان دەکـەن، ئەوەجگە لـەوەی ڕێکخراوی (UNOPS) خۆیشی چاودێرییان دەکات.

سەرۆکی مونتەدای ئابووریی باسی لەوەشکرد، ئێستا ڕێکخراوی (UNOPS) هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی (CHF) کردووەو سەرمایەیەکی بەبڕی (٤٠٠)هەزار دۆلارتەخانکردووە بۆ هاوکاریکردنی ئەو کەسانەی ڕاهێنانیان دەربـارەی پڕۆژەی بچووک پێکراوەو بەنیازن پڕۆژەیەکی بچووک بۆ خۆیان دابمەزرێننو بەگوێرەی جۆری ئیشەکانیان تا پێنج هەزار دۆلار وەک قەرز هاوکاری دەکرێن بەبێ ئەوەی سوود بچێتە سەر قەرزەکە.

لەکوردستاندا جگە لە ڕێکخراوی (UNOPS) ئێستا ڕێکخراوی کیدۆش سەرگەرمی ئەوەیە کە چۆن گەنجان هانبدات بۆ ئیشکردنو ڕاهێنان لەسەر دروستکردنو دامەزراندنی پڕۆژەی بچووک.

محەمەد کەریم پێیوابوو، ڕاهێنانی کـەسـانـی خــاوەن پـــڕۆژەی بچووک هۆشیارییەکی پیشەیی دەخـاتـە نێو کۆمەڵگەوە، چونکە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی تاڕادەیەک دواکەوتووە، بەتایبەت لەم قۆناغەدا کە چینی سەرەوەو خوارەوە ماوەو چینی مامناوەند داڕماوەو کێشەی هاوکاریکردنی دارایی بوونی هەیەو گەنجی ئێستا بە ئاسانی ئیشی دەست ناکەوێت، هەربۆیە کردنەوەی ئەمجۆرە

## لیستەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی وەڵامی تۆمەتەکان دەدەنەوە

# «هەندێ ڕاگەیاندنو لایەنی سیاسی دەیانەوێت ئۆباڵی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان بخەنە ئەستۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی»

سەرکەوت ئەحمەد





ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ دووەم جار وەڵامی ئەو تۆمەتو هەواڵانە دەداتەوە کەلەلایەن چەند لایەنو کەناڵێکی ڕاگەیاندنەوە ئاراستەیان دەکرێتو ئەندامانی ئەنجومەنەکەش پێیانوایە کە هەموو ئەو تۆمەتانە ناڕاستو لەماوەی کارو دەسەڵاتی خۆیاندا بەپێی ئەو بودجەیەی لەبەر دەستیاندا بووە، توانیویانە سەدان پرۆژە جێبەجێبکەن.

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ڕۆژی (٨/١٨) کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی بە ئەنجام گەیاند سەبارەت بە کارو چالاکییەکانیو بەرپەرچدانەوەی ئەو هەواڵو ڕاپۆرتانەی کە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی تۆمەتبار دەکەن بە کەمتەرخەمییو گەندەڵیی، کە تیایدا ڕوونکردنەوەیەکیان بڵاوکردەوە، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەو ڕوونکردنەوەیەدا جگە لەوەی ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکاتەوە داواش دەکات لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بە بەشداریی نوێنەری مەکتەبی سیاسیی هەر چوار پارتەکەی ناو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پێکبهێنرێت.

هەروەها داواکراوە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە لیژنەی نەزاهە بنێرێتو لێکۆڵینەوەی ورد لە چۆنیەتی خەرجکردنی ئەو پارانە بکات، کە لە ماوەی تەمەنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە بەغداوە بۆیان نێردراوە.

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پڕوپاگەندەی هەندێک کەسو کەناڵی ڕاگەیاندنی بە «نارەواو ژەهراویی» وەسفکرد دژی ئەنجومەنەکەیان، بەوپێیەی دەیانەوێ لەپێش چاوی خەڵکی پارێزگای سلێمانی ناشیرینبکرێنو ئۆباڵی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان بخەنە ئەستۆی ئەنجومەنەکە.

لە هەمان ڕوونکردنەوەی ئەنجومەنەکەدا هاتووە؛ کە ئەنجومەنەکە پێکهاتەیەکی هەمەلایەنەی چوار لیستی سەرەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانو کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستانەو هەموو ئەو لیستانە بەپێی ڕێژەی کورسییەکانیان لە ئەنجومەنی پارێزگا مافی پیادەکردنی کارو دەسەڵاتەکانی ئەو ئەنجومەنەیان هەیەو هەبووە، بۆیە لۆژیک ڕێگە نادات ئەنجومەنێک بەم پێکهاتەیەوە ببێتە لایەنگری لیستێکی دیاریکراو یان ڕێگری لیستێک بکات.

لە خاڵێکی دیکەی ئەو ڕوونکردنەوەیەدا دەڵێت: «سەبارەت بە ئیختیلاس لە بودجەی وشکەساڵیی دیوانی پارێزگای سلێمانی بۆ ئەوەی یاسا سەروەر بێتو یاسا بڕیاری خۆی بدات ئەو دۆسییەیە ڕەوانەی دادگا کراوەو دادگاش شەرم لە کەس ناکاتو متمانەمان بە دادگا هەیە».

کۆی ئەو بودجەیەی کە لە ماوەی چوار ساڵی کارکردنیدا ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی خەرجیکردووە، بریتییە لە (١) ترلیۆنو (٥٤) ملیارو (٦٥٤) ملیۆن دینار بۆ (١٣٣٥) پرۆژەی جۆراوجۆر لە سنووری دەسەڵاتی خۆیدا.

لەلایەکی دیکەوە ڕۆژی (٨/٢٥) ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کۆنگرەیەکی دیکەی ڕۆژنامەنووسی بە ئەنجامگەیاند لەسەر پرۆژەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

لەو کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەدا، دانا عەبدولکەریم، لێپرسراوی پرۆژەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی باسی لەو پرۆژانە کرد، کە هەندێ لە ڕاگەیاندنەکان ڕەخنەیان لێگرتووەو بە گەندەڵییو کەمتەرخەمیی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ناویان بردووە.

دانا عەبدولکەریم ئاماژەی بەوەشکرد شانازیی بە کارو پرۆژەکانیانەوە دەکەنو وتیشی: «تەحەدا دەکەم کۆی وەزارەتەکانی دیکەی حکومەتی هەرێم بە هێندەی نیوەی پرۆژەکانی ئێمە پرۆژەیان جێبەجێ کردبێت».

دانا نموونەی ئەوەی هێنایەوە لە پرۆژەکانی چەمچەماڵدا کە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە ماوەی سێ ساڵدا (١٠٩) پرۆژەی تێدا جێبەجێکردووە.

لێپرسراوی پرۆژەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئاماژەی بەوەشدا، کە ئەوان بە ئامارو ژمارەو دۆکیۆمێنت قسە دەکەنو داوا دەکات بەدواداچوون بکرێت لەسەر ئەو (١٣٣٥) پرۆژەیەو دەڵێت: «ئەگەر پرۆژەیەکتان بینی جیاوازبوو لەگەڵ ئەم خشتەیەی کە بڵاوی دەکەینەوە، ئەو کاتە دەتوانن ڕەخنەکانتان ئاراستە بکەن».

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە (٩٧٪)ی پرۆژەکانی بە دەعوە عامە جێبەجێکراوە، لە (٢,٥٪)ی پرۆژەکانی بە دەعوە موباشەیرو، لە (٠,٥٪)ی بە ئوسلوبی عەتای واحد کراوە.

کاوە عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئاماژەی بەوە کرد، ئەو تۆمەتانەی کە بەبێ بەڵگە بڵاو دەکرێنەوە تەنیا بۆ تەشهیرکردنەو مەرامی سیاسیی لەپشتەوەیە، باس لەوەش دەکات هەندێ لە ڕاگەیاندنەکان دەیانەوێت ئۆباڵی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان بخەنە ئەستۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

کاوە، ئاماژەی بەوەشدا دەیانەوێت ئەوە بە خەڵک بڵێن کە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بووەتە هۆی دەنگ نەهێنانی هەندێ لایەن کە بەداخەوە خۆی لە لیستی کوردستانیدا دەبینێتەوە، لە کاتێکدا ئەوان وەکو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کاریان بۆ هیچ لیستێک نەکردووە.

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی نیگەرانی خۆشی لە لابردنی هەندێ بەڕێوەبەرو فەرمانبەر دەربڕی هەروەها باسی لەوەشکرد، لە ئێستاشدا بەنیازن چەندین بەڕێوەبەری ناحیەو قایمقام لابەرن بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو پرسیان پێبکەن.

کاوە عەبدوڵڵا باسی لەوەشکرد، کام لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم بەباش دەزانن لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا بەراوردی بکەن لەگەڵ کارو پرۆژەو چالاکییەکانی ئەنجومەندا هەڵیسەنگێننو بزانن ئەنجومەن کاری باشی کردووە یان ئەو وەزارەتە کردوویەتی، هەروەها پێیوابوو بە هێندەی ئەو بودجەیەی کە پێیان گەیشتووە ئامادەن لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.

لەلایەکیترەوە کوردستان سێوکانی، سەرۆکی لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئاماژەی بەوەکرد، پاش ئاشکراکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێم هێرشێکی ڕاگەیاندنی نارەوای نادروست دەکرێتە سەر پارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگاو وتیشی: «من نازانم ئەم هێرشە لە خزمەتی کێدایە، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دامەزراوەیەکی کوردستانیو ئیدارییو پڕ بایەخە، کە بە هەڵبژاردنێک هاتووەتە دی، بەڵام بە نارەوا لەکەدارو عەیبدار دەکرێت».

سێوکانی ئەوەشی خستەڕوو، کە لە یەکێک لە بڵاوکراوە ڕەسمییەکاندا باس لە ئەنجومەنی پارێزگا دەکات، کە تەندەری تەخشانو پەخشان کردووە، ئەوکە لە ئەنجومەنی پارێزگا لە لیژنەی ئیحالەدا بووە ئاگاداری هیچ خروقاتێک نیە، هەر چوار لیستەکە لە لیژنەی ئیحالەدا بەشدارن، هاوکات داکۆکی لە نەزاهەتو کەسایەتی خۆیو برایانی لیستی یەکگرتوو دەکات.

سێوکانی، خوازیاربوو ئەو لێپێچینەوەیە لەگەڵ وەزارەتەکانو بودجەی هەرێم بکرێت، باسی لەوەش کرد کە ناکرێت بڵێین هیچ نەکراوە، بەڵکو هەروەکو چۆن ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بڕی بودجەکەو پرۆژەکانی بە تەواوی ڕوونکردەوە بە هەمانشێوە هەموو وەزارەتەکانیش ڕوونکردنەوە بدەنو بودجەکەیان ئاشکرا بکەن.

# ژنێک دەیان ساڵە لە ئەشکەوتێکدا دەژی

ڕۆژنامە

ڕێکخراوی مانگی سوری نێودەوڵەتی لە شاری واست، ژنێکی تەمەن (٧٠) ساڵیان دۆزییەوە، کە دەیان ساڵە لە ئەشکەوتێکدا ژیان بەسەر دەبات.

سەرچاوەیەک لەو ڕێکخراوە بە (مەوسوعەی نەهرێن)ی ڕاگەیاندووە: کە مانگی سور بە مەبەستی گەیاندنی هاوکاریی بۆ ئەو ژنە سەردانی کردووەو تێبینی ئەوەیان کردووە لە نێو کەلێنی گردێک کە لە ناوەوە لە چەند ژوورێک پێکهاتووە ژیان دەگوزەرێنێت، کە دەکەوێتە (٤٥)کم باشووری شاری واست.

ئەو کەلێنە لەلایەن ئەو ژنەوە سەریگیراوە بە دارو قوڕو پاشان خۆڵیکردووە بەسەریداو دەروازەیەکی تەسکی بۆ هێشتووەتەوە بۆ هاتوچۆ، هەروەها ئەو ئەشکەوتە لەپاڵ دوو ژووری بچووکدایە کە بە قوڕ دروستکراون.

ژنە بەتەمەنەکە لە کاتی سەردانی تیمەکەی مانگی سوردا ترسێکی زۆر لەلای پەیدا بووە، جگە لەوەی نەیتوانیوە بە باشی گفتوگۆ بکات.

سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەشکرد؛ ئەو ژنە دەیان ساڵە لەو ئەشکەوتەدا دەژیو لەسەر هاوکارییو یارمەتی خێرخوازانی ئەو ناوچەیە ژیاوە، هەروەها دوو کوڕەکەی ئەو ژنە سەرقاڵی بەخێوکردنی ئاژەڵن لە کەناری دیجلە، یەکێک لە براکانی ئەو ژنەش لە ساڵانی ڕابردوودا لە بەشێکی دیکەی ئەو ئەشکەوتەدا ژیاوە، بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەندێک ئاژەڵی دڕندەی وەکو گورگو ڕێوی خواردوویانە کە لەو ناوچەیەدا بەربڵاون.

فەرمانبەرەکەی مانگی سور ڕاشیگەیاند: کە ڕێکخراوەکەیان لە ئایندەدا چەند سەردانێکی دیکەی بەردەوامی ئەو ژنە دەکاتو پێداویستییە سەرەکییەکانی وەکو خۆراکو ئاوی بۆ دابیندەکات.





## سەرەتا لە شاری هەولێر دەستدەکرێت بە جێبەجێکردن

# هێڵی فریاکەوتنی خێرا بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی منداڵان، لە کوردستان دروستدەکرێت

بەرهەم عومەر

**ئـەو منداڵانەی لە قوتابخانەو بازاڕەکاندا توندوتیژییان بەرامبەر دەکـرێـت، دەتـوانـن پـەیـوەنـدی بکەن بە ژمـارە (١١٦)ەوەو سکاڵای خۆیان تۆماربکەن‌و کێشەکانیان چارەسەربکەن.**

وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، بە هاوکاری کۆمپانیاکانی پەیوەندی سیستمی هێڵی فریاکەوتنی خێرا دادەمـەزرێـنێـت بۆ فریاکەوتنی ئەو منداڵانەی ڕووبـەڕووی توندوتیژیی دەبنەوە لە کوردستاندا.

شلێر عەلی عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان‌و ئەندامی هێڵی فریاکەوتنی منداڵان لە وەزارەتـی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە سەرەتای ساڵی ئایندەوە هێڵی فریاکەوتنە خێراکە دەکەوێتە کارو منداڵانی کوردستان دەتوانن لە کاتی پێویستدا سوودمەندبن لێی‌و ڕێنمایی تەندروست‌و پێویست وەربگرن لە پسپۆرە تایبەتمەندەکان، کە لەو سەنتەرەدا خزمەتگوزاریی پێدانی ڕێنمایی پێشکەشدەکەن.

دوو ڕۆژ لەمەوبەر وەزارەتی ناوبراو نووسراوێکی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ کۆمپانیای نەورۆز تیلیکۆم واژۆکرد، بە مەبەستی دانانی ژمارە (١١٦) لە سیستمی هێڵەکەیاندا بۆ فریاکەوتنی ئەو خێزان‌و منداڵانەی توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت، بڕیاریشە لە چەند ڕۆژی ئایندەدا لەگەڵ مۆبیتێل‌و ئاسیاسێل‌و کۆرەک تیلیکۆم بە هەمان شێوە بەڵێننامەی لێکتێگەیشتنەکان واژۆ بکرێت.

ئەو خێزان‌و منداڵانەش، کە دەتوانن سوودمەندبن لە هێڵی (١١٦) ئەو کەسانەن، کە دووچاری توندوتیژیی دەبنەوە یان کێشەیان تووش دەبێت‌و پێویستیان بە ڕێنمایی دەروونیی‌و کۆمەڵایەتی دەبێت، تا تەمەنی (١٨) ساڵ، بۆ ئەوەی تیمەکان بە هانایانەوە بچن‌و خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی‌و دەروونـیـی پێویستیان پێشکەش بکەن.

هەرێمی کوردستان سەدو پەنجاو یەکەمین وڵاتـە، کە سیستمی هێڵی فریاکەوتنی خێرای منداڵانی تێدایە بە ژمارە (١١٦)و خێزان‌و منداڵەکانی هــەر ســێ شــارەکــەی (سلێمانی، هەولێرو دهۆک) سوودمەند دەبن لە سیستمەکە، ئەو کۆدەش لە وڵاتانی ئـەوروپـا بە هەمان شێوە لەلایەن هەموو کۆمپانیاکانی پەیوەندییەوە تەرخانکراوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی منداڵان.

بـەرپـرسـی پـەیـوەنـدیـیـەکـان لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئەوەشی خستەڕوو، کە لە مـاوەی ئایندەدا سەنتەری تایبەت لە هەر سێ پارێزگاکەی کوردستان دەکرێتەوەو پاش ڕەمەزان پسپۆڕێکی نێودەوڵەتی دێتە کوردستان‌و خول‌و ۆرکشۆپ ساز دەکات بۆ ئەو ستافەی لە وەزارەتەوە تەرخانکراوە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان، کە پێکهاتوون لە توێژەرانی دەروونیی‌و کۆمەڵایەتی.

شـلـێـر عــەلــی، ڕاشـیـگـەیـانـد؛ وەزارەتەکەیان هەماهەنگی هەیە لەگەڵ وەزارەتەکانی دادو ناوخۆو پەروەردەو ڕۆشنبیریی‌و ئـەوقـاف‌و کاروباری ئایینی، بۆ ئەوەی کاتێک هەر کێشەیەکی منداڵ پەیوەندیی بـەو لایەنانەوە هەبێت بە خێراترین کات چارەسەر بکرێت‌و منداڵەکە دووربخرێتەوە لە توندوتیژیی.

وەزارەتـــی کـــارو کـــاروبـــاری کۆمەڵایەتی لە شارەکانی هەرێم سەنتەری فریاکەوتنی منداڵ دەکاتەوەو ڕۆژانـە بە بەردەوامیی وەڵامـی ئەو هاوڵاتییانە دەداتــەوە، کە لە ڕێگەی (١١٦)ەوە پەیوەندییان پێوە دەکەن، لە قۆناغی دووەمـی پـڕۆژەکـەدا لە قەزاو ناحیەکانیشدا هەمان سەنتەر دەکرێتەوە.

بێستون مـحـەمـەد، تـوێـژەری کۆمەڵایەتی‌و ئەندامی لیژنەی تایبەتی وەزارەت بۆ هێڵی فریاکەوتنی خێرای منداڵان، باسی لەوە کرد، کە ساڵێک لـەمـەوبـەر وەزارەتــی کـاروبـاری کـۆمـەڵایـەتـی لـەگـەڵ ڕێـکـخـراوی یونسێف‌و تۆڕی فریاکەوتنی جیهانیی، کاریکردووە بۆ کارکردن بەو هێڵە، بە ناردنی چەند کەسێکی پسپۆڕ بۆ خولێک لە وڵاتی ئـەردەن، بۆ ئاشنابوون بە هێڵی فریاکەوتنی منداڵان لەو وڵاتەداو چۆنیەتی دامەزراندنی هێڵی فریاکەوتن لە کوردستاندا.

قۆناغی یەکەمی پڕۆژەکە سەرەتا لە هەولێر، پاشان لە سلێمانی‌و دهۆک جێبەجێدەکرێت، هەروەها بێستون ڕایگەیاند: کە پڕۆژەکە پشتی بەستووە بە ڕاپرسییەکی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان، کە لە ساڵی ڕابـردوودا ئەنجامیاندابوو لـەگـەڵ نزیکەی (٩٠٠) منداڵ لە هەر سێ شارەکەی کوردستان، کە زۆرینەیان سەنتەرێکی لەو شێوەیەیان بە باش زانیبوو بۆ بەدەمەوەچوونی کێشەکانی منداڵان.

بێستون، ئـەوەشـی خستەڕوو لـە قۆناغی یـەکـەمـدا مـنـداڵ تەنیا لـە ڕێـگـەی تـەلـەفـۆنـەوە ڕێنمایی دەروونیی‌و کۆمەڵایەتی‌و تەندروستی پێشکەشدەکرێت، لە قۆناغی دووەمدا پەیوەندیی دەکرێت بە دامـەزراوەو دەزگـا پـەیـوەنـدیـدارەکـانـەوە بۆ بەدەمەوەچوونی لە کاتی پێویستدا.

کاتێک ئەم هێڵی فریاکەوتنە دەکەوێتە کار، منداڵان لە قوتابخانەکاندا دەتوانن پەیوەندیی بەو سەنتەرەوە بکەن، کاتێک لەلایەن مامۆستایەکەوە توندوتیژیی دەکرێتە سەریان، بەو پێیەش سەنتەرەکە سەرەتا ئەو منداڵە دەگەیەنێتە شوێنی پێویست، کە ژیانی منداڵەکەی تێدا پارێزراوبێت، دواتر لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە کار دەکرێت بۆ ئەنجامدانی کارە یاساییەکان.


فۆتۆ: ناسیح عەلی خەیات

# حکومەت بەڵێنەکانی خۆی لەگەڵ مامۆستایاندا نەبردەسەر

محەمەد ساڵح حەمەلاو

هەرچەندە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیـــران ڕەزامــەنــدی نیشانداوە بۆ جێبەجێکردنی داخوازییەکانی مامۆستایان، بەڵام تائێستا بەڵێنەکەی خـۆی نـەبـردووەتـەسـەرو سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانیش ئـامـاژە بەوەدەکات لە بەرامبەر بێ بەڵێنییەکانی حکومەتدا چیتر بێدەنگ نابن‌و یەکێتی مامۆستایانی جیهانیش لە بێ هەڵوێستی حکومەت ئاگاداردەکەنەوە.

هەرچەندە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیـــران بـــە نـــووســـراوی خۆیان ئامادەیی نیشانداوە بۆ ئەوەی خواست‌و داواکارییەکانی مامۆستایان کە خۆی لە خەرجکردنی دەرماڵەی چوار مانگی مامۆستایان‌و زیادکردنی دەرماڵەی مامۆستایانی پلەکانی (٥)و (٦)و زیادکردنی کرێی وانە بێژیدا دەبینێتەوە، بەڵام تائێستا حکومەت پابەندنییە بەو بەڵێنانەی بە مامۆستایانی داوە.

شێخ عەفان نەقشبەندی، سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو، «ئەوە چەندینجارە داوا لە حکومەت دەکەن کە خواست‌و داواکارییەکانی مامۆستایان جێبەجێبکەن، بەڵام تائێستا حکومەت وەڵامی نەداوینەتەوە، بۆیە بڕیارمانداوە ئەمڕۆ بەیاننامەیەک بۆ ئەو مەبەستە بڵاوبکەینەوەو تێیدا هەڵوێستی خۆمان لەوبارەوە ڕادەگەیەنین»

یەکێتی مامۆستایان دوای چەندین هــەوڵ‌و گفتوگۆکردن بۆ گێڕانەوەی دەرمـــاڵـــەی مامۆستایان کە بۆ هەر مانگێک (١٢٥) هەزار دینار لە سەرجەم مامۆستایانی کوردستان بڕاو دواتر لە سەردەمی عومەر فەتاحدا کاتێک جێـگـری ســەرۆکـی حـکـومـەت بوو بەڵێنی گەڕانەوەی ئەو پارەیە درا، کە نەقشبەندی وەک «قەرز» ناویدەبات بە مامۆستایان دراو ئەنجومەنی وەزیران بە نـووسـراوێـک وەزارەتـــی دارایـــی ئـاگـادارکـردەوە، کە ئـەو پـارەیـە بۆ مامۆستایان خەرجبکرێت، بەڵام دوای ئەوەی وەزارەتی دارایی نووسراوێکی ئاراستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیـران کرد بۆ ئەوەی ڕەزامەندیی نیشانبدرێت بۆ خـەرجکردنی پارەکە، تائێستا کـە سـێ هـەفـتـە بـەسـەر نـووسـراوەکـەی وەزارەتـــی داراییدا تێپەڕیوە ئەنجومەنی وەزیـران هیچ وەڵامێکی یەکێتی مامۆستایانی بە بەڵێ یان نەخێر نەداوەتەوە.

سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانیش پێیوایە «ئەو وەڵامنەدانەوەیە ئاماژەیە بۆئەوەی حکومەت نایەوێت ئەو پارەیە بداتەوەو ئەوەش پەشیمانبوونەوەی حکومەت لە بەڵێنەکانی خۆی دەگەیەنێت‌و پەشیمانبوونەوەش لە بڕیارو بەڵێنەکان شتێکی باش نییە».

وتیشی: «ئـەمـڕۆ سکرتاریەتی مـامـۆسـتـایـان بـۆ ئـەو مەبەستە بەیاننامەیەک بڵاودەکـەنـەوەو تێیدا هەڵوێستی خۆیان دیاریدەکەن هەروەک لە بەیاننامەکەدا چەندین خاڵ‌و گلەییش هەیە ئاماژەی پێدەکەن».

شـێـخ عـــەفـــان، جەختی لەسەر ئـەوەشـکـردوە «ئـەگـەر حکومەت لە بەرامبەر دابینکردنی ماف‌و خواستەکانی مامۆستایاندا هەڵوێستیان نەبێت، ئـەوا لە سەرەتای دەوامـی ئەمساڵدا یەکێتی مامۆستایان هەڵوێستی خۆیان ڕادەگەیەنن».

یەکێتی مامۆستایان وەک ڕێکخراوێک کە نوێنەرایەتی مامۆستایانی کوردستان دەکـات تائێستا دەیانجار هەوڵیداوە خواست‌و داواکارییەکانی مامۆستایان جێبەجێبکات، بەڵام لەبەرئەوەی هەمیشە لە هەوڵەکانیدا نەرمیی نـوانـدووە، نەیتوانیوە ئەو داوایانەی مامۆستایان جێبەجێبکات.

بەپێی وتەی نەقشبەندی، نەرمیی نواندنی ئەوان تەنیا لە بەرژەوەندیی پرۆسەی خوێندن‌و خوێندکاراندایە، ئەگەرنا نەرمونیانیی نانوێنن‌و چیتر بێدەنگ نابن‌و ناچارن هەڵوێستێکی وایـان هەبێت کە لە ئاست خواست‌و داواکارییەکانی مامۆستایاندا بێت‌و وەک خۆشی وتی ئەو هەڵوێست وەرگرتنەش بە ڕێککەوتنە لەگەڵ زۆربـەی زۆری مامۆستایانی کوردستان‌و بەوپێیەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ئێستا ئەندامی یەکێتی مامۆستایانی جیهانە، هەربۆیە یەکێتی مامۆستایانی جیهانیش لە بێ هەڵوێستییەکانی حکومەتی هەرێم ئاگاداردەکەینەوە بـەوەی هەرچەندە ڕەزامـەنـدیـی خـودی سـەرۆکـایـەتیی ئەنجومەنی وەزیـرانـیـش هەیە بۆ خەرجکردنی ئەو دەرماڵەیە، بەڵام حکومەت دەستی دەستی بە مامۆستایان دەکات‌و نایانەوێت ئەو پارەیە بدەنەوە بە مامۆستایان.


ســەرۆکــی یەکێتی مامۆستایان بێگومانیی خـۆی لـە هەڵوێستی مامۆستایان ڕاگەیاند بەوەی هەرچییەک لە بەرژەوەندیی مامۆستایاندا بێت ئەوان بیانەوێت کاری بۆبکەن مامۆستایان پشتگیریی‌و پشتیوانییان لێدەکەن، نموونەش بۆئەوە مانگرتنی مامۆستایانە لە ساڵی (٢٠٠٥)دا.

د.نوری عوسمان، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، جگە لەوەی ئاماژەی بەوەکرد کە ئەو داوایەی مامۆستایان «لەژێر لێکۆڵینەوەدایە» ئامادەنەبوو ڕوونـکـردنـەوەی زیاتر بداتە ڕۆژنـامـەو وتـی: «هیچ ناڵێم» لە بـەرامـبـەردا محەمەد قـەرەداغـی، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو، مامۆستایان دەرمـــاڵـــەی خۆیان بەپێی یاسا بۆ دیاریکراوەو لە حاڵەتێکدا ئەگەر داوای شتێکی دیکە بکەن ئەوە دەبێت لیژنەی یاسایی دیراسەی بکات‌و دواتر لەگەڵ وەزارەتـی دارایی گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت.

وتیشی: «مــەرج نییە ئــەوەی کە مامۆستایان داوای دەکەن ڕاستەوخۆ بۆیان جێبەجێبکرێت»، بەڵام ئاماژەی بـەوەکـرد، هەرچەندە خـەرجکردنی ئەو دەرماڵەیە کۆمەڵێک ڕۆتینیاتی لـەبـەردەمـدایـە، بـەڵام بەدڵنیاییەوە دەرماڵەی ئەو چوار مانگەی مامۆستان خـەرجدەکرێت.

قەرەداغی نکوڵیشی لەوەنەکرد، کە پێدانی ئەو پارەیە مافێکی مامۆستایانەو پێویستە بۆیان بگەڕێتەوە.

# جادوگەرو فاڵچییەکانی دەوروبەری مام جەلالو فرمێسکەکانی خوایەک




چیا عەباس


**«دەگـێـڕنـەوە مەملەکەتی دەسەڵاتی پیغەمبەرێک زۆر وشکو بێ بەرەکەت بووەو ئەویش لە خوا پاڕاواتەوە چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە خواکەشی فرمێسکی رشتووەو تەڕایی بۆ بەرپاکردووە».**

لـەو سـاتـەوەی ناکۆکییەکانی ناو سەرکردایەتی یەکێتیی زەقترو توندترو ئاراستەکراوتر بوونەوە، دەکـرا هەوڵی دڵسۆزانەو بە نییەتی پاک بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک بدرێت.

بێگومان هەنگاوو هـەوڵ بـۆ ئەو مەبەستە دراوە، بەڵام ئەو هەوڵو کۆششانە لەبەردەم دەروازەی چەند گروپێکی خاوەن بـەرژەوەنـدیـیو مەرامی تایبەت لەناو دەسەڵاتدارانی یەکێتییدا چەقیبوونو پەنگیان خواردبووەوەو ئەو دەروازەیە زۆر بە توندو قایمیی بە روویاندا داخرابوو.

پـاش ئـەو شکستە بـەرچـاوەی دەسەڵاتدارانی یەکێتیی لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە مانگی رابردوودا، کە بەپێی ئەنجامەکان ئەو دەسەڵاتە متمانەی زیاتر (٦٠٪)ی جەماوەری حیزبەکەی خۆی لەدەستداوە، پێویستە هەڵوەستەیەکی بوێرو کراوەو بابەتیانە بکەن، نەک نەعامە ئاسا هیچ نەبیننو بە قسەی بێ سەروبەرو چەواشەکار هۆکاری شکستییەکەیان تەنیا بۆ نارەزایی لە کارەکانی حکومەتو چەند بەرپرسێکی لۆکاڵیی بێ دەسەڵات بگەڕێننەوەو بە نیەتێکی تەنراو بە گومانو مەرامی تەمو لێڵەوە پرۆسەی نارەزاییو «نەخێری» جەماوەر بۆیان بە دیاردەیەکی ناوچەیی لە قەڵەم بدەن.

بە هەمان عەقڵیەتی پێش شکست دەڕواننە ئەو ڕاپەڕینە هێمنە هاوچەرخەی زۆربـەی حیزبو جەماوەر بەرامبەریان بەرپایان کردووە.

دەیانەوێت گوناهو هۆکارەکانی بخەنە ئەستۆی بیرۆکەی «پیلانگێڕانو دژایەتی»و «مەترسیی دەرەکـی»و رۆڵی «ناحەزان»، جارجاریش گلەییو گازندەیەکی لابەلاش لە خۆیان دەکەن بێئەوەی هەست بەوە بکەن، کە لوتیان لە بـەردی ئەلحەدی داوەو وا پیشانی دەدەن نە بایان بینیوەو نە بارانو خۆیان بەسەرکەوتوو نمایش دەکەن.

ناشێت لەمجۆرە کـەسو عەقڵیەتانە گلەییو گازندە بکرێت، چونکە دەمێکە ئەوە سروشتو سیماو کاروکردەوەیانە، گوناهیان لەوەدایە کە بە ناوی حیزبو میللەتەوە لە لوتکەی دەسەڵاتدانو بە «شەرعیەتی (٥٠) بە (٥٠)ی ڕێککەوتنامەی شەراکەت»ەوە حیزبو حوکمڕانیان بەرەو شکستییو هەڵدێر بردووەو جارێکی دیکەیش دەیانەوێت بە هەمان شێوەی بەرن. ئەوان دان بەوەدا نانێن گەر «دڵفراوانییو گەورەیی» سەرکردایەتی پارتیی نەبێت، کە کورسییەکانیان وەک برا لەگەڵدا دابەشکردوونو گەر ئەو هەموو ساختەو فرۆفێڵانەی هەڵبژاردن نەبوایە دەبوا وەک هێزێکی پلە سێ یا چوار لە ژیانی سیاسیدا گوزەرانیان بکردایە.

**داخو هەزار داخ یەکێتییان گەیاندە ئەم مەقامە**

ئایا ئەم هەموو فرمێسکانەی ئەو دەستەو تاقمانە دەیرێژنو لە هەموو هەڵسەنگاندنەکانو بۆچوونەکانیاندا ناوی بەڕێز مام جەلال دەخزێننە نێو پاساوو درۆکانیانەوەو وەک قەڵغانێک بۆ پاراستنی خۆیان بەکاریدەهێنن دەبێت ببێتە مایەی قورتاربوونیان لە دادگای حیزبو میللەت؟ تەنیا بە لابردنی چەند بەرپرسێکی ئاستی مامناوەندییو گۆڕینی چەند دەموچاوێک بۆیان بلوێ خۆڵ بکەنە چـاوی ڕێکخستنو خەڵکەوەو پاساوی شکستیان لە هەڵبژاردنەکان تەنیا بە کەمیی خزمەتگوزارییەکانی حکومەت بهێننەوە؟ لە کاتێکدا کابینەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە هەموو ئەوانەی پێشووتر سەرکەوتووتر بووە.

**ئەم تاقمە بەرپرسی یەکەمن لە کەمتەرخەمیی لە جێبەجێ نەکردنی چەندین خاڵی گرنگی پابەند بە بزافە نەتەوەییەکەمانەوە**

**کێن ئەم تاقمو دەستانەو چیان کردووەو چیان دەوێت؟**

ئەمانە بەڕادەی سەرەکی لە سێ گروپ پێکهاتوون:

**یەکەم: تاقمو دەستەی بەغدا**، لەو ساتەوەی مام جەلال بووە بە سەرۆک کۆمارو تا ڕادەیەک لە کوردستانو لە یەکێتیی دوور کەوتبووەوە، ئەم تاقمە بە ڕەفتارەکانیان هاتن سەرۆک کۆمار کە سەرۆکی هەموو پێکهاتەکانی عێراقەو سەرکردەیەکی نـاوداری کوردە بچوکیان کردەوە بۆ سەرکردەی تەکەتولێکی دەسەڵاتداری ناو یەکێتییو بازنەیەکی توندیان لە دەوری قوتکردەوەو بە زانیاری نادروستو هەڵەو ناتەواو مام جەلال یان لە شتەکان ئاگادار دەکردەوە.

ئەم تاقمە گوناهبارە کە لەنێو خۆیاندا گونجاو نەبوونو نینو بۆ پاراستنی پلەو بەرژەوەندیان بەیەکەوە کاریان کردووە بۆ ئەوەی دڵی مام جەلال ڕابگرنو وەلاو سۆزی شانۆگەری بۆ نمایش بکەنو کاریگەرییان لەسەر بەڕێزی هەبێت.

بەشێک لەم دەستەیە لە بەغدا زۆر لە مام جەلالەوە نزیکنو کاریگەرییان لەسەری هەبووەو باڵادەستیشن لە دەزگاکانی دەوڵەتی عێراقو لە پشت پەردەوە هەمیشە خەریکی چنینی تۆڕی جاڵجۆڵەکە ئاسایی بەرژەوەندییە باڵاکیانیان بوون لە دابینکردنی دەسەڵاتو پـارەو پلاندانانو دەستەمۆکردنی ئەوەی پێیانکراوە لە ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو یاریکردن لەسەر چەندین پەتی عێراقیو ناوچەییو نێودەوڵەتی.

ئەم دەستەیە زۆربەی کۆنتراکتە گەورەکانی هەرێمو بەشێک لە عێراقیان بۆ خۆیانو منداڵەکانیانو براو زاواو خزمو کەسو کاریان مسۆگەر کردووەو تەنانەت ئینتەرپوڵ بە دوای هەندێک لێیان دەگەڕا.

بە خەستی دەستیان لەناو دەستی کۆنە بەعسییەکانو بەناو «نیشتمانپەروەرە قەزەمەکان» کردووە کە ئەمڕۆ لە سەنتەری دەسـەڵاتو بڕیاردان بۆ ئەوەی پایەو پلەی خۆیان قایم کەن.

لە رووی سیاسییەوە ئەرکی سەرەکی پێسپێردراو بەم تاقمە ڕاگرتنی جومگە لاوازو لەرزۆکەکانی بەشداریبوونیان بە ناوی کوردەوە بووە لە حوکمدا.

سەیرکردنێکی وردی ڕاپۆرتی تایبەتی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا لە ساڵی (٢٠٠٧)و ڕاپۆرتی بەرپرسی دەزگای ئەمریکی بۆ بنیاتنانەوەی عێراقو چەند لایەنێکی دیکەیش لەمەڕ گەندەڵییەکانی سەرجەم وەزارەتو دەسەڵاتداران لە بەغدا بە ڕاشکاویی باس لە رۆڵی ئەم جۆرە دەستەو تاقمانە دەکات، گومان لەوەدا نییە کە چەند کەسایەتییەکی باڵادەستی ئەمریکی لە یەکەم چرکەکانی حوکمی بریمەرەوە تا ئەمڕۆش هەم کارئاسانیان بۆ کردوونو هەم شەریکی براگەورەش بوون. هەروەها ئەم تاقمە بەرپرسی یەکەمن لە کەمتەرخەمیی لە جێبەجێ نەکردنی چەندین خاڵی گرنگی پابەند بە بزافە نەتەوەییەکەمانەوە، هەروەها بەرپرسیارێتی تەواویان هەیە لە تەخشو پەخشکردنی پۆستە باڵاکانی ڕێژەی کورد لە حکومەتی عێراق، چ لە کاری دیبلۆماسیو چ لە پۆستە باڵاکانی کارگێڕیو بازرگانیو سەربازیی بەسەر منداڵو کەسوکارو دەستو پێوەندیاندا.

ڕاستە مام جـەلال لە ژیانی سیاسییو ڕێکخراوەییدا دەیان سەرچاوەی جیاوازی هەواڵو ڕووداوەکانی هەیەو ڕۆژانە ئاگاداری دەکەنەوە، لەگەڵ ئەمەشدا ئەرکی ئۆرگانێکی باڵای حیزبیو ئەندامەکانیەتی، بەتایبەتی بازنەی یەکەم، کە ڕاستگۆیانەو بە دروستو پاکییەوە زانیارییەکان بەرەوە لوتکەی دەسەڵات بنێرن تا بڕیاری دروستی لێ بکەوێتەوە.

ئەم تاقمەی دەوری مام جەلال زۆر بە دەگمەن ئەم ئەرکەیان جێبەجێکردووە، بەڵکو زۆر بە پێچەوانەوە کارەکانیان ئەنجامداوە.

بەشی گرنگی ئەم تاقمە قورمیشکراوەی بەشێک لە دەسەڵاتی ئەمریکیەکانو لەلایەن ئەوانەوە بەکار دەهێنرێنو کەشو هەوایەکیان سازکردووە، کە زۆر ئەستەم بووە سنوورەکانی ببەزێنرێت. لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە رۆڵیانو پەیوەندییەکانیان کە لای ئەمریکییەکان پـارێـزراونو سـەروەتو سامانی خۆیانو کەسوکاریان ئەو ڕاستیانەمان بۆ دووپات دەکەنەوە. ئەم کەسانە تا کاتی هەڵبژاردنەکان کەم یا زۆر خۆیان دوورە پەرێز لە کوردستان ڕاگرتبوو، ئـەوان لە بەغدا خەریکی شتی گەورەتر بوون، لەگەڵ دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنداو دەستبەکاربوونی لیستی گۆڕان ئەمسەرو ئـەوسـەری کوردستانیان پێوا بۆ پیشاندانی رووخساری کاڵبووەوەو لە بیرچوویان، بەڵام وەک گروپەکانی دیکەی دەسـەڵاتـدارانـی یەکێتیی نائومێدییو بێ متمانەیی خەڵکیان دروێنە کرد.

**دووەم: تاقمو دەستەی سلێمانی**

ئەمان لەوەی بەغدا جیاواز بوون، چونکە لەنێو خۆیان زۆرتر شیرو تیریان لە یەکتر دەسوو زۆربەی ئۆرگانەکانی حیزبیان لە ژێر دەستدا بوو چاوی ڕاستەوخۆی سکرتێری گشتیان لەسەر نەبوو، ئەمان جیاواز لەوەی بەغدا هەریەک لە قەوانێکی دەخوێندو قەڵایەکی ڕێکخراوەییو دارایی بۆ خۆی بنیات نابوو.

زەمینەی گەمەکانی ئەم دەستەیە تا دەهات لەبارترو خۆشتر دەبـوو بە قوڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی نێو دەسەڵاتدارانی یەکێتییو تا بۆیان دەلوا ئاگرەکەیان خۆش دەکردو بە ناوی یەکڕیزییو پەیرەوی یەکێتییەوە کەوتبوونە «پاککردنەوەی» یەکێتییەکەی خۆیان لە دەنگو ڕەنگی ڕکابەرو ریفۆرمو گۆڕان.

ئەمانە وەک «جەستەیەکی تایبەت» لەناو جەرگەی دەسەڵاتی یەکێتییدا لە سلێمانی کاریان دەکرد، هەمی سەرەکی ئەم دەستەیە پاوانکردنی دەسەڵاتی حیزب بوو لە بواری ڕێکخراوەییو ڕاگەیاندنو داراییەوە. زۆربەی کات سکرتێری گشتیان بە ناڕاستیو نیوەچڵی لە کاروباری حیزب ئاگادار کردووەتەوەو هەمیشە بەخۆهەڵکێشانو فووکردن بەئەنجامی کارەکانیان ویستوویانە سکرتێری گشتیی بە ڕێگەی چەوتدا بەرن، لە هەمانکاتیشدا باسیان لەوە کردووە کە کێشەکانو نارەزاییەکانی ناو یەکێتیی بچووکو کەمنو ئاماری زۆر نادروستو هەڵبەستراویان بەرزکردووەتەوە، بـە کـوردی خەریکی درۆکـردن بـوونو چەندینجاریش ئـاگری کێشەکانیشیان گەشاندووەتەوە. تەنیا بە دەهۆڵ لێدانیان بۆ پەیڕەوو بەستنی کۆنگرە پێشنیازی ئەو بیرۆکە سەقەتەیان دەکرد، کە هەموو شتێک لەژێر کۆنترۆڵدایەو بە «پاککردنەوەی» ریزەکانی یەکێتیی لە «گێرەشێوێنو ئاژاوەچییەکان» سەروەریی خەباتو خوێنی شەهیدان بەرز ڕادەگـرنو یەکێتیی دەخەنەوە سەر سکەی خۆی. ئەم تاقمە بە بەرنامەی ئۆرگانی تایبەتو بودجەی تایبەتو کـۆبـوونـەوەو بڕیاری تایبەتی خۆیان کاریان کـردووە، بـەدەر لە مەکتەبی سیاسییو سەرکردایەتی لاسایی ئێرانیەکانیان کردووەتەوە لە دروستکردنی دەستەی «پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی یەکێتیی»دا، کە لە چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسییو سەرکردایەتیو بەرپرسی مەڵبەندو دەزگا تایبەتەکانو چەند بەرپرسێکی هێزی پێشمەرگە پێکهاتبوو.

ئەم دەستەیە نەک تەنیا مەرامو بڕیارەکانی خۆیان بەسەر یەکێتییدا سەپاندووە، بەڵکو ئیدارەی ململانێکانی نێو سەرکردایەتیان بەو ئاراستانەدا بردووە تا بەرژەوەندییەکانیان پـارێـزراو بـن. ئەمانە هۆکاری سەرەکی تێکچوونی یەکڕیزی ناو یەکێتییو پێشێلکردنی پرەنسیپەکانی ڕێکخستن بـوونو گەرای تەکەتولو ناوچەگەریان داناوەو گەورەترین دوو فاقەییان سـازداوەو تا دەهـات گۆمی کێشەکانیان قوڵتر دەکردەوە تا مەلەی خۆشی خۆیان بکەن.

**سێیەم: تاقمو دەستەی هەمەڕەنگ**

ئەمانە لە نێو دەسەڵاتو لە پەراوێزیدا کاریان دەکـرد، وەک کەسانێک لە دەزگا تایبەتەکان، هەندێک لە فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە، بەرپرسە باڵاکانی پارەوپولو بازرگانییەکانی دەسەڵاتدارانی یەکێتیی.

ئەمانە زۆرتـر هەڵسوڕێنەر بوونو فەرمانەکانیان جـێـبـەجـێـکـردووە، لە هەمانکاتیشدا بورەی گەندەڵییو کرداری نادروست بوون، ڕاپۆرتو هەڵسەنگاندنی نادروستو هەڵبەستراویان بۆ سەنتەری دەسەڵات لەسەر هەڤاڵو هاو خەباتەکانی خۆیان بەرزکردووەتەوە. تا پێیان کرابێت بازاڕیان دۆشیوەو گوشیوە.

ئەمانە لەگەڵ ئەوەشدا کە خەڵکانی لوتکەی دەسەڵاتیان تێدابووە، بەڵام هیچ پەیامێکی سیاسییو فیکرییان نەبووەو ژیانو بەرژەوەندیی ئەوان بە خۆشکردنی ئاگری ململانێکان بەڕێوە چووەو دەسکەلایەک بوون بە دەست لوتکەی دەسەڵاتدارانی تاقمەکانی دیکەوە.

ئەم تاقمانە لقو پۆپیان لەناو دەوروبەری ڕێکخستندا لە هەموو شوێنێک داکوتیوە، لە تارانو شامو ئەنقەرەو ئەبوزەبیو عەمان تا وڵاتانی ئەوروپا، وڵات هەیە کە زیاتر لە دە نوێنەری نوێنەرە زۆرەکانی یەکێتییو سکرتێری گشتییو جێگرەکانی تێدایەو هەموویان مووچەخۆرنو بەشێک لێیان تۆڕێکی بازرگانییو بازنەی گومانلێکراویان دروسـتـکـردووە، لە هەمان کاتدا وەک چاودێرێکی گوێڕایەڵو کاڵفام بەسەر هەڤاڵانو ئەندامە دڵسۆزەکانی ڕێکخستنەوە قوتکراونەتەوەو لەلایەن تاقمەکانی دیکەوە یارمەتیو پشتگیریی کراون.

**سکرتێری گشتیو پرسیارێکی بەجێ**

پرسیارێکی ڕەوا لێرەدا خۆی دەسەپێنێت ئەویش: هەنووکە بەشێکی زۆری ئەم دەستەو تاقمانەی ناو یەکێتیی بەشێکی گوناهەکان دەخەنە ئەستۆی یەکترو هەر تاقمێکیش مام جەلالیان کردووە بە قەڵغان بۆ پاراستنی خـۆی، بەڵام ئایا مام جەلال نەیدەتوانی ئاراستەکان بەشێوەیەکی دیکە بەڕێوە بباتو بە ڕێگەیەکی تردا بیانخاتە گەڕو ئەم تاقمانە لە نەخشەی ڕێکخراوەیی یەکێتیدا پشتگوێ بخاتو لێیان بپرسێتەوە؟

بۆچی بەڕێز مام جەلال بە ڕاشکاویی رۆڵـی خراپی ئەو دەوروبـەرەی مەحکوم ناکاتو لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوەی حیزبییەوە سزای گوناهبارە زەبەلاحەکان نادات؟ کەس گومانی لەوە نییە، کە مام جەلال مێژوو کەسایەتیو دەماری یەکە بەیەکەی ئەو زاتانە دەناسێتو دەزانێت، ئەگەر ئەم کارە نەکات ئەوا مانای ئەوەیە خودی خۆی ئەو تاقمەی بەکارهێناوەو بەڕێوەی بردوون، یا مەبەستی نییە یا ناتوانێت کارێکی لەو جۆرە بکات.

هەر کامێک لەم ئەگەرانە لە ئارادابن مام جەلال هەر بەرپرسیاری یەکەمە، چونکە سکرتێری گشتیی یەکێتی یەو باوەڕیش ناکەم فرمێسکەکانی ئاسمان وشکایەتی ئەم وەرزەی ژیانی سیاسیی ئاودار بکات.

ئـەم دەستەو تاقمانە شەریحەیەکی بچووکی ناو یەکێتین، بەڵام دەسەڵاتدارو لادەرو تێکدەرن، بەشێک لەمانە کەسانێکی لاوازنو هەندێکشیان خاوەن مێژوویەکن کە زۆر پرسیاری لەخۆ گرتووە، کەمیش نین هەندێک لەوانەی ناو ئەو دەستەو تاقمانەو زۆر نزیکەکان لێیان کە خاوەنی فایلی خیانەتو روو ڕەشینو لە پلینیۆمی (٢٠٠٧)دا بە چەپڵەڕێزان «لێبووردنیان» پێ بەخشراوە.

**لێبوردن مانای ئەوەیە تاوانباربوون، ئەگینا لێبوردن لەچی؟**

هەندێکی دیکە لـە کاراکتەرەکانی ئەو دەستەو تاقمانە زۆر گـورجو گۆڵو بـەگـەرمـیـیـەوە سـەنـگـەری دژایـەتـیو شـەڕەنـگـخـوازیـان لـە هـاوخـەبـاتو هاوسەنگەرەکانیان گرتبوو، ئەگەر چاودێریی وردو توندی هێزەکانی ئەمریکا نەبوایە لە کاتی هەڵبژاردنەکانداو بەدەست ئەم گروپە شەڕەنگخوازو دواکەوتووە بوایە دەمێک بوو بەلایەنی کەمەوە شاری سلێمانییان خەڵتانی خوێن کردبوو.

کەسانێکی بەرچاو لەو تاقمو دەستانە جوانیو بەهاکانیان بە ڕۆژی نیوەڕۆ ئەتک کردووەو بەتایبەتی لە سلێمانی، کەسانێکن لە نەریتی ڕەسەنی کوردایەتی هەڵگەڕاونەتەوەو هاتوون بەناوی شۆڕشگێڕییو خەباتەوە، لەگەڵ بەرز نرخاندنی قوربانییو خەباتو ماندوبوون، دەیانەوێت ئـارەزوو حەزە شەخسییە ناڕەواکانی خۆیان بەزۆرەملێو چاوسوورکرنەوە لەناو جەرگەی شاری هەڵمەتو قوربانیدا بهێننەدی. بۆیە زۆربەی خەڵکی ئەم دەڤـەرە لە یەکەم دەرفەتی دیموکراسیدا سزایەکی قورسی داونو دەبێت ئەمە ببێتە وانەیەکی قورس بۆیان تا دووپاتی نەکەنەوە.

ئەرکێکی مێژوویی بەڕێز مام جەلالە، کە بە وردییو جدییو ڕاشکاوانە خۆی لەم دەستەو تاقمە تێکدەرانە بپچڕێتو سزای ڕێکخراوەییان بدات.

مام جەلال، خۆشمان بوێت یا تاڵ، لە پایزی ژیانی سیاسیدایە، ئەرکی بەڕێزیەتی، ئەگەر تەنانەت بۆ ئەو یەکێتییەی ئێستای بەردەستیشی بێت کە تەمەنی (٣٥) ساڵ لە ژیانی پڕ خەباتو ماندوبوونی تێدا بەسەر بردووە، لەو جۆرە دەستەو تاقمە تێکدەرو لادەرانـە پاک بکاتەوەو بژاری حیزبەکەی بکات لە «ناحەزە شاردراوەکانی خۆی» کە ئەزموونی دوا هەڵبژاردن سەلماندی، کە ئەوانە هەر لە مێژەوە خەریکی بچوککردنەوەی یەکێتییو کەسایەتی ئەون.

**ئەم دەستەیە زۆربەی کۆنتراکتە گەورەکانی هەرێمو بەشێک لە عێراقیان بۆ خۆیانو منداڵەکانیانو براو زاواو خزمو کەسو کاریان مسۆگەر کردووەو تەنانەت ئینتەرپوڵ بە دوای هەندێک لێیان دەگەڕا. بە خەستی دەستیان لەناو دەستی کۆنە بەعسییەکانو بەناو «نیشتمانپەروەرە قەزەمەکان» کردووە کە ئەمڕۆ لە سەنتەری دەسەڵاتو بڕیاردان بۆ ئەوەی پایەو پلەی خۆیان قایم کەن**



## لە بارەگای حیزبەکانەوە بۆ خێمەکانی شەقام

# ئاراستە جەماوەرییەکان جێ بە ڕێکخستنە حیزبییەکان لێژدەکەن

هەردی مەهدی میکە



**(شیکارێک بۆ بەشداریی مەدەنیانەی تاک لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا)**

ئەگەر لە هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراقەوە ئەو راستییە دەرکەوتبێت کە ئیتر مۆدێلی کارکردن بە فەتواو دروشمە تایەفییەکان بۆ راکێشانی دەنگەکان بەسەرچووبێت، ئـەوا لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی هەرێمی کوردستانیشدا ئـەوە دەردەکـەوێـت کە گوتارو چەترە حیزبییەکان جێگەی بەشێکی زۆری جەماوەریان تێدا نابێتەوەو بۆ ئەمڕۆی دۆخو نەوەکان لە کۆکردنەوەی جەماوەرو ئاراستەکردنیاندا کورتیانهێناوە.

لـێـرەوە دەکـرێـت لـەڕێـگـەی چەند دەرهاویشتەو ئاماژەیەکی رووخسارییەوە کە لە هەڵمەتی دوایـیـن هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا بینران، ئاستو ناواخنی مۆدێلی حیزبایەتی لە هەرێمدا بخوێنرێنەوە، چونکە خودی ئەو دەرهاویشتەو ئەنجامانەی کە لە جەماوەرە دەبینرێن دەکرێت ناواخنی حیزبەکان تێیدا رەنگبداتەوەو هاوکات دەرهاویشتەکانی سەر شەقامەکان بە «ئەنجام»و دیوەکانی نــاوەوەی ئـەم دەرئەنجامانەش وەک «هۆکار»وەربگێرێن.

### یەکەم: خێمەکان جێگەی مەڵبەندو لقەکان دەگرنەوە

تا ئەمڕۆش لە کوردستاندا جۆرو پێکهاتەی حیزب مۆدێلە خۆرهەڵاتییەکە بەگشتییو سۆڤێتییەکەی تێنەپەڕاندووە کە بریتییە لە «شمولییەت»ێکی تەواو ئەمەش بەو واتایەی حیزب تا بۆی بلوێت پەلدەهاوێتە نێو سەرجەم کایەکانی ژیانی هاوڵاتییانەوەو دەیەوێت بەشێوەیەک لە شێوەکان کۆنترۆڵی ژیانیان بگرێتەدەستو لـەوێـوە ئەجێندا حیزبییەکان بەسەر کۆمەڵگەدا پیادەبکات، ئەوکاتە حیزب دەکاتە کۆمەڵگەو کۆمەڵگەش دەکاتە حیزب. دیارە لە پەنای ئەمەشدا کەسی یەکەمی حیزب لەم ساتەدا دەکاتە حیزبو حکومەتو کۆمەڵگە، هەروەک چۆن هیتلەر لەژێر ناوی «فوهرر»دا لە جیاتی دەسەڵاتو کۆمەڵگە بیری دەکردەوەو حیزبو حکومەتو خەڵک هەمووی دەیکردە خولیاکانی ئەو.

حیزبەکانی کوردستان رەنگە لەبەر باڵانسو پێکهاتەو ململانێکان هەرگیز نەگەشتبنە ئاستی بەهێزdی حیزبە تاکڕەوەکانی سۆڤییەتو ئەڵمانیاو ئیتالیا..و تاد، بەڵام پێکهاتەو هەیکەلو کارکردنییان سـەرچـاوەکـەی هـەر لـەو مۆدێلانەوە وەرگیراوە، چونکە یەکەمو دوا ئەجێندا بریتییە بە حیزبیکردنی سەرجەم کۆمەڵگە، ئەمەش لە دوا نموونەی هەرەسهاتوویدا «بەعس» بوو کە زۆرینەی رەهای عێراق بە پێودانگەکانی ئەو بەعسیبوو، تەنانەت لـەوەش تێپەڕیکردبوو بۆ ئـەوەی هەر کارێکی چاکەش دەچووە گیرفانەکانی ئەو حیزبەوە، چونکە دروشمەکەی لە گوێی عێراقییەکاندا هێشتا بیرنەچووەتەوە کە دەوترا «هەموو هاوڵاتییەکی چاکو دڵسۆز بەعسییە».

لـێـرەوە دەچینە نێو رایەڵەکانی پەیوەندی حیزبو خەڵک لە کوردستاندا، ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت بەهۆی نەبوونی پرۆژە کار لەسەر زۆرترین ئەندام دەکات بۆ گەورەکردنی خۆی، بۆیە تاکە کەناڵی پەیوەندیی خەڵکو حیزبەکانو ئامرازێک بۆ تەرجومەکردنی گوتارو ئایدۆلۆژیای حیزبە کوردییەکان تەنیا کۆمیتەو لقو مەڵبەندو ناوچەکانە، نەک کارو چالاکیو چـاوەکـانو پـرۆژەکـانـی حیزب ئەمە لەکاتێکدا لە مۆدێلە دیموکراسییەکەیدا لە خۆرئاوای دیموکراسیدا باویەتی، حیزب مەرج نییە لەڕێگەی زۆری ئەندامەکانییەوە گەورەبێت، بەڵکو زۆربەی کات لەڕێگەی پـرۆژە سەرمایەدارییەکانیو خزمەتو چالاکیو نوێنەرە خزمەتگوزارەکانییەوە گرەوەکانی هەڵبژاردن دەباتەوە، نەک ژمارەی رێکخستنەکانی. دیارە لەمڕۆشدا خەڵک ماندووبووە لە کۆمیتەو ناوچەی گـەڕەکـەکـان (وەک تەرجومەکەرێکی راستەوخۆی حیزب)، بۆیە بە یەکەم کـاردانـەوەی خەڵک بەرامبەر ئەم تاکە کەناڵە، دەستبەجێ حیزب تووشی شکستی راستەوخۆش دەبێتەوە.

لە دوایین هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستانداو دواتـریـش لە خوێندنەوەی ئەنجامەکانەوە دەرکەوت خەڵک چەندێک بێزاربوو لەو کۆمیتەو لقو ناوچەو مەڵبەندانە، چونکە لەکاتی هەڵمەتەکاندا لە گەڕەکەکانی شارەکاندا دەبینرا کە چـۆن گەنجان بەتایبەتیو هاوڵاتییانی بێزار لە حیزب بەگشتیی خێمەو کەپرو خانووە کاتییەکانیان بە دروشمە نا حیزبیdەکان دەرازاندەوە، زۆرینەی ئەو هاوڵاتییانەش لەسەر بودجەی خۆیانو بە لە خۆبووردوییەوە ئامادەی شەونخ,ونی کـێـشـانو چـالاکـیـیو هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیان بـن، ئەمە لەکاتێکدا بە پێچەوانەوە لە بارەگا حیزبییەکان مۆدێلی دوێنێی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بوون، ئەمرۆ بە پارەو بە پاداشتێک نەبێت لە بارەگاکان خەڵک کۆنابێتەوە پاسەکان کە رۆژانێک بە سوغرە بێت یان بە لە خۆبووردویی ئامادەبوون پێشمەرگەو دەنگدەرو کادیرە حیزبییەکان بگوازنەوە، بەڵام وا لە هەڵمەتەکاندا بینرا کە بەرامبەر بە (٢٠٠) دۆلار نەبوایە هیچ خاوەن پاسێک ئامادەنەبوو بە دروشمێکی حیزبیی رووی پاسەکەی داپۆشێت، لەکاتێکدا خانوو و خێمەو دووکانەکان دەبینران بێ بەرامبەر ئامادەبوون دروشمی لیستێکی ناحیزبیو جەماوەریی بەرزبکەنەوە.

ئەمە چی لێدەخوێندرێتەوە تەنیا ئاماژەی ماندووێتی خەڵک نەبێت لەو مۆدیلە حیزبییەو کەناڵە وەستاوانەی نەبێت؟!

### لە ڕێکخستنی حیزبییەوە بۆ ڕێکخستنی جەماوەریی لە بری ئایدۆلۆژیایەکەوە بۆ ئاراستەیەکی فرە ئایدۆلۆژی..

دیسانەوە ئـەوەی لە هەڵمەتەکانی هەڵبراژدندا بینرا ئەو لیستەی کە زۆرترین «جەماوەریی لەخۆبووردوو»ی هەبوو، هەر ئەو لیستەبوو کە نە لەسەر ئایین نە لەسەر ئایدۆلۆژیاو نە لەسەر عەشیرەتێک دامەزرابوو، بەڵکو ئاراستەیەکی گشتییو جەماوەری کە لە یەککاتدا هەڵگری چەندین بیرکردنەوەو ئایینو ئاینزاو بۆچوونو دیدگای جیاوازبوو.

ئەمەش دەرخەری ئەو راستییەیە کە قۆناغی نوێی خەباتی سیاسییو جەماوەریی ئەوە نییە کە لەڕێگەی ئایدۆلۆژیایەکی چەقبەستوو یان دروشمێکی ئایینی یان بەڵێنی بەهەشتی خەڵک جۆش بدەیت بۆ ئەوەی ببێتە هەوادار، بەڵکو دنیای هاوچەرخ خۆی لـەوەدا دەبینێتەوە کە پرۆژەکان پرۆژەی کۆکەرەوەی خاڵە هاوبەشەکانو ئازادییە گشتییەکانو کێشەکانی خەڵکو مافەکان بێت نەک رێکخستنە حیزبییەکان.

قۆناغی نـوێ لە خەباتی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا قۆناغی وەرچەرخانە لە رێکخستنی حیزبییەوە بۆ ئاراستەی جەماوەریی، بەو واتایەی چیتر ئەو لیستو کلێشەو فۆرمی تەزکیە حیزبییانە ئاوادەبنو لە جێگەیدا هەڵوێستو وێستگەی سیاسیو لە هەڵبژاردنەکاندا لیستی نوێی جەماوەریی دێتەکایەوە کە لە یەککاتدا لە توانایدایە رکابەرە ئایدۆلۆژیو ئایینیو خێڵەکیو ناوچەییەکان کۆبکاتەوە لەسەر ئەو خاڵانەی کە هاوبەشن نەک لەسەر دەستکەوتو دابەشکردنی سەرکەوتن وەک ئەوەی کە حیزب بەڵێن بە جەماوەرەکەی دەدات.

جـیـاوازی نـێـوان ئاراستەیەکی جەماوەرییو رێکخستنێکی حیزبیی لەوەدایە رێکخستنی حیزبی وەک شەڕگەو چەکدار سەیری رێکخستنەکانو هەڵبژاردنەکان دەکات، بەو مانایەی کە بەڵێن بە کادیرەکانی دەدات ئەگەر لە شەڕەکەدا بیبەنەوە ئەوا غەنیمەتو سەرکەوتنەکان پێکەوە بەسەر شەڕکەرەکانیدا دابەشدەکات (ئەمەش لەسەر حیسابی دۆڕاوەکــەیــە)، بەڵام ئاراستەی جەماوەریی کە نوێترین شێوەی کاری مەدەنییە بەپێچەوانەی حیزبەوە لەسەر خەمە هاوبەشەکان کۆدەبێتەوە بە جۆرێک سەرکەوتن دەبێتە هی هەمووانو دۆڕاویـش تەنیا پێشێلکارەکانی یاساو گەندەڵەکانی سەر خەزێنەکانی دەوڵەتن، بەڵێنی ئاراستەی جەماوەریی ئەوە نییە کە وەک حیزب سەرکەوتن دابەشبکات، بەڵکو هەمووان جارێکیتر دەکاتەوە هاوڵاتی پلەیەکو نیشتمان بە یەکسانی دەکاتەوە بە نیشتمانی هەمووانو هەمووانیش لەبەردەم یاسادا یەکسان.

جـیـاوازیـیـەکـی دیـکـەی گـوتـاری رێکخستنی حیزبو ئاراستەی جەماوەری لەوەدایە کە حیزب رابردوو وەک شانازی بەکاردەهێنێتو کۆنەستی خەڵکی پێ جۆشدەدات، بەڵام ئاراستەی جەماوەریی مێژوو دەکاتە مەیدانی دووبارەنەکردنەوەی هەڵەو کارکردن بۆ چاکسازییو ئایندەو وێستگەیەکی بەجێهێشتنی رابـردوو، بە مانای پەرەپێدانی دەستکەوتەکانو وەلاخستنی مەینەتییەکان دێـت بۆ هاونیشتمانییان.

### لە جاسوسەوە بۆ چالاکیی مەدەنیی

هێشتا حیزبەکان لە راپۆرتو قسەڵۆکو بوختانەکانی کادیرانیان وازیاننەهێناوەو هەر لەسەر ئەو بنەڕەتەش کارو چالاکی حیزبی خـۆیـان رێـکـدەخـەن، ئـەوان (حیزبەکان) سـەیری دەمـی هاوڵاتییان خۆیان ناکەن کە ناڕازینو داواو خواستیان چییە، بەڵکو حیزبەکان پشتدەبەستن بە راپۆرتی جاسوسو کادیرانی کۆمیتەو ناوچەکانیان بۆ ئەوەی هەواڵی رۆژانەو شەوانەو کاکردنو نووستنو ئینتیمای جەماوەریی ناو گەڕەکەکانیان بۆ بهێننەوە، هەر لەوێشەوە بڕیار لە نانو ئازادییو ئاسایشو چـارەنـووسـی هاوڵاتییان دەدرێت، ئەمەش جگە لەوەی دەروازەی فراوانکردنی درۆو رق دروستکردنە لەناو گەڕەکو خێزانەکاندا، هاوکات سەلمێنەری دۆخی نائازادو کاری شێواوە، چونکە فلتەرەکانی حیزب فەزایەکی ئـازادی وا ناخوڵقێنن کە هەموو کەس ئازادانە خۆی بێت بۆیە بۆ ئەوەی چارەنووسو نانی نەکەوێتە مەترسییەوە لە رووخساردا درۆ بۆ حیزب دەکاتو لە ناخیشەوە کاری خۆی پەرەپێدەدات تا رۆژی «تەقینەوەو ئاشکرابوون»، ئەمەش تەنیا لە ترسی ئەوەی نەبادا جاسووسو راپۆرتنووسەکانی حیزب بە «دوژمـن بە حیزبو ئامانجە باڵاکان» لەقەڵەمی بدەن،

بەڵام لەمەدا تەنیا هاوڵاتییان زیانیان پێناکەوێت، بەڵکو خودی حیزبیش تووشی هەڵەو کەموکوڕییو بەدەستهێنانی زانیاری نـاڕەواو ناڕاست دەبـێـت، چونکە هەم راپۆرت لە نهێنیدا دەنووسرێتو هەموو راپۆرتنووسێکیش لە نهێنیو تاریکیدا کارەکانی دەکـاتو پشت بە زانیاری دەمـاودەم دەبەستێت، بۆیە لە زۆرترین حاڵەتدا ئەگەری «قەبەکردنی حیزبو زۆرکردنی دوژمن» لە ئارادایەو «درۆ»ش کارێکی نکوولی لێنەکراوە بەردەوام لەم راپـۆرتو جاسووسنامە حیزبییانەدا رێژەی زۆرینەی قسە پێکدەهێنێت لەچاو قسە راستەکاندا لێرەوە کادیری حیزب لە کۆڵانو شەقامەکاندا لە بری ئەوەی ببێتە خزمەتگوزاری خەڵکو نوێنەرێکی ئیجابی حیزبەکەی، دەبێتە رەقیبو جاسوسو چاودێریکەری رەفـتـاری تاکەکان کە بێگومان ئەم ئەرکانەش لە کۆمەڵگەدا رەتکراوەن، بۆیە بەردەوام مەودای نێوان جەماوەرو حیزب مەودایەکی خەملێنراوی ناڕاستە.

سەلماندنی ئـەم راسـتـیـیـەش لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەوە ئاسانە، چونکە هـەر حیزبەو بـە خەملاندنو راپۆرتەکانی لە گەڕەکەکانەوە کورسییەکی زۆری پەرلەمانی بۆ خۆی تەرخانکردبوو، بەڵام ئەنجامی زۆرینەی حیزبەکان لەگەڵ پێشبینییەکانیاندا لە نیوە کەمتربوو، بۆ نموونە چاوەڕوانییەکانی چوارحیزبەکەو یەکێتی نیشتمانی لە شاری سلێمانیدا بۆ ئەنجامەکان هەرگیز چاوەڕێکراونەبوو، هەر بۆیە بەرپرسە باڵاکانی ئەو حیزبانە راشکاوانە نایشارنەوە کە «ئەنجامەکان تووشی شۆکی کردوون»،

بەڵام لە ئاراستەی جەماوەرییو مۆدێلی نوێی کارکردن لە شەقامی سیاسیدا، دەبێت چاوو چالاکە مەدەنییەکانیو ئاشکراو خزمەتگوزارییدا دەبێت بناسرێنەوە، لێرەدا کار لە دڵو دەروونو هەستی جەماوەر دەکرێت نوێنەری ئاراستەکە لە بری ئـەوەی قسەو رەفتاری خەڵک بە راپۆرت بگوازێتەوە بۆ حیزب، خۆی دەبێتە قسەکەرو نمایشکەری راستەقینەی ئاراستەکە لـەوێـشـەوە جـەمـاوەر لە رەفتارو قسەیدا ئاراستەکە دەبیننەوە، نەک کارکردن بە راپۆرتو نهێنێتی کادیر، پرۆژەکانو رەخنەکانو هەڵوێستەکان بەرامبەر خەمەکانی خەڵکو کێشەکانیان ئاراستەکە جـیـادەکـەنـەوەو وادەکـەن سەرنجی دەنگدەر رابکێشن، لەکاتێکدا رەنگە بە هیچ جۆرێک رۆژێک لە رۆژان ئەم دەنگدەرە نە مووچەیەکی لەو لیستە وەرگرتبێتو نە بەڵێنی زەویو پۆستو پارەشی پێدرابێتو هەرگیز سەریشی نەکردبێت بە یەکێک لە خێمەکانی ئەو لیستەداو کاندیدو سەرکردەکانیشی مەگەر لە تەلەفزیۆنەکانەوە بینیبێت.

Hardi_mahdi@yahoo.com

# یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان پاش پاشەکشەکردن

## خوێندنەوەو هەڵسەنگاندن



**شیروان شەمێرانی**

یەکگرتووی ئیسلامیی بە هەموو پێوەرێک لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا شکستی خوارد، لە شێوازی دروستکردنی لیستی خزمەتگوزاریی‌و چاکسازیدا نەگەیشتبووە ڕێککەوتنی کۆتایی لەگەڵ هاوپەیمانانی بەتایبەت کۆمەڵ، ئەوەبوو بۆ دیاریکردنی سەرۆکی لیستەکە یەکگرتووی گەیاندە بینەقاقا، هەتا دوای چەند ڕۆژێکیش لە سوێندخواردن‌و بەگیان دەرچوون کۆمەڵ ڕەزامەندبوونی خۆی ڕاگەیاند بۆ سەرۆکایەتیکردنی لیستەکە لەلایەن یەکگرتووەوە، یەکگرتوو شکستی خوارد لە ژمارەی کورسییەکاندا کە بۆخۆی دیاریکردبوو، لە (٩) کورسییەوە هاتە (٦) کورسی، لە ڕووی سیاسیی‌و جەماوەریشەوە پێکهاتەکانی دیکـەی لیستەکە هـەمـوویـان بەرەوپێشچوون، بەڵام یەکگرتوو پاشەکشەیکرد، یەکگرتوو پاش ئەو هەموو ئەزموونی بەشداریکردنەی دەسەڵات هەر لە مەجلیسی حوکمەوەو پەرلەمانەکانی بەغداو هەولێرو کاری سیاسیی (١٥) ساڵی ڕابردووی دەبوایە لەوە تێبگەیشتایە کە لەکاتی دروستکردنی کاری هاوبەشدا لەگەڵ لایەنێکی سیاسیی دیکەدا دەبێت هەر لە سەرەتاوە هەموو شتەکان ببڕدرێتەوە، لە فیکری سیاسیدا ڕاگەیاندنی هاوپەیمانی دوولایەن مەحاڵە تا سەرجەم خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە یەکلایی نەکرێنەوە، هەڵەی گەورەی لەو شێوەیە بەکەمی کات یان نەبوونی کات‌و تەنگاوبوون لە بەردەم کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکاندا پاساو نادرێت، بە پاساوی نەبوونی کات نابێت حیزبێکی دیارو گەورەی وەک یەکگرتوو ئیحراجبکرێت لەبەردەم چاودێران‌و ڕێکخستن‌و جەماوەرو هۆکارەکانی ڕاگەیاندنیشدا، هەڵەی گـەورەی سیاسیی ئەوەیە، کە سیاسەت لەسەر متمانەبوون بە بەرامبەر بکەیت، لە سیاسەتدا متمانە نییە، لە سیاسەتدا برایەتی‌و دۆستایەتی‌و خۆشەویستی بوونی نییە، ساویلکەییە خۆفڕێدانە ناو دەریایەکی سیاسیی گڕگرتووەوە لەسەر بنەمای برایەتی یان متمانەبوون بە بەرامبەر بەتایبەت لەگەڵ لایەنێکدا خۆی بە بەدیلی تۆ بزانێت، یان مێژوویەک لە جیاوازی‌و دووسـەری‌و پێکدادانی مەنهەجی لە نێواندا هەبێت.. یەکگرتوو لە حکومەتەکەی ئیبراهیم جەعفەریدا لە بەغدا وەزیری نەبوو، چونکە چاوەڕێی دەکـرد لیستی هاوپەیمانی وەزیرێکی پێبدەن‌و شتیواش ڕووینەدا، لەو کاتەدا دەبوایە یەکگرتوو بیزانیایە کە سیاسەتکردن لەسەر بنەمای متمانەبوون واتە دۆڕاندن..

یەکگرتووی ئیسلامیی لە هەڵبژاردنەکانی ڕابـــردوودا دۆخێکی زۆر گونجاوو لەباری هەبوو کە بە تەنیا دابەزییایەتە ناو مەیدانەوە، ڕکابەرێکی بەهێزبوو، ڕێکخستنەکانی تا ڕێژەیەکی زۆرباش ئامادەبوون بۆ ململانێکردنی دوو حیزبە تەقلیدییەکە، جەماوەرێکی باشی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا هەبوو، زۆر بە ئاسانیی دەیتوانی بە تەنیا دابەزێت‌و ڕێژەیەکی گونجاویش لە دەنگەکان بۆ خۆی ببات، ئەو کاتە سەرکەوتنێکی بەدەستدەهێناو پێگەی خۆی لەناو یاریگای سیاسی کوردستاندا زیاتر بەهێزدەکرد، ئەگەر وایبکردایە ئەوا سەری هاوکێشەو گرێدانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا بۆ هەڵبژاردنەکانی داهـاتـووی عێراقی بەدەستەوەدەبوو، بە ئاسانی دەیتوانی مەرجەکانی خۆشی بسەپێنێت، بەڵام ئێستا بەپێچەوانەوەیە، ئەو شەڕەی کە یەکگرتوو دەبوایە لە هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا بیکردایەو بیبردایەتەوە دەبێت ئێستا لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی بەغدادا بیکات، شەڕێکی زۆر زۆر قورسترە، چونکە هەر لایەنێک یەکگرتوو بیەوێت هاوپەیمانی لەگەڵدا بکات لەسەر بنەمای (٦) کورسی قورسایی یەکگرتوو دیاریدەکات.. یەکگرتوو بریندارەو ئەگەر بیەوێت چارەسەری بکات دەبێت ژووری ئۆپراسیۆنی تایبەت بۆ شەش مانگی داهاتوو دروستبکات بە مەرجی سوودوەرگرتن لەم شکستخواردنەی‌و بە جوان گوێگرتن لە ڕێکخستن‌و سەرجەم ڕای چاودێران.. دەبێت لای یەکگرتوو ڕوون بێت شکستخواردنی دووەم لە ماوەی شەش مانگدا بە زەرەرێکی زۆر بەسەریدا دەشکێتەوە.

تەوەرێکی دیکە هەیە پێویست بە ئاماژەکردنێکی ڕوون دەکـات، ئەویش بریتییە لە خوێندنەوەی ئەندامانی ڕێکخستن، چ لەکاتی دڵخۆشی ئەندامان بە سەرکردایەتی یان لەکاتی بێزاریاندا، لێرەشدا دەمەوێت دوو خاڵ بخەمەڕوو:

**یەکەم:** هەڵسەنگاندنی زۆرێک لە چاودێران لە ناوەوەو دەرەوەی یەکێتیدا بۆ شکستی یەکێتی لە شاری سلێمانی دەڵێت ئەو شکستهێنانە بەهۆی پشتگوێخستنی ڕێکخستنەوەبوو، بەهۆی ئەو کەلێنە گەورەوە لەنێوان بازنەی بڕیاردانی حیزب‌و کەرتەکانی ڕێکخستندا دروستبووبوو، لەکاتێکدا ڕێکخستن بێزاربوو لە سیاسەتی سەرکردایەتی سەبارەت بە مامەڵەکردنی لەگەڵ پارتیدا، یان کارایی‌و لێوەشاوەیی لێپرسراوانی حکومەت، کاتێک سەرکردایەتی یەکێتی بێزاری ڕێکخستنی بەهەند نەگرت ئەوانیش سزایاندا، ئەوەی لێکەوتەوە کە هەموومان دیمان، نابێت بە خۆڕازیکردن کە گوایە ڕێکخستن هێشتا منداڵی دوێنێن‌و باش لە سیاسەت نازانن ئیهمالبکرێن، ڕێکخستن ئەوەیە کە گوێت بۆ خوێندنەوەکانی نەگرت هیچی پێنەکرێت ئەوەی پێدەکرێت کە لە هەڵبژاردندا دەنگت بۆ نەدات، چی لێدەکەیت؟ ئەمەش ئەگەر تەنیا بە دەنگنەدانەوە بووەستێت‌و نەگانە ئاست پووکانەوە....

**دووەم:** ئادەمیزاد بەدرێژایی تەمەنی بە منداڵی‌و نەزان نامێنێتەوە، گەورەترین هەڵەش باوکەکان دەیکەن ئەوەیە کە تا مردن بە منداڵ دەڕواننە نەوەکانیان، بەڵام بەڵگە نەویستە کە زۆرجار منداڵ لە باوکی زیرەکترو کارامەتر دەبێت‌و زۆرجاریش قوتابی لە مامۆستاکەی زاناتر دەردەچێت، لە مێژوویی مرۆڤایەتیشدا زۆر لەو حاڵەتانە ڕوویانداوە، بۆیە زۆر گرنگە سەرکردایەتی هەموو حیزبێک هەمیشە بە گەورە سەیری تاکە تاکەی ڕێکخستن بکات، حیسابی منداڵیان بۆ نەکات، با گوێگرتن بۆیان تەنیا بە مەبەستی ڕاگرتنی دڵیان نەبێت، با تەنیا بۆ خاڵیکردنەوەو لادانـی ترسی پەنگخواردنەوە نەبێت، ئەزموونێک لەم بوارەدا دەبێت سوودی لێوەربگیرێت سودانە، یەکێک لەو هۆکارانەی کە هاوکارانی حەسەن تورابی هەمیشە دەیانووتەوەو بوو بە هۆی دوورکەتنەوەیان بریتیبوو لەوەی کە تورابی وەک منداڵ‌و ساواو بەپێکەنینێکی پڕ ماناوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکردن، ئەوەشبوو بەهۆی دەست لە کارکێشانەوەی هەندێک لە کەسایەتیە بەرزکانیان‌و پاشان جیابوونەوەی یەکجارەکی.

# کوردو سیاسەت‌و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق



**دانا عەسکەر**

کە دەوتـرێـت کـورد، بەدڵنیاییەوە کورد تەنیا لە سیاسەتی یەکێتی‌و پارتیدا کورتناکرێتەوە کە دەوترێت هەڵبژاردن، هیچ کەس‌و لایەنێک بۆی نییە داوای یەک لیستی لە هەڵبژاردنی عێراقدا بکات، ئەوەی دەکرێت داوای بکرێت یەکڕیزی‌و پێداگرتنە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە بەغداد لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان بەتایبەتی کەرکوک‌و ناوچە دابڕاوەکان کە مەحاڵە هیچ لایەنێک سازشی لەسەربکات، ئەمەیان شەڕی کوردە لەناو پەرلەمان بەیەک دەنگی‌و یەک هەڵوێستی ئەم شەڕە شەڕێکی ڕەوایـە، بەتایبەتی لە ئێستادا عـێـراق‌و کوردستان چاویانبڕیووەتە پابەندبوون بە دەستوورو دیموکراسی‌و ڕێزگرتن لە یاساو یەکسانی، نزیکەی (١٨) ساڵە یەکێتی‌و پارتی لە گۆڕەپانی سیاسیدا خۆیان بە واریسی گشتی ئەم وڵاتە دەزانن‌و بەناوی یەکسانی‌و دیموکراسی‌و مافی مرۆڤ‌و حیزبی سۆشیال دیموکراتەوە بـواریـان نـەداوە کەسی دیکە حوکمی کوردستان بکات، ئەویش لەبەرئەوەی ئەمان لە زەمانی شاخەوە ئەم حوکمەیان بۆ بڕاوەتەوە، دیارە ئەوەی لە ڕابردوودا بەشێوەیەکی ڕەها دەنگ بۆ ئەم دوو حیزبە درا، مەسەلەی بوونی ڕژێمێکی جەلادی وەک بەعسبوو لە گۆڕەپانەکەدا کە سنووری بۆ ئینسانبوون نەهێشتبووەوە، سۆزی خەڵک‌و ئیرادەی خەڵکی بۆ لای یەکێتی‌و پارتی ڕاکێشاوە، لەوکاتەدا ئەمان دوو حیزبی شۆڕشگێڕبوون‌و داکۆکییان لە مافەکانی گەلی کورد دەکرد، ئەوەی ئەوان لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا کردیان، دیوێکی دیکەی داکۆکیکردنبوو لە مافەکانی ئێمە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سەرسەختترین دوژمن، بەڵام دوای ڕووخانی بەعس ئەمان ڕێگەیان بە هیچ کەس‌و لایەنێک نەدا حکومی کوردستان بکات، بۆیە هاوکێشەکە ئاراستەیەکی دیکەی وەرگرت، لە حیزبی شۆڕشگێڕەوە بۆ حیزبی دەسەڵاتداری ستەمکارو خاوەن عەقڵێکی نەگۆڕ، ئەم دوالیزمە لە سیاسەتی حیزبی کوردی ئەم ئەنجامەی لێکەوتەوە کە لیستی گۆڕان توانی هاوکێشەکە بەلای خۆیدا بشکێنێتەوەو یەکێتی‌و پارتیش ناچاربکات ئەم ئەزموونە قبوڵبکەن، ئەوان پێشتر نەحکومەتی یەک لایەنەیان قبوڵکردو نە ئۆپۆزیسیۆنیان قبوڵکرد، شەڕی ئەوان شەڕی دیموکراسی‌و کوردستانێکی ئازاد نەبوو، بەپێچەوانەوە شەڕی کورسی‌و پیرۆزیی حیزبی‌و غرووی سیاسی بوو، تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی شەڕی ناوخۆی نێوان ئەم دوو حیزبە هـەروا شەڕێکی ئاسای نەبێت، بەڵکو شـەڕی ئەم دوو حیزبە، شەڕی سووکایەتی بوو کیانی کورد کە خۆی لە پێشمەرگەدا دەخستەڕوو، شەڕی ئەوان هیچ بوارێکی بۆ هاوپەیمانی نەهێشتەوە ئەگەر تووشی شکستی ڕۆحـی‌و جەبەرووت‌و غـروری سیاسی لەبەردەم ئیرادەی خەڵکی کوردستان نەبوونایە، ئـەوان نەیاندەتوانی ئەو هاوپەیمانییەتیە ئیعلانبکەن ئەگەر هەستیان بە فراوانبوونی ڕووگەی دیموکراسی لە ناوچەکەدا نەکردایە، دیارە هاوپەیمانێتی ئەوان لەترسی دیموکراسی ئاکامی نەمانی میسداقییەتی حیزبی‌و نەمانی متمانە لەنێوان خەڵک‌و دەسەڵاتدابوو، بۆیە پێتان سەیر نەبێت لیستی گۆڕان لە ماوەیەکی کورتدا (٢٥) کورسی بەدەستهێنا، دەبوو باش بتانزانیبایە کە گۆڕان ئەو سەرکەوتنە بەدەستدێنێت‌و تووڕەبوونی خەڵک ئەو بتە زەبـەلاحـەی حیزبیش دەشکێنێت، لەوەش سەیرتر تەنانەت خەڵکی ئاسایش دەیزانی گۆڕان دەنگێکی باش دەهێنێت، کەچی ئەمان هەر گاڵتەیان بە وەزعەکە دەهات‌و لە هەندێک شوێندا تەعلیقیان لە لیستی گـۆڕان دەدا، گوایە (٢) کورسی دێنێت وەک بەرپرسێک وتبووی منیش تەپلەکێکیان دەدەمێ، ئەی باشە کێ تەپڵەک بەخۆتان بدات، غروری ئێوە گەیشتبووە ئـەو حـەدەی تەنانەت حیسابتان بۆ کادیرەکانی خۆشتان نەدەکردو بە چاوێکی سووکەوە تەماشاتان دەکـردن، ئەوەی دەستبگرێت بە سنگەوەو ئەشەوبیلا بۆ قسەکانتان بکات، ئەوە کادیری چوست‌و چالاکەو لە خیزانێکی خاوەن هەڵوێستی جوامێرانەیە، ئەوەشی ئەو جۆرە ڕەفتارەی قبوڵنەبێت کەسێکی ئینتیهازی‌و هەزاران ناو ناتۆرەی قۆناغەکانی شاختان لێدەنا، ڕۆشنبیری کورد (١٨) ساڵە دەنووسێت‌و باسی سیاسەتی چەوتی ئێوە دەکـات، باسی نەبوونی یەکسانی کۆمەڵایەتی‌و گەندەڵیی‌و بێ حورمەتی لەئاست ئینسان‌و سووککردنی چەمکی ڕۆشنبیریی‌و نەبوونی سیاسەتێکی حەکیمانەدەکات لەئاست مەسەلەی کـەرکـوک، کەچی ئێوە لەبری چـارەسـەرکـردن هەندێک خەڵکی نارۆشنبیرتان خزانە ناو هاوکێشە سیاسییەکان بەنیازی چارەسەرکردنی کێشەکان کەچی ئـەوان بەم ڕۆژەیـان گەیاندن‌و گاڵتەتان بە ڕۆشنبیری جدیی دەهـاتـەوە، لە هەر شوێنێک کۆمەڵێک بەناو ڕۆشنبیرتان قوتکردووەتەوە لە هەر پرۆژەیەکی ئەدەبی، ڕۆشنبیری، ڕۆژنامەوانی، هونەریی، سیاسی، دەبێت هەر ئەوان دەم سپی خەڵک بن‌و ئەو پرۆژەیەی بەدڵی ئەوان‌و بە قسەی ئەوان نەبێت هەر دەبێت تەفنیشی بکەن ئەگەر لەسەر حیسابی لەدەستدان کوشتنی ڕۆحـی تەبایی‌و چەمکی ڕۆشنبیریش بێت، ئێوە خاوەنی ئەو خەڵکانەو ئەو جۆرە عەقڵیەتەبوون بۆیە خەڵک لێتان تووڕەیەو ئامادەنەبوون دەنگ بە ئێوەبدەن، ئەوانەی ئێوە پشتتان پێیان قایمبوو لەکاتی هەڵبژاردندا فێڵیان لە یەکێتی‌و پارتی‌و شەخسی تاڵەبانی‌و بەرزانیکردو لە کەرکوکەوە خەڵکیان برد بۆ چەمچەماڵ بۆ ئەوەی تاڵەبانی وابزانێت خەڵکێکی زۆری لەپشتە، بەڵێ جەنابی سەرۆک ئەوانەبوون دڵسۆزەکانتان‌و بە هەزاران دۆلارتان بۆیان سەرفدەکرد تاکو پاڵپشتتان بۆ بدۆزنەوە کەچی فێڵیانلێکردن، هەر ئەوانەن لە هاتنەکانتان تەنیا ئەوان دەبینن‌و وادەزانـن لە ناوچەکەدا تەنیا ئـەوان هـەن‌و کەسی دیکە خەمخۆری دۆزی کورد نییە، ئەوەتا ئێستاش هەر ئەوانەن دەیانەوێت دووبـارە قـەوارەو سەنگی خۆیان لە کەرکوکیش بشارنەوە تاکو کەس نەزانێت سەنگیان چەندە، ئەوان ئێستا سەرقاڵی ئەوەن فشار بخەنەسەر خەڵکی کورد لە کەرکوک تا داوا لە لیست‌و قەوارە جیاوازەکان بکەن بە یەک لیست لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق‌و ئەنجومەنی پارێزگاکان دابـەزن، بە یەک لیست لە کەرکوک دابەزن، ئەوان ئەگەر باوەڕیان بە تواناو ئیرادەی خۆیان هەیە چ پێویست دەکات لە لستی جیاواز بترسن، لێگەڕێن با هەموو لیستەکان قەبارەی خۆیان بزانن‌و وەک خۆتان دەڵێن با دیمکراسیانە مامەڵە لەگەڵ پرۆسەی هەڵبژاردندا بکەن، وەک چۆن کۆمەڵی ئیسلامی ساڵی (٢٠٠٥) لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەیەک لیست دابەزی‌و دواجاریش بووەوە بەشەریکی هەمیشەیی لیستی هاوپەیمانی کوردستان،

ئێمە دەبـێـت لـەو گۆشەنیگایەوە لە هەڵبژاردن بڕوانین کە هەر لیست‌و قەوارەیەکی کـوردی هەوڵبدات دەنگی کـورد نەخاتە دەرەوەی هاوکێشەی سیاسی‌و جوگرافییەکەی کوردستانەوە، دابەزینی هەر لیستێکی کوردی سەربەخۆ، مافێکی ڕەوای خۆیەتی بەو مەرجەی لـە ئەنجومەنی نـوێـنـەرانـی عێراقدا ستراتیژییەکان‌و هەڵوێست وەرگرتن لەسەر کێشە چارەنووسسازەکان دەبێت یەک بن‌و دەرئەنجام کورسییەکانی کورد یەک ئامانج لەسەری دادەنیشێت، ئەویش داکۆکیکردنە لە مافەکانی گەلی کوردستان بێ جیاوازی، لەدواییدا دەبێت دەسەڵاتی سیاسی کورد ئەوەباش بزانێت بەشداریی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا وەک یەک هەڵویست، جۆریکە لە ئۆپۆزیسیۆنێکی کوردی بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کوردستان لە چوارچێوەی پەرلەمان‌و حکومەتی عێراقدا، بۆیە بوونی ئۆپۆزیسیۆن، دەبێتە مایەی بوونی حکومەتێکی چالاک کە پێشتر ئەو حکومەتە لە هەرێمی کوردستاندا حکومەتێکی یەک دەنگو پەرلەمانێکی بێ ئۆپۆزیسیۆنبوو، ئەوەی ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی سیاسی کورددا هەیە ئەمری واقیعەو ئێوە خۆتان نە لە پەرلەمان‌و نە لە حکومەتدا ئەداتان باشنەبووە، لەم حاڵەتەشدا خەڵک ناتوانێت بێدەنگ بێت بەتایبەتی ئێوە خۆتان ئیدیعای دیموکراسی دەکەن، بۆیە ئەوە هەر دیموکراسییە لە ئێوەشی قبوڵنەکردو ئۆپۆزیسیۆن دەبێت بە کارتێکی فشار بۆ سەر حکومەت‌و پەرلەمانی داهاتووی کوردستان‌و عێراقیش، چونکە ئەوەی داوای دیموکراسی لە عێراقدا دەکات، دەبێت لە کوردستانیش ئەو دیموکراسیە قبوڵبکات.

---

وزارة العدل
مديرية التسجيل العقاري العامة
دائرة التسجيل العقاري في السليمانية/ ١
لجنة تثبيت الملكية في السليمانية
نموذج رقم (٣٠) تسجيل عقاري
(أعلان)
(قرار تثبيت عائدية عقار مجددا)
بناء على ثبوت عائدية تمام العقار التسلسل (٤٢٣) محلة (چوارباخ) الى طالب التسجيل (بلديه السليمانيه) بموجب قرار تثبيت العائدية المؤرخ ٢٠٠٩/٨/٢٠ الصادر من هذه اللجنة علية نعلن هذا القرار و على من لدية أعتراض على القرار المذكور اقامة الدعوى لدى المحكمة المختصة خلال مدة ثلاثين يوما أعتبارا من اليوم التالى لنشر هذا الأعلان و عند انتهاء المدة و عدم ورود اشعار من المحكمة بأقامة دعوى لديها خلال المدة المذكورة ستباشر هذه الدائرة بالتسجيل وفقا لقرار تثبيت العائدية.
المديرة/ جوان فاضل أمين/ دائرة التسجيل العقاري السليمانية/ ١
٢٠٠٩/٨/٢٦

ئەنجومەنی دادوەری — ژمارە: ٣٦٢/ب/٢٠٠٩
دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی — بەروار: ٢٠٠٩/٨/٢٣
دادگای بەرایی پشدەر
(ئاگانامە)
داواکار/ حسن قوچالی حسن لە بری کچی ناکامی (شەوبۆ)
داوالێکراو/ ڕاستگری تۆماری باری شارستانی پشدەر/ وێڕای کارەکەی
داواکار (حسن قوچالی حسن) داوای ژمارەی سەرەوەی لەم دادگایە کردۆتەوە لەسەر ڕاستگری تۆماری شارستانی پشدەر/ وێڕای کارەکەی بۆ گۆڕینی ناوی کچی ناکامی لە شەوبۆ بۆ الهام، وە بەپێی ماددەی (٢١) لە یاسای باری شارستانی بڕیاردرا بە بڵاوکردنەوەی ئەم ناو گۆڕینە، هەرکەسێ مافی ڕێگرتنی هەیە لەم ناو گۆڕینە با پەیوەندی بکات بەم دادگایەوە لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژدا لە پاش ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لەم ڕۆژنامەیەدا، وە بە پێچەوانەشەوە ئەم داوایە ئەبینرێ بە گوێرەی یاسا.
دادوەر/ سرکوت عونی عمر

ئەنجومەنی دادوەری — ژمارە: ٣٥٥/ب/٢٠٠٩
دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی — بەروار: ٢٠٠٩/٨/٢٣
دادگای بەرایی پشدەر
(ئاگانامە)
داواکار/ خديجه رسول محمد أمين
داوالێکراو/ ڕاستگری تۆماری باری شارستانی پشدەر/ وێڕای کارەکەی
داواکار (خديجه رسول محمد أمين) داوای ژمارەی سەرەوەی لەم دادگایە کردۆتەوە لەسەر ڕاستگری تۆماری شارستانی پشدەر/ وێڕای کارەکەی بۆ گۆڕینی ناوی خۆی لە خدیجە بۆ فریشتە، وە بەپێی ماددەی (٢١) لە یاسای باری شارستانی بڕیاردرا بە بڵاوکردنەوەی ئەم ناو گۆڕینە، هەرکەسێ مافی ڕێگرتنی هەیە لەم ناو گۆڕینە با پەیوەندی بکات بەم دادگایەوە لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژدا لە پاش ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لەم ڕۆژنامەیەدا، وە بە پێچەوانەشەوە ئەم داوایە ئەبینرێ بە گوێرەی یاسا.
دادوەر/ سرکوت عونی عمر

خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای وشە
سەرنووسەر: عەدنان عوسمان
بەڕێوەبەری نووسین: ئاودێر شێخ عومەر awder.sh.omer@gmail.com
دەستـەی نووسـەران:
سیروان ڕەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازل نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدولڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com
ب. ئۆفیسی هەولێر: ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٧١٠٩
کارگێڕی و ڕیکلام و ئاگاداری: ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info.rozhnama@gmail.com
riklam.rozhnama@gmail.com
دابەشکردن: کۆمپانیای نیوەند ٠٧٧٠١٥٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠
ئۆفیسی سەرەکی: سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی
ئۆفیسی هەولێر: شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

# پەرلەمانێکی کارا، خواستی هەموومانە

سەیفەدین مەنمی




چەند ساڵێکی زۆرە کوردستان گیرۆدەی سیستمی پەرلەمانێکی حیزبگەرا بووەو میللەتی دووچاری بێئومێدیو ڕەشبینیی کردووە لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا، چونکە ئەو پەرلەمانە لە رووی حیزبایەتیی‌و مەحسوبیەت‌و خزمایەتی‌و ناوچەگەرێتییەوە هەموویان هاودەنگو هاوڕابوون، بۆچوونێکی جیاوازی تیادا نەدەبینرا کە بەربەست بێت یان بەربەست بووبێت لە بەردەم بیرو بۆچوونە حیزبییەکانداو بواری ترازاندنی شەمەندەفەری حەقیقەت نەدات لەسەر سکەو ڕێڕەوی خۆی.

ئەمەش وایکردبوو کە پەرلەمانتاران هەریەکەیان بە ئاوازو ئارەزووی حیزبەکەی خۆی بخوێنێت‌و گوێ بە بەرژەوەندییە گشتییەکان نەدات لە رووی نەتەوایەتی‌و نیشتمانی‌و خزمەتگوزارییەوە، بەداخەوە ئەمەش لە ئاستی جەماوەری ستەمدیدەی کوردستان وا کەوتەوە کە خواستەکانی خەڵک پەراوێز بخرێن‌و ئەرکە راستەقینەکانی پەرلەمان پشتگوێبخرێن‌و وەکو پێویست ئەرکو فەرمانەکانی وڵات بەڕێوەنەچن. بێگومان پەرلەمانێکیش کە بەمجۆرە بێت لە کارو کرداردا، هەرگیز چاوەڕوانی هیچ پێشکەوتن‌و سەرکەوتنێکی بەرچاوی لێناکرێت.

پێویستە پەرلەمانی خولی سێیەمی کوردستان لە هەموو روویەکەوە پێچەوانەی پەرلەمانی خولی دووەم بێت‌و دەبێت چاوەڕوانی زۆر دەسکەوتی باشی لێبکرێت لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردیدا، چونکە ئەم پەرلەمانە جگە لەوەی چەندین روخساری جیاوازی تێکەوتووە، چەندین بیرو بۆچوونی جیاوازیشی لەخۆ گرتووە، پێ ناچێت وەکو پەرلەمانی پێشوو لە هەموو بڕیارێکدا کاریان تەنیا دەستهەڵبڕین بێت‌و لەسەر مەسەلەکان بۆچوونیان نەبێت، بە تایبەتی مەسەلە چارەنووسسازەکان کە پەیوەندییان بە دوارۆژی کوردستانەوە هەیە. ئەوەی دڵخۆشکەرە بەنیسبەت پەرلەمانی ئێستای کوردستانەوە، ئەو گۆڕانکارییەیە کە ئێستا دەبینین هاوکێشە سیاسییەکانی گۆڕەپانی کوردستانی گۆڕیوە، بێگومان گۆڕینی هاوکێشەیەکی ئاوهاش لە پەرلەماندا رەنگدەداتەوەو هەر گۆڕانکارییەکیش تازەگەریی بەدوای خۆیدا دەهێنێت لە بواری خزمەتکردن بە کۆمەڵگەی کوردی لە هەموو بوارەکاندا، بەتایبەتی بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی‌و ئابووریی، چونکە هەریەک لەم بوارانە سستی‌و کەموکوڕیی زۆری پێوە دیارە بەهۆی کەمتەرخەمی‌و ساردوسڕیی دەسەڵات‌و پەرلەمانکارانەوە کە نەیانتوانی وەکو پێویست ئامێز بۆ خواستەکانی میللەتی کورد بکەنەوە، ئەویش بەهۆی سەرقاڵبوونیان بە بەرژەوەندییە حیزبی‌و تاکەکەسییەکانیانەوە. ئەم بەرنامەیەش وای لە پەرلەمانی پێشوو کرد کە دیوارێکی بەرز لەنێوان دەسەڵات‌و جەماوەردا دروست ببێت‌و متمانە لەنێوان خەڵک‌و حکومەتدا لاواز ببێت‌و دەرەنجامیش ئەم گۆڕانکارییەی لێکەوتەوە، بەڵام پەرلەمانی خولی سێیەم زیاتر ئومێدبەخش‌و هیوا بەخشە بۆ ئایندەی کوردستان، رەنگە ئەو گەندەڵی‌و مشەخۆرییەی کە دەسەڵات تێوەی گلابوو لە خولی دووەمی پەرلەماندا لە خولی سێیەمدا ماوەی پێ نەدرێت، چونکە دەنگ‌و رەنگی جیاوازو بۆچوونی پێچەوانەی تێدا بەرجەستە بووە، ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەکتیڤکردنی پەرلەمانی خولی سێیەم لە بواری خزمەتکردن بە هاوڵاتییان بە دوور لە هەر بەرژەوەندییەکی تەسکی حیزبایەتی‌و تاکەکەسی، دوور لە هەر سستی‌و کەمتەرخەمییەک، دوور لە هەر فەرزکردنێکی بیروڕا بەسەر پەرلەمانتاراندا، دوور لە هەر خۆپەرستی‌و خۆبەزلزانینێک، لە هەر واسیتەو واسیتەکارییەک. بێگومان پەرلەمانێک لە هەموو ئەم دیاردانە خۆی بەدوور بگرێت، خوێنێکی گەش‌و تازە بە جەستەی کۆمەڵگەی کوردیدا دەکات، ئەم هەموو هەنگاوە پیرۆزانە زەمینە بۆ ئەوە خۆش دەکەن کە سەروەرییەکانی میللەت زیاتر پارێزراو بن‌و یاساش زیاتر سەروەر بێت بە تایبەتی لە بواری بەهەدەرنەدانی سامان‌و بودجەو نەوتی کوردستان‌و ماوەنەدان بەوەی بەرهەم‌و سەرمایەی کوردستان نەچێتە گیرفانی چەند حیزبێکەوەو لەلایەن چەند کەسێکەوە قۆرغبکرێت، بە تایبەتی دەبێت پەرلەمانی خولی سێیەم لە هەموو ئەو دیاردانە بکۆڵێتەوە کە دەرهەق بە هاوڵاتییان کراون لە دوای (٧/٢٥)ەوە کە خۆی لە دەرکردن‌و نانبڕین‌و سزادانی سەدان ئەفسەرو پۆلیس‌و پێشمەرگەو کارمەندی دەزگا حکومییەکان دەبینێتەوە، بەو هیوایەی کە ئەمجارە ئۆپۆزسیۆن دەوری کاراو چالاکی خۆی هەبێت‌و وڵات بە ئاقاری ئارامی‌و خۆشگوزەرانیدا بەرێت‌و گلەیی‌و گازندەکان کەمبکەنەوە.

# پەرلەمانی بێدەنگ‌و ئۆپۆزسیۆنێکی دەنگە دەنگکەر



ئیسماعیل عوسمان

دەسەڵات بۆ ئەوەی هەمیشە بە قۆناغی نوێبوونەوەدا تێپەڕێت، پێویستی بە دوو ئەگەری جیاواز هەیە، ئەویش ئەوەییە کە حیزبێک یان چەند حیزبێکی هاوپەیمان لەسەر دەسەڵات‌و سیستمی سیاسیی وڵات بەڕێوە دەبەن، چەند حیزب‌و گروپێکی دیکەش وەک ئۆپۆزسیۆن رۆڵ دەبینن‌و لە دەرەوەی دەسەڵاتەوە دەمێننەوە، کار لەسەر ئەوە دەکەن نەهێڵن دەسەڵات پیر بێت‌و بەرەو گەندەڵیی هەنگاو بنێت، هەمیشەش چاوێکی چاودێرن بەسەر سەرجەم کایە جیاوازەکانی دەسەڵاتەوە، لە هەمانکاتدا هەوڵی گەیشتن بە دەسەڵات دەدەن بە رێگەیەکی تەندروست، شەڕەکانی شەقام دەبەنە پەرلەمان، پەرلەمان دەبێتە مینبەرێک بۆ رەنگ‌و دەنگە جیاوازەکان.

ئەوەی لە ماوەی رابردوودا لە پەرلەمانی کوردستان بینیمان، ئەوەی تیایدا بەدیدەکرا، کە ئەم دامەزراوە مەدەنییە لەبری رەخنەگرتن‌و بەرزکردنەوەی دەنگی نارەزایی، بووبوویە جێگەی دەست بەرزکردنەوەو پەرمانتارەکانی سەر بە دەسەڵات‌و بەناو ئۆپۆزسیۆنەکان.

ئۆپۆزسیۆن چەند حیزبێکی شەرمن بوون، ئەم حیزبانە لەبری ئەوەی لەسەر چارەنووسی بڕیارەکان بۆ میللەت‌و حکومەت بجەنگێن، بە پێچەوانەوە هەمیشە شەڕی چارەنووسی خۆیان‌و حیزبەکەیانیان دەکرد، ئەوەش وایکرد کە ئەو دامەزراوە لە ماوەی چوار ساڵی پێشوودا فەزایەکی بێدەنگ باڵ بکێشێت بەسەریدا نەتوانێت هیچ بڕیارێک بە زۆرینەی دەنگی نارەزایی رەتبکرێتەوە.

هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە گۆڕانکایییەکی جیاوازی بەسەر ناوەندی سیاسیی کوردیدا هێنا، ئەو گۆمە مەنگە شڵەقا کە چەندین ساڵە دوو هێزە سیاسییە سەرەکییەکەی کوردستان پارێزگارییان لێ دەکرد ویستی گۆڕانگاریی سیاسییان دەکوشت، هەموو هەوڵەکانیان دەخستەگەڕ بۆ ونکرنی شەپۆلە پێچەوانەکان ئەگەر بە شێوەیەکی کەمیش هەبووبێت، تەنانەت لەناو میدیای حیزبەکانیشدا هەمیشە باس لەوە دەکرا، کە «بەزۆرینەی دەنگ فلان بڕیار رەزامەندی لەسەر دەربڕا.»

بۆ ئەوەی ئەو فەزاو سەمفۆنیا بێدەنگییەی کە لە پەرلەماندا هەیە بشکێنرێت، لە ئێستا پێویستمان بەوەیە کە ئۆپۆزسیۆنێکی دەنگە دەنگکەر بێتە ئاراوە، هەموو ئەو شەڕو دەنگە نارەزایانەی کە هەبوون ئەم ئۆپۆزسیۆنە نوێیە بیباتە ناو پەرلەمان، ئیدی ئۆپۆزسیۆن لە چاو سوورکردنەوەیەکی دەسەڵات نەترسێت، بەپێچەوانەوە ئۆپۆزسیۆن هەڕەشەیەک بێت بۆ سەر دەسەڵات، ببێتە چاوێکی چاودێر بەسەر کۆی ئەدای سیاسیی پەرلەمان‌و حکومەت، هەموو شەڕەکانی میللەتیش لە پەرماندا یەکلایی ببێتەوە، ئیدی پەرلەمان پێویستە ببێتە مینبەرێکی دیموکراسیی‌و شوێنی شەڕە کورسی هێزە سیاسیی‌و پەرەمانتارەکان.

لە هەموو وڵاتانی دنیای دیموکراسیدا ئۆپۆزسیۆن وەک گەنجێکی بزێو وایە، کە بەردەوام لە گفتوگۆو رەخنەگرتنەدایە لە دەسەڵاتی باوکی، دەیەوێت دەسەڵاتی باوکی بە ئاقاری ژیانێکی نوێدا پەلکێش بکات، کە میللەت ویستی لێیەتی، چونکە دەسەڵاتی سیاسیی (بە مانا هۆبزییەکەی) وەک دەسەڵاتی باوک وایە، بۆیە ئەوە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانن کە ناهێڵن باوکسالاریی‌و حیزبسالاریی‌و سەرکردەسالاریی سەر هەڵبدات.


پێویستە ئەم ئۆپۆزسیۆنە بە دوور لە ماناو مەدلوولە حیزبییەکانی خۆیان، بەرنامەیەکی ورد دابنێن بۆ ئەوەی لە ناوەوەو دەرەوەی پەرلەمانیش دەنگی جیاوازی هەبێت، تاوەکو لە چوار ساڵی ئایندەدا هەموو هاوکێشە سیاسییە هاوسەنگەکان تێکبشکێنێت، کە گۆڕەپانی سیاسییان تەنیووە.

ئیدی پەرلەمانی ئەمجارەی کوردستان، پێویستی بە ئۆپۆزسیۆنێکی دەنگە دەنگکەر هەیە، چونکە ئۆپۆزسیۆن چاوی خەڵکە لەناو پەرلەماندا، پێویستە چاو لە کەموکورتییەکانی دەسەڵات نەپۆشێت، بۆیە ئەو چاوەش پێویستە چاوێکی نەترس بێت بۆ ئەوەی پەرمان بکاتە دامەزراوەیەکی ئەکتیڤ‌و کارا.

esmailhuramani@yahoo.com

**لە ئێستا پێویستمان بەوەیە کە ئۆپۆزسیۆنێکی دەنگە دەنگکەر بێتە ئاراوە، هەموو ئەو شەڕو دەنگە نارەزایانەی کە هەبوون ئەم ئۆپۆزسیۆنە نوێیە بیباتە ناو پەرلەمان، ئیدی ئۆپۆزسیۆن لە چاو سوورکردنەوەیەکی دەسەڵات نەترسێت، بەپێچەوانەوە ئۆپۆزسیۆن هەڕەشەیەک بێت بۆ سەر دەسەڵات، ببێتە چاوێکی چاودێر بەسەر کۆی ئەدای سیاسیی پەرلەمان‌و حکومەت، هەموو شەڕەکانی میللەتیش لە پەرماندا یەکلایی ببێتەوە**

# سزا دەدرێن بەوەی پاداشت نەکرێن



هیوا محەمەد

هەموو ئەو سکاڵایانەی کە لەلایەن لیستەکانەوە درایە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، سەبارەت بە بوونی ساختەکاریی زۆر لە هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە (٢٥)ی تەمموز بە چەند وەڵامێکی ناڕاستەوخۆ لە لایەن کۆمسیۆنەوە وەڵامدرانەوە کە دوایەمینیان لەسەر زاری سەردار عەبدول کەریم، ئەندامی کۆمسیۆنی باڵایە، (سایتی سبەی ٢٤-٨-٢٠٠٩) ئەو بەڕێزە دەڵێت: «لیژنەیەک پێکهێنراوە بۆ ئەوەی ژمارەی ئەو فەرمانبەرو بەڕێوەبەری بنکانە بزانێت کە سەرپێچییانکردوە»، هەروەها دەڵێت کە زاندرا بەدوو شێوە سزادەدرێن یەکەمیان ئەوەیە کە پاداشت ناکرێن دووەمیشیان ناوەکانیان بڵاودەکەنەوە بۆ خەڵک تا ئاگاداربن‌و جارێکی دیکەش کۆمسیۆن کاریان پێ ناسپێرێت.

لێرەدا دەڵێین بۆ هەموو ئەو سکاڵایانەو نارەزایی دەربڕینانەی کە درا بە کۆمسیۆن‌و زۆر لایەنی دیکەی جیهانی تازە بە تازە دوای یەک مانگ لیژنە دروستدەکەن بۆ گەڕان بە شوێن کەسەکاندا؟ یاخود کە دۆزرانەوە تەنیا ئەو دوو جۆرە سزایە بەسە بۆ ئەوەی کارێک بکەن جارێکی دیکە سەرپێچی وانەکرێت؟

ئەگەر ئێوە بەو پاداشتە سزایان دەدەن ئەوە زۆر ئاسانەو ئەوان ئەو بڕە پارەیەو پاداشتی دیکەش لە لیستی دەسەڵات وەردەگرن کە کارەکەیان بۆ ئەنجامداون. بۆ سزای دووەمیشتان دەڵێم ئەوان لەمەشیاندا زەرەرمەندنین، چونکە ئەگەر وەک پیشە لەسەر کارەکە دەریان بکەن ئەوە دیسان لای لیستی دەسەڵات بە (تەرفیعەوە) لە شوێنی دیکە کاریان پێدەدەن وەک نازناوو کەسایەتیش ئەوان باکیان نییە خەڵک بیانناسێت یان نا، چونکە ئەوەی دزی لە دەنگ کردووە پێشتر کاری دزی‌و گەندەڵیی لەسەر پارەکردوەو دەشتوانێت بڵێت کۆمسیۆن راستناکات.

لێرەوە پێویستە کۆمسیۆن بێ گاڵتەکردن بە (عەقڵ)و ئیرادەی خەڵک، بێ چاو نوقاندن لە ئاست هەموو ئەو راستیانەی کە خۆشیان باشدەیزانن، ئەو کەسانەی کە ئەو کارەیان کردوە سزابدات بە:

**یەکەم:** ماوەیەک زیندانی،

**دووەم:** سزای پارە،

**سێیەم:** داوای لێبوردن لە هەموو ئەو لیستانە بکەن کە ئەمان فێڵیان لێکردوون‌و ئەوەش روونبکەنەوە کە بە فەرمانی کێ کردویانە، ئەو کات لایەنی پاڵنەریش سزابدرێت بەپێی یاساکانی سزادان لە کۆمسیۆن، تا خەڵکیش بزانێت چ لیستێک بە فێڵ کورسی هێناوە؟

**ئەگەر ئێوە بەو پاداشتە سزایان دەدەن ئەوە زۆر ئاسانەو ئەوان ئەو بڕە پارەیەو پاداشتی دیکەش لە لیستی دەسەڵات وەردەگرن کە کارەکەیان بۆ ئەنجامداون**

The International School of Choueifat - Suleimaniah
Member of the SABIS® School Network

مژدە مژدە....

قوتابخانەی شوەیفاتی نێودەوڵەتی-سلێمانی لەگوندی ئەڵمانی کرایەوە.

ئەم قوتابخانە پرۆگرامی SABIS® پەیڕەو دەکات، کەپرۆگرامێکی هاوچەرخە بنەماکانی زانستە سەردەمییەکان و ماتماتیک بەخۆ دەگرێتەوە.
خوێندن لەم قوتابخانەیە بەزمانی ئینگلیزییەو، مامۆستاکان بیانین.

تۆمارکردن لە١ی ئەیلول دەست پێدەکات لە تەلاری کاتیی قوتابخانە کە دەکەوێتە گوندی ئەڵمانی بۆ پۆلەکانی ١، ٢، ٣ی بنەڕەتی.

بۆ زانیاری زیاتر، پەیوەندی بکە بە تەلەفۆنی ژمارە:
07507299887
07507888080



کۆمپانیای ڕۆژی نوێ بۆ وەبەرهێنانی خانوو بەرە
Rozhi Nwe Co.
www.rozhinwe.net
پرۆژەی ڕۆژ ستی




هەلێکی زێڕین

هاوڵاتی ئازیز ...... دڵنیا بە براوەیت
زووکە,تا درەنگ نەبووە ... لەگەڵ کۆمپانیای ڕۆژی نوێ , گرێبەستێکی ئاڵتوونی ئیمزا بکە .
دەبیتە خاوەنی شووقەیەکی109مەتری , لە جوانترین و باشترین شوێنی شاردا ...



بەبێ ئەوەی باری شانت گران بێت ....
3800 $ بێەو گرێبەستەکە ئیمزا بکە ...
3800 $ کە سەقفی شوقەکەت تێکرا ...
3700 $ کە گەیشتە گەچکاری ...
3700 $ بەدەو کلیلی شوقەکەت وەرگرە
ئەمە هەمووی ئەکاتە 15000$ ....
دواتر : -
25000$ سندووقی نیشتەجێبوون پارەکەی دەدات .... لە ماوەی 10 ساڵیشدا وەریدەگرێتەوە .
10000$ کۆمپانیای ڕۆژی نوێ دەیدات .... ئەویش لە ماوەی 5 ساڵدا وەریدەگرێتەوە ,
بێ خستنە سەری هیچ سوودێک ....
ئۆفیسی کۆمپانیا – فرۆشتنی یەکەکان : تووی مەلیك– بەرامبەر ئامادەیی شەهید جەمال تایەر
بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بە : 053 5777 لە مۆبایلەوە – 5777 لە فۆرماڵەوە / ( 0750 152 1717 – 0771 016 5555 )

ڕۆژنامە
زۆرترین زانیاری دروست لە ئێمە وەربگرە
ڕاستگۆیی بێلایەنی وردبینی


چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩